
# دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی لە ڕوانگەی قورئان و سونەت و سەلەفەوە






١٤٣٧هـ – ٢٠١٥ ز

**ناوی کتێب : دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی**

**لەڕوانگەی قورئان و سوننەت و سەلەفەوە**

**بایەت: فکری .**

**نوسینی : دانا حمەعلیی عبداللە.**

**تایپ : سەیدا قوتبی .**

**دیزاینی بەرگ : أبو عمار .**

**چاپخانە :---------**

**ساڵ** : 2015-2014

# نێوەڕۆك :


* پێشەکی :
* بەشی یەکەم :
- گەشەکردنی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی
- قۆناغی مەککە
- قۆناغی مەدینە
- حکومەتی پێغەمبەر (ص)
- بنەماکانی حکومەتی پێغەمبەر (ص)
* بەشی دووەك :
= دەوڵەتی خیلافەتی ڕاشیدین
- هەڵبژاردنی ئەبوبەکری سدیق (رچ)
- حکومەتی ئەبوبەکری سدیق (رچ)
- بنەماکانی حکومەتی خەلیفە ئەبوبەکری سدیق (رچ)
= هەڵبژاردنی عومەری کوڕی خەتتاب (رچ)
- حکومەتی عومەری کوڕی خەتتاب (رچ)
- بنەماکانی حکومەتی خەلیفە عومەری کوڕی خەتتاب (رچ)
= هەڵبژاردنی عوسمانی کوڕعەففان (رچ)
- حکومەتی عوسمانی کوڕی عەففان (رچ)
- بنەماکانی حکومەتی خەلیفە عوسمانی کوڕی عەففان (رچ)
= هەڵبژاردنی عەلی کوڕی ئەبوتالیب (رچ)
- حکومەتی عەلی کوڕی ئەبوتالیب (رچ)
- بنەماکانی حکومەتی خەلیفە عەلی کوڕی ئەبوتالیب (رچ)
- لەگرنگترین دیاردەکانی حوکمڕانی خەلیفەکانی ڕاشیدین
* بەشی سێیەم
- سیستمی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی
= خەلیفە
- مەرجەکانی کەسایەتی خەلیفە
- کاتی هەڵبژاردن و دانانی خەلیفە
- شێوازەکانی هەڵبژاردن و دانانی خەلیفە
- ئەرکەکانی خەلیفە
- مافەکانی خەلیفە

- دەسەڵاتەکانی خەلیفە
- دەسەڵاتەکانی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی
- گوێڕایەڵی کردنی خەلیفە
- کۆتایهاتنی ماوەی خیلافەت
- هۆیەکانی وەرگرتنەوەی پایەی خیلافەت لەخەلیفە
- شێوازەکانی وەرگرتنەوەی پایەی خیلافەت
* بەشی چوارەم
- شورای دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی
- دامەزراوەی شورا
- ئەنجومەنی حەل و عەقد
- شێوازەکانی هەڵبژاردنی ئەندامانی شورا
- مەرجەکانی ئەندامانی شورا
- ژمارەی ئەندامانی شورا
- ئەرکەکانی شورا
- بنەماکانی تەشریعی شورای دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی
- تایبەتمەندیەکانی شەریعەتی ئیسلامی
- بوارەکانی شورای ئیسلامی
- ماوەی کاتی ڕاوێژ
- سنوری گفتوگۆو ڕاوێژ لەشورای ئیسلامی دا
- ڕادەی پابەندبوون بەبڕیارو پێشنیارەکانی شوراوە
- شورای بابەتە فەرز و بابەتە سوننەتەکان
- ئامانج لەشورا
* بەشی پێنجەم
- ئوممەتی ئیسلامی
- ناساندنی ئوممەتی ئیسلامی
- بنەماکانی ئوممەتی ئیسلامی
- ئەرکەکانی ئوممەتی ئیسلامی
- مافەکانی ئوممەتی ئیسلامی
* بەشی شەشەم
- وڵاتی ئیسلام (دار الاسلام)
- ناساندنی وڵاتی ئیسلام
- مافەکانی موسڵمانان لەووڵاتی ئیسلام دا
- ئەرکەکانی موسڵمانان لەووڵاتی ئیسلام

- هاوڵاتیانی وولاتی ئیسلام
- زیمی
- مافەکانی زیمی
- ئەرکەکانی زیمی
- موستەئمەن
- مافەکانی موستەئمەن
- ئەرکەکانی موستەئمەن
- هێلە سوورەکانی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی
- دووژمنانی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی
-کافرای جەنگاوەر
- پێشنیاری ئایینی ئیسلام بۆ تەواوی مرۆڤایەتی
- تایبەتمەندیەکانی دەڵەتی خیلافەتی ئیسلامی
- تایبەتمەندیەکانی شارستانیەتی ئیسلامی
* بەشی حەوتەم
= ئەزموونی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی
- ئەزموونی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی ئەمەوی
- ئەزموونی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی عەبباسی
- ئەزموونی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی عوسمانی
- هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی عوسمانی
- لەکارخستنی شەریعەت و لادانی خەلیفە
- هەڵوەشاندنەوەی خیلافەت
* بەشی هەشتەم
- فەزڵی شارستانیەتی ئیسلامی بەسەر مرۆڤایەتیەوە
- زانایان و زانستی ئیسلامی
- دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی و گرنگیدانی بەزانست
* بەشی نۆیەم
- بونیاتنانەوەی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی
- بەرەو وەرچەرخان
- موژدەی گەڕانەوەی خیلافەت لەقورئان و سوننەتدا
- هەنگاوەکانی گێڕانەوەی خیلافەت
- ئیسلام ئایینی دەولەت و سیاسەتە
* سەرچاوەکا

# پێشەکی :

## بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان

سوپاس بۆ ئەوخودایەی کەپێغەمبەری خۆی بەنوری هیدایەتەوە ناردووە بۆ مرۆڤایەتی, هەروەك قورئانی دابەزاندووە بۆئەوەی حوکمی پێ بکرێت, تاوەکو دادپەروەری لەنێوان مرۆڤەکاندا بەرپابکات, لەهەمانکات ئاسنی دابەزاندووە بۆسەر رووی زەوی, کەسەرچاوەی هێزو دەسەڵاتەو سودی زۆری تێدایە بۆ مرۆڤەکان . بەڵێنیشیداوە کەپێغەمبەرەکەی و پەیامەکەی سەربخات لەگەڵ هەموو ئەوانەی بەراستی شوێنی دەکەون . کەئەمەش کۆتا پێغەمبەرو دواپەیامی خودایە بۆ مرۆڤایەتی .

دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی, سیستمی سیاسی ئایینی ئیسلامە کەلەسەر بنەمای قورئانی پیرۆزو سوننەتی پێغەمبەر(ص) و هاوەڵانی, دامەزراوە . خیلافەت, چەتری ئوممەتی ئیسلامیە کەتەواوی موسڵمانان لەژێر سایەی یەك خەلیفەو لەژێر دەسەڵاتی یەك دەوڵەت و لەنێو یەك وڵاتداو پێکەوە کۆیاندەکاتەوە . موسڵمانان لەسایەی خیلافەتدا دەبنە خاوەنی هێزو دەسەڵات و شکۆمەندی و دەتوانن حوکمی خودا لەسەر رووی زەوی دا بەرپا بکەن و شەعائیرەکانی ئیسلام بەرز ڕابگرن, هەروەك چۆن پێغەمبەرو هاوەڵانی لەڕابردوودا و لەسەردەمی دەوڵەتی مەدینەو پاشان لەسەردەمی دەوڵەتی خیلافەتی ڕاشیدین و دواتر لەسەردەمی خیلافەتەکانی ئەمەوی و عەبباسی و عوسمانی دا, بەرپایان کردوو مێژوویەکی پڕلە شکۆمەندی و شارستانیەتێکی پێشکەوتوو, هەروەها دەوڵەتێکی پانوپۆڕیان دامەزراند, کەسنورەکەی لەڕۆژهەڵاتەوە درێژببۆوە بۆ ڕۆژئاوا .

دەوڵەتی خیلافەتی لەسەر بنەمای جێنشینی پێغەمبەر(ص), دامەزراوە . واتا لەپاش وەفاتی پێغەمبەر (ص), موسڵمانان ناچاربوون کەسێك لەنێوخۆیاندا هەڵبژێرن و دەستنیشانی بکەن بۆ پایەی خیلافەت, تاوەکو هەستێت بەئەنجامدانی ئەو ئەرکانەی کەپێغەمبەر(ص) لەماوەی ئەزموونی خۆی و لەنێو دەوڵەتشاری مەدینەدا, ئەنجامی داو, چ وەك ڕابەرو پێشەوایەکی ئایینی و چ وەك سەرکردەیەکی سیاسی و سەربازی و ..... هتد . بەمشێوەیە خەلیفەی موسڵمانان لەبری پێغەمبەرو وەك جێنشینی ئەو, درێژەدەدات بەپێشەوایەتی کردنی ئوممەتی ئیسلامی و لەهەمانکات سەرۆکایەتی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی دەکات و لەیەك کاتداو پێکەوە, هەردوو ڕۆڵی ئایینی و ڕابەرایەتی سیاسی بەرجەستە دەکات و کاروباری دیینی و دونیایی موسڵمانان بەڕێوەدەبات لەسەر بنەمای قورئان و سوننەت و ڕێبازی سەلەف .
دەستوری ئەم دەوڵەتە شەریعەتی ئیسلامیەو حاکمیەت و حوکم و یاسادانان, تەنها بۆ خودای گەورەیەو خەلیفەی موسڵمانان, جێنشینی پێغەمبەرەو تەنها حوکم و فەرمانی خودا جێبەجێ دەکات لەسەر بنەمای قورئان و سوننەتی پێغەمبەر(ص) . ناسنامەو هەویەی هاوڵاتیانی ئەم دەوڵەتە (لا اله الله – محمد رسوالله) یە, و پێوەندی نێوانیشیان لەسەر بنەمای ئایەتی (إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ) (الحجرات :١٠) دامەزراوەو ملکەچی و

گوێرایەڵیشیان بۆ خەلیفە, لەسەر بنەمای فەرمانی خوداو پێغەمبەرە(ص), وەك لەم قورئانی پیرۆزدا دەفەرمێت (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ (النساء :٥٩), پێغەمبەریش(ص) جەخت بەسەر گوێرایەڵی کردنیپێشەواو سەرکردەی موسڵمانان دەکاتەوەو دەفەرمێت (من اطاعني فقد اطاع الله ومن اطاعة الامام فقد اطاعني, ومن عصاني فقد عصالله, ومن عصى الامام فقد عصاني) (متفق عليه) .

ئایینی ئیسلام لەسەر بنچینەی ئەم بنەما قورئانی و سوننەتیانە دەوڵەت و ئوممەت و وڵات بونیاتدەنێت, بەجۆرێك کەسەرجەمیان پێچەوانەو دژی پێوەرو بنەماکانی دەوڵەتی جاهیلیەتن . کەتیایدا تاغوت حاکمەو هەواو ئارەزووی ستەمکاران یاساو ڕیسایەو نەتەوایەتی ناسنامەی هاوڵاتیانەوڕەگەزپەرستی بنەمای پێوەندی نێوان هاوڵاتیانەو ناوچەگەرێتی و نیشتیمانپەرستی ئامانجیانە .

ئەم توێژینەوەیەش لەسەر دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی, هەوڵێکە بەئامانجی ناساندنی سیستمی خیلافەت و سەرتاکانی گەڵاڵەبوونیبیرۆکەی دامەزراندنی دەوڵەتی خیلافەت و پاشان گەشەکردنی و دواتر باسکردن لەقۆناغی بونیاتنانی دەوڵەتی مەدینەو هەنگاوەکانی پێغەمبەر(ص) لەوبوارەدا . ئەوجا دێینەسەر قۆناغی دووەمی پرۆسەی دامەزراندنی دەوڵەتی خیلافەتی, کە بەدەستبەکاربوونی خەلیفەکانی ڕاشیدین دەستپێدەکات . لێرەشەوە باس لەو کارو هەنگاوانە دەکەین کە هەرکام لەچوار خەلیفەکەی ڕاشیدین ئەنجامیانداون لەپێناو پتەوکردن و بەهێزکردنی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی .

بەشی سێیەمی بابەتەکەش شیکاری تەواوی پلەو پایەو داودەزگاکانی سیستمی خیلافەت دەکات و دەیانناسێنێت, بەشی چوارەمیش باس لەشورای ئیسلامی و بنەماو بنچینەکانی دەکات, بەشی پێنجەمیش باس لەئوممەتی ئیسلامی و تەواوی ئەو بنەمایانە دەکات کە گەلانی موسڵمانی پێکەوە بەستۆتەوەو وابەستەی کردوون بەیەکدییەوە, هەروەها بەشی شەشەمیش باس لەووڵاتی ئیسلام (دار الاسلام) دەکات لەگەڵ هەموو ئەو ئایین و ئایینزایانەی کەلە وڵاتی ئیسلامی داو لەژێر سایەی دەوڵەتی خیلافەتدا دەژین, لەگەڵ ماف و ئەرکەکانیان . پاشان باس هێڵە سورەکانی دەوڵەتی خیلافەت و تایبەتمەندیەکانی ئەم سیستمە ئیسلامیە و شارستانیەتی ئوممەتی ئیسلامی دەکات .

بەشی حەوتنەمی توێژینەوەکەش باس لەئەزمونی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامیدەکات لەسەردەمی ئەمەوی و عەبباسی و عوسمانی, تاوەکو هەڵوەشاندنەوەی لەساڵی 1924ز لەسەردەستی عەلمانیەکانی تورکیا بەسەرۆکایەتی کەمال ئەتاتورك و بەپیلان و پاڵپشتی خۆرئاواو لەسەرو هەموشیانەوە دەوڵەتی ئینگلیز .

بەشی هەشتەمی توێژینەوەکەش باس لەفەزڵی شارستانیەتی ئیسلامی و موسڵمانان دەکات بەسەر تەواوی مرۆڤایەتیەوە, بەتایبەتیش خۆرئاواییەکان, لەهەمانکات باس لەدەستکەوتە زانستیەکانی شارستانیەتی ئیسلامی و زانا نێودارەکانی ئەم ئوممەتە دەکات .

بەشی نۆیەمیش باس لەبونیاتنانەوەی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی دەکات, لەهەمانکات بەڵێن و مووژدەکانی خودای گەورەو پێغەمبەر(ص) کە لەقورئان و فەرموودەدا هاتوون لەوبارەیەوە پێش چاو, پاشان ئەو هەنگاوانەش ڕووندەکاتەوە کەپێویستە موسڵمانان پێڕەوی لێ بکەن لەپێناو دووبارە بونیاتنانەوەی دەوڵەتی

خیلافەتی ئیسلامی, تاوەکو موسڵمانان لەم ڕەوشە ناهەموارو دزێـوەی ئـەمڕۆ ڕزگاریـان ببێـت و سـەردەمی ژێردەستەیی و پەرتەوازەیی و پاشاگەردانی ئوممەتی ئیسلامی کۆتایی پیٚ بێت, کەزیاد لەسەدەیەك و پترە باڵی ڕەشی بەسەر ئەم ئوممەتەدا کێشاوەو لەسایەی ئەم هەلومەرجە نالـەبارەدا ئوممـەتی ئیسـلامی کەقـەرمانڕەوای سەر ڕووی زەمین بوو, بۆتە گەلانێکی پەرتەوازەی لێکترازاوی زەبوون و زەلیلی پاشکۆی خۆرئـاوا, موسـڵمانان کـەخاوەنی پێشـکەوتن و شارسـتانیەت بـوون, لـەمڕۆداو لەسـایەی ئـەم پاشـاگەردانی و پەرتـەوازەیی و پاشکۆیەتیەدا, بوونەتە دوواکەوتووترین خەڵکانی سەر ڕووی زەمین . وولاٚتانی ئیسلام و ڕۆژهەلاٚت کەنموونـەی شارستانیەت و پێشکەوتن و ڕەمزی دەسەلاٚت و شـکۆمەندی بـوو, لـەمڕۆداو لەسـایەی ئـەم ڕەوشـەدا بۆتـە ناوچەیەکی وێران و دواکەوتوو, لەهەمانکات بۆتە مەیدانی تەراتێنی خاچپەرستان و جولەو نۆکەرانی عەلمانی . هەر ئەمەش وای کردووە کەتەواوی گەلانی موسڵمانی جیهان و بەتایبەت ڕۆژهەلاٚت, هەوڵی بەنیاتنانـەوەی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسـلامی بـدەن و کـاربۆ پێکهێنانـەوەی ئوممـەتی ئیسـلامی و دامەزراندنـەوەی وولـاتی ئیسلامی بکەن .

# بەشی یەکەم :

## گەشەکردنی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی :

## کارەکانی پێغەمبەر لەیەسریب (مەدینە) :

## حکومەتی پێغەمبەر :

## بنەکانی حوکمڕانی حکومەتی پێغەمبەر(ص) :

## کۆتاییهاتنی دەوڵەتی پێغەمبەر (ص) :

## گەشەکردنی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی :

دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی, ئەو سیستم و دەزگایەیە کەپێغەمبەر محمد(ص) لەبەر ڕۆشنایی سروش (وەحی) خودایی بونیاتی نا, وەك کیانێکی ئایینی و سیاسی و سەربازی ... هتد, تاوەکو موسڵمانان لەژێر سایەی دەوڵەتی ئیسلام و لەنێو وولاتی ئیسلام و لەچوارچێوەی ئوممەتی ئیسلام, بەعیززەت و شکۆمەندیەوە, مومارەسەی ئایینەکەیان و کاروچالاکیەکانی ژیانیان بکەن و ژیارو شارستانیەتی خۆیان بونیاتبنێنن, لەهەمانکات پەیام و بانگەوازی خودایی بڵاوبکەنەوە .

## دامەزراندنی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی :

پرۆسەی دامەزراندنی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی, بەدوو قۆناغی دژوار دەستی پێکرد, کەبریتین لەقۆناغی مەککەو پاشان قۆناغی مەدینە, کەلێرەدا باس لەهەردوو قۆناغەکە دەکەین :

### قۆناغی مەککە :

یەکەمین دەنگدانەوەی ئایینی ئیسلام لەشاری مەککە بوو, هەروەك زێدی پێغەمبەرو ژوانگەی دابەزینی وەحی خودایی بوو بۆسەر پێغەمبەرەکەی(ص) . بۆیە پێغەمبەر(ص) لەنێو شاری مەککەی پیرۆز دەستی بەبڵاوکردنەوەی بانگەوازی ئیسلامی کرد (1), لەسەر فەرمانی خودای گەورەش سەرتا لەخزمان خوێشانی خۆیەوە دەستی پێکرد, وەك لەقورئانی پیرۆزدا فەرمانی پێکرا (وَأَنْذِرْ عَشِيرَتَكَ الْأَقْرَبِينَ)(2) . ئیدی پێغەمبەر بەنهێنی و بەئاشکرا کەوتە بانگکردنی خەڵکی و بەتاك تاك و بەکۆمەڵ کۆمەڵ, بەڵام ڕووبەڕووی بەرەنگاری سەخت بۆوە چ لەلایەن خزمانی و چ لەلایەن قورەیشەوە, بۆیە تەنها شومارێکی کەمی خەڵکی بانگەوازەکەیان پەسەندکرد, کەئەوانیش لەپاش ئاشکرابوونیان لەلایەن لەلایەن خزمانی خۆیان و هروەها لەلایەن هۆزی قورەیشەوە ڕووبەڕووی ئازارو ئەشکەنجەی سەخت بوونەوەو هەندێکیشان لەژێر کاریگەری سزاو ئەشکەنجەی قورەیشیەکاندا, شەهید بوون . لەپاشتر پێغەمبەرو شوێنکەوتوەکانی ڕووبەڕووی گەمارۆی قورەیش بوونەوەو هەموو پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی و ئابوریان لەگەڵ پچڕاندن و لەشاری مەککەش دووریانخستنەوە بۆ شیوی ئەوتالیب .(3)

بۆڕزگارکردنی موسڵمانان لەئەشکەنجەو ئازارو گەمارۆی قورەیش, لەهەمانکات بۆ دەربازکردنی بانگەوازی ئیسلامی لەو دۆخە دژوارو چەقبەستوییەی کەبەهۆی قورەیشەوە ڕووبەڕووی ببۆوەو ئایینی ئیسلامی لەشاری مەککەدا قەتیس کردبوو, پێغەمبەر(ص) بیری لەدۆزینەوەی پەناگایەکی ئارام بۆموسڵمانان و بۆپشتیوانێکی باش بۆ ئایینی ئیسلام کردەوە . لەم پێناوەشدا پێغەمبەر(ص) ڕووی لەشاری (تائف) کردو بانگەوازی ئیسلامی بەخەڵکی ئەو شارە ڕاگەیاند, بەڵام ئەوان ڕەتیانکردەوە, لەهەمانکات پێغەمبەر(ص) هەندێك لەموسڵمانی نارد بۆ (حەبەشە) تاوەکو لەسزای قورەیش ڕزگاریان ببێت و پشویەك بدەن .

---

(1) الخلافة الاسلاميةبين النظم الحكم المعاصرة-جكال احمد السيد جاد المراكبي-ل13 .
(2) القران الكريم-سورة الشعراء-الاية-214 .
(3) مجموعة الوثائق السياسية للعهد النبوي والخلافة الراشدة-محمد حميدالله الحيدر ابادي هندي-ل44-مكتبة الشاملة .

گەرچی پێغەمبەر(ص) لەهەوڵ و تەقەلاکانی دا ڕووبەڕووی دژایەتی سەخت و کۆسپ و لەمپەری گەورە دەبۆوە, بەڵام سەرباری هەموو ئەو دژواریانە, مکۆم بوو لەسەر بەردەوامیدان بەکارەکەی و لیبڕاوانەش ڕووی لەهەموو کەس و لایەك دەناو پەنای بۆهەر هۆزو شارێك دەبرد تاوەکو پشتیوانی لێ بکەن و کۆمەکی بکەن لەسەرخستنی ئیسلام و بەدیهێنانی ئامانجە باڵاکەی . ئەوەبو لەدواجارداو لەدرێژەی هەوڵەکانی دا توانی پشتیوانی ڕاستەقینەی ئایینەکەی بدوزێتەوەو پەناگایەکی بەهێزو پتەو بۆخۆیی و موسڵمانان و بۆ بانگەوازی ئیسلامی دابمەزرێنێت, کەئەویش شاری (مەدینە) ی پیرۆز بوو . ئیدی لێرەوە قۆناغی دووەمی پرۆسەی دامەزراندنی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی دەستی پێکرد .

قۆناغی مەدینە :

لەدەمی حەج و هاتنی وەفدی هۆزەکانی جزیرەی عەرەب بۆ تەوافی کەعبەی پیرۆز, پێغەمبەر(ص) لەعەقەبە چاو بەکەسێك دەکەوێت لەهۆزی خەزرەج و ئیسلامی پێڕادەگەنێت, ئەویش موسڵمان دەبێت . پاشان دەگەڕێتەوە بۆ یەسریب و ئایینی ئیسلام بۆتەواوی هۆزەکەی و زۆرێك لەخەڵکی شار بەیاندەکات و شومارێکی بەرچاو لەدانیشتوانی یەسریب موسڵمان دەبن, بۆساڵی دواترو لەسەروەخی حەج دا دێن بۆخزمەت پێغەمبەر(ص) .

بەیعەتی عەقەبەی یەکەم : لەساڵی دوازدەی پێغەمبەرایەتی دا, وەڤدی یەسریب دێن بۆ مەککە (4), دوازدە کەس لەپیاوان و ئافرەتانی یەسریب دێن بۆخزمەت پێغەمبەرو موسڵمانبوونی خۆیان ڕادەگەیەنن و پەیمان لەگەڵ پێغەمبەر دەبەستن لەسەر پابەندبوون ببەئایینی ئیسلام و بنەماکانی (5), لەپاش گەڕانەوەیان بۆ یەسریب, ئەم پۆلە موسڵمانە بانگەوازی ئیسلامیان پەرەپێداو توانیان شومارێکی بەرچاو لەدانیشتوانی یەسریب بەئیسلام ئاشنا بکەن دواتر بەهۆی بانگەوازی ئەوانەوە موسڵمان بن . بۆیە لەساڵی دواترو لەدەمی حەج داو لەگەڵ خۆیان, ئەوانیش دێنن بۆخزمەت پێغەمبەر(ص) تاوەکو پەیمانی لەگەڵ ببەستن .

بەیعەتی عەقەبەی دووەم :لەساڵی سیازدەی پێغەمبەرایەتی دا, وەڤدی یەسریب دێن بۆخزمەتی پێغەمبەر (6), لەعەقەبە کەشوێنێکەلەنزیك مەککە چاویان بەپیغەمبەر دەکەوێت, ئەم وەڤدە کەپێکهاتبوو لەحەفتاو سێ پیاوو دوو ژن, بەڵێنی گوێڕایەڵی و پشتیوانی بەپێغەمبەر(ص) دەدەن, ئەم وەڤدەپێکهاتبوو لەخەڵکانی هەردوو هۆزی ئەوس و خەزرەج, کەدوو هۆزی گەورەی شاری یەسریب بوون . ئامادەییان نیشاندا بۆ لەخۆگرتنی موسڵمانان و پارێزگاریکردن لەپێغەمبەر(ص), لەهەمانکات بۆسەرخستنی ئیسلام (7)

کۆچکردن بۆ یەسریب :

پاش بەڵێنی یەسرییبەکان, پێغەمبەر(ص) فەرمانی بەموسڵمانان کرد کە کۆچ بکەن بۆشاری یەسریب,

---

(4) محمد صل الله علیە وسلم ڕێبازی ژیانە-ڕێکخراوەی ڤوتابیانی کوردستان-kso-ل8 .
(5) نور اليقين في سيرة سيد المرسلين-الشيخ محمد الحضري بك-ل85 .
(6) نظام الحكم في الشريعة والتاريخ الاسلامي-ظافر القاسمي-ل27 .
(7) التحالف السياسي في الاسلام-منير محمد الغضبان-ل59-60 .

لەدواجاریش پیغەمبەر(ص) لەگەڵ ئەبوبەکری سدیق و لەساڵی چواردەی پێغەمبەرایەتی دا, کۆچی کرد بۆشاری یوسریب .(8)

**کارەکانی پێغەمبەر لەشاری یەسریب (مەدینە) :**

- گۆڕینی ناوی یەسریب بە مەدینە .
- دروستکردنی برایەتی لەنێوان هۆزی ئەوس و هۆزی خەزرەج دا .
- دروستکردنی مزگەوتی مەدینە .
- نوسینەوەی پەیماننامەی مەدینە, کە مافی تەواوی دانیشتوانی شاری مەدینەی تێدا ڕەچاوکرابوو بەموسڵمانانی و موهاجیرو ەنسارو جولەکەو نەسرانی و.... هتد .
- بەڵێنی پارێزگاریکردنی مەدینەی داو ئەوەشی بەئەرکی هەمووڵایەك دانا, هەربۆیە جولەکەو باقی دیانەکانیشی لەوەدا بەشدار کرد .
- بڕیاری چەسپاندنی دادپەروەری و بەرەنگاربوونەوەی ستەم و بەرگریکردن لەچەوساوەو بەرەنگاربوونەوەی دەستدرێژکارانی دا .(9)

**حکومەتی پێغەمبەر(ص) :**

لەڕاستی دا پێغەمبەر(ص) لەشاری مەدینەدا حکەمەتێکی سەرەتایی بەپێی شێوازی ژیانی باوی ئەو سەردەمە, پێکهێناو بۆهەر ئەرکێك کەسی شیاوی هەڵبژاردو بۆهەر کارێك ڕێکخستنی شیاوی دارشت و بەپێی پیلان کاروبارەکانی شاری مەدینەی ڕێکخست . بەم شێوەیە پێغەمبەر (ص) حکومەتێکی سەرەتایی پێکهێنا, کە کاربەدەستانی دامەزراوەکانی بریتی بوون لە :

*** کاروباری نێوخۆ :**

- ڕاوێژکار : پیغەمبەر(ص) ئەبوبەکری سدیق و عومەری کوڕی خەتتابی وەك ڕاوێژکار دەستنیشانکرد بوو, لەکاروبارەکانی دا ڕاوێژی پیدەکردن .
- وەزارەت : پێغەمبەر(ص) ئەبوبەکری سدیق و عومەری کوڕی خەتتابی وەك وەزیر دەستنیشانکردبوو, وەك لەفەرمودەیەکی دا دەفەرمێت (وزيراً من اهل الارض ابوبكر و عمر) .
- نهێنی پارێز : پێغەمبەر(ص) حوزەیفەی کوڕی یەمانی وەك نهێنی پارێزی خۆی دەستنیشان کردبوو .
- پەروەردەو فێرکردن : پێغەمبەر(ص) عوبادەی کوڕی سامتی دەستنیشانکردبوو بۆئەوەی خەڵکی شاری مەدینە فێری خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز بکات, ئەمەجگەلەوەی کە زۆرێك لە دیلەکانی غەزای بەدری ئازادکرد بەومەرجەی کە هەریەکەیان دە منداڵی مەدینە فێری خوێندن بکەن .
- چاودێری بازاڕ (محتسب) : پێغەمبەر(ص) سەعدی کوڕی عاسی وەك سەرپەرشتیاری بازاڕی مەککە دەستنیشانکرد, ئەوەش لەپاش فەتحی مەککەی پیرۆز .

---

(8) محمد صل الله عليه وسلم ڕێبازی ژیانە-ڕێکخراوەی قوتابیانی کوردستان-kso-ل9 .

(9) نظام الحكم في الشريعة والتاريخ الاسلامي-ظافر القاسمي-ل37-43 .

- گرتوخانە (سجن) : پێغەمبەر(ص) فەرمانی بەزیندانی کردنی چەند کەسانێك کردووە, لەوانیش ژنێکی ئەنساری و خوشکی عەدی کوڕی حاتەم و .... هتد .
- پاسەوانیکردنی سنورەکان و گرتن و گێڕانەوەی تاوانباران : پێغەمبەر(ص) علی کوڕی ئەبوتالیب و محمدی کوڕ مسلمەی ڕاسپارد تاوەکو بەوکارە هەستن .
- وەرگرتنی جزیە : پێغەمبەر(ص) ئەبو عوبەیدەی حەرڕانی ڕاسپارد بۆ وەرگرتنی جزیە, هەروەك ناردی بۆ بەحرەین, لەهەمانکات موعازی کوڕی جەبەلی نارد بۆ یەمەن, هەڵبەت پێش موسڵمانبوونی حەڵکی ئەو دوو وولاتە .
- کارمەندی وەرگرتنی زەکات : عومەری کوڕی خەتاب لەیەکەمین بەرپرسانی ئەوکارە بوو, زوبێری کوڕی عەوامیش نوسەری بوو .
- تەخمین کاران : ئەوانەی هەدەستان بەدیاریکردنی بڕی زەکات, پێغەمبەر(ص) عبداللەی کوڕی ڕەواحەو جباری کوڕی سحری بۆئەو کارە هەڵبژارد .
-دادگا : خودی پێغەمبەر دادوەری نێوان خەڵکی شاری مەدینەی دەکردو گرفتەکانی بەپێی فەرمانی خودای گەورە یەکلایی دەکردەوە .
- تۆمار : پێغەمبەر(ص) عوسمانی و علی ڕاسپارد بۆ نوسینەوەی وەحی, لەهەمانکات دووجێگری دیاریکرد بۆ هەریەکەیان, تاوەکو لەکاتی ئادەنەبوونی ئەوان جێگرەکانیان کەبریتی بوون لە ئوبەی کوڕی کعب و زیدی کوڕی سابت ئەرکەکانی ئەوان ڕاپەڕێنن .
- نامەکان : پێغەمبەر(ص) ئوبەی کوڕی کعب و زەیدی کوڕی پابتی ڕاسپارد بۆنوسینی نامەکانی کەدەینارد بۆسەرۆك دەوڵەت و هۆزو کەسایەتیەکان .
- پەیماننامەکان : پێغەمبەر(ص) علی کوڕی ئەبوتالیب و عامری کوڕی فوهەیرەو ئەبوبەکری سدیقی ڕاسپارد بۆئەو کارە .
- مۆر : پێغەمبەر(ص) خاوەنی مۆری تایبەت بەخۆی بوو, لێی نوسرابوو (محمد رسوالله), کە موعیقیبی کوڕی فاتمەی دووسی دەی پاراست .(10)

❊ کاروباری دەرەکی :
- نێردراو (سفی) : پێغەمبەر(ص) نێردراوی خۆی بەنامەو پەیامی خوداوە دەنارد بۆلای پاشاو فەرمانڕەوایانی وولاتان, لەنموونەی ئەو نێردراوانەش :
= دوحیەی کوڕی کلبی نارد بۆلای هرقلی پاشای ڕۆم .
= عبداللهی کوڕی حوزەیفەی نارد بۆلای کیسرایی پاشای فارس .
= عومەری کوڕی ئومەیەی زمیری نارد بۆلای نەجاشی پاشای حەبەشە .
= حاتەبی کوڕی ئەبی بەلتەعەی نارد بۆلای مقەوقیسی پاشای میسر .
= شوجاعی کوڕی وهبی نارد بۆلای حارسی فەرمانڕەوای شام .

(10) نظام الحكم في الشريعة والتاريخ الاسلامي-ظافر القاسمي-ل47-50 .

= عومەری کوڕی عاسی نارد بۆلای جیفرو عبادی کوڕی جلندی فەرمانڕەوای عومان .

= سولەیمی کوڕی عمروی نارد بۆلای هوزەی کوڕی علی خاوەنی یەمامە لەنەجد .

= عەلائی کوڕی حزرەمی نارد بۆلای منزیری کوڕی ساوی فەرمانڕەوای بەحرەین .(11)

= نێردەی ئاشتی : پیغەمبەر(ص) خراشی کوڕی ئومەیەی خوزاعی نارد بۆ شاری مەککە بۆلای قورەیش .

= نێردەی دڵنیایی (امان) : پێغەمبەر(ص) ئەمانی بەخشیوەتە نەیارانی ئیسلام, هەروەك سەفوانی کوڕی ئومەیە ئەمانی بەخشیە عمیری کوڕی وهب, پێغەمبەریش پەسەندی کردو دڵنیایی پێ بەخشی .

= وەرگێڕ : پێغەمبەر(ص) زیدی کوڕی سابتی دەستنیشانکرد بۆئەوکارە, لەو زمانانەشی کەکاری وەرگێرانی لەسەر کردووە, زمانی فارسی و ڕۆمی و قیبتی و حەبەشیە .

= نامە (پەیام) : هەموو ئەو نامانە دەگرێتەوە کەپێغەمبەر(ص) ئاڕاستەی پاشاو قەیسەرو فەرمانڕەواو سەرۆك هۆزو کەسایەتیەکانی کردووە .(12)

※ کاروباری سەربازی :

= ڕاگەیەنەری جەنگ : کە جاڕی جەنگی دەداو سوپای کۆدەکردەوەو دەیخستنە حاڵی ئامادەباشیەوە .

= ئاڵاهەڵگر : هەریەکە لە ئەبوبەکرو عومەرو علی ئاڵای سوپای ئیسلامیان هەڵگرتووە, عوبیدەی کوڕی حارس یەکەم ئاڵاهەڵگری پێغەمبەر بوو .

= بەشەکانی سوپا : سوپای ئیسلام دابەشکرابوو بەسەر پێشەنگ و ڕاست و چەپ و دواوە یاخود لێخوڕ, هەربۆیە بەسوپای پێنجی ناسرابوو .

= چاوساغ و پێشەنگ : کە هەر فیرقەیەك پێشەنگ و چاوساغی تایبەت بەخۆیی هەبوو, ڕێنمایی دەکرد .

= دروستکارانی چەك : کە ئەرکی دروستکردن و دابینکردنی چەك و تفاقی سوپای ئیسلامیان لەئەستۆدا بوو .

= سیخوڕ : کە ئەرکی چاودێریکردنی دوژمن و کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر جموجوڵ و چالاکی و توانای سەربازی و ژمارەی سەربازان و جۆری چەکەکانیان لەئەستۆدا بوو .

= بەکارهێنانی وورەبەرزکەرەوان : کە خەڵکانی شاعیرو زوبان پاراو, هانی جەنگاوەرانیان دەداو وورەیان بەرز دەکردنەوە .

= چەك و کەرەستەی سەربازی : بەکارهێنانی هەموو جۆرە چەکێکی ناسراوی ئەو سەردەمە, لەنمونەی مەنجەنیق و دەبابەو ... هتد .(13)

---

(11) التمثيل السياسي في عهد النبوي-د. مبارك المعبدي الحربي-ل3 .

(12) نظام الحكم في الشريعة والتاريخ الاسلامي-ظافر القاسمي-ل50-51 .

(13) نظام الحكم في الشريعة والتاريخ الاسلامي-ظافر القاسمي -ل51-52 .

**بنەماکانی حوکمڕانی حکومەتی پێغەمبەر (ص) :**

**= ئازادی : گرنگترین بنەمای سستمی سیاسی ئیسلامیە, ئیسلام پێداگری دەکات لەسەر ئازادی مرڤەکان لەهەر کۆت و بەندێکی جاهیلی و جەخت لەسەر ئازادی کەسی و ئازادی باوەڕو ئازادی کۆمەڵایەتی و ئازادی ئابووری و هید .... دەکاتەوە, هەروەك لەقورئانی پیرۆزدا پێداگری لەسەر ئەم کراوە . لەنمونەی ئەو ئازادیانەش کە ئیسلام دەستەبەری کردوون بۆ مرۆڤەکان :**

**= ئازادی ئایینی, خودای گەورە لەوبارەیەوە دەفەرمێت** (لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ)(14), **بۆیە لەئیسلام دا تەواوی مرۆڤەکان سەربەستن لەموسڵمانبوون یاخود نا, وەك لەسورەتی (کهف) دا خودای گەروە دەفەرمێت** (فَمَنْ شَاءَ فَلْيُؤْمِنْ وَمَنْ شَاءَ فَلْيَكْفُرْ )(15)

**= ئازادی سیاسی : پێغەمبەر(ص) لەساڵی شەشەمی هیجری دا بەڕێکەوت بۆ شاری مەککەی پیرۆز بۆ ئەنجامدانی عومرە, لەڕێگاداو لەشوێنێك کە بە (حودەیبیە) ناسراوە لادەدەن و عوسمانی کوڕی عەففان دەنێرێت بۆلای سەرانی قورەیش تاوەکو ئاگاداریان بکات کەبۆ جەنگ نەهاتوون, بەڵکو بەمەبەستی ئەنجامدانی عومرە هاتوون, قورەیش کەسێکیان بەنێوی سوهەیلی کوڕی عومرو دەنێرن بۆلای پێغەمبەر بۆ ڕێککەوتن بەمەرجی گەڕانەوەی پێغەمبەرو هاوەڵانی بۆ مەدینەو دواخستنی عومرەکەیان بۆساڵی داهاتوو, پێغەمبەر(ص) ڕازیدەبێت و ڕێککەوتنی (حودەیبیە) ئەنجام دەدات لەگەڵ قورەیش کە لەیەکێك لەمەرجەکانیدا هاتووەو دەڵێت (گەر هاتوو یەکێك لەقورەیش بەبێ ڕەزامەندی گەورەو خاوەنەکەی موسڵمان بوو, ئەوا دەبێت محمد پێغەمبەر وەری نەگرێت و پەنای نەداو بیگێڕێتەوە بۆ قورەیش, بەڵام ئەگەر هاتوو موسڵمانێك لەئایینی ئیسلام پاشگەزبوویەوە, ڕێگری لێ نەکرێت)**(16) .

**= ئازادی ئابووری : تاکەکان سەربەستن لەمومارەسەکردنی کاروباری ئابووری چالاکی بازرگانی دا .**

**= ئازادی کۆمەڵایەتی : تاك خاوەنی خۆی بوو, چ نێرو چ مێ و بۆخۆیان بڕیاریان لەسەر ژیانی خۆیان دەدا .**

**= شوراو ڕاوێژکردن : یەکێکی لەبنەما گرنگەکانی ئایینی ئیسلام, خودای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا فەرمانی بەپێغەمبەرو موسڵمانان کردووە بەئەنجامدانی ڕاوێژو مەشۆرەتکردن لەکاروبارەکاندا, وەك لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرمێت** (وَالَّذِينَ اسْتَجَابُوا لِرَبِّهِمْ وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَأَمْرُهُمْ شُورَى بَيْنَهُمْ )(17), **لەئایەتێکی دیکەدا دەفەرمێت** ( لَهُمْ وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ)(18), **هەربۆیە پێغەمبەر(ص) لەماوەی ئەزموونی خۆی لەشاری مەدینەو لەکاروبارەکانی حکومەتەکەی دا, زۆرترین ڕاوێژی بەهاوەڵانی کردووە, لەنموونەی ئەو پرس و ڕاوێژانەی پێغەمبەر(ص) کە ئەنجامی داوەن, بریتین لە :**

**- پرس و ڕاوێژکردن بەهاوەڵان دەربارەی غەزای بەدر .**

**- پرس و ڕاوێژکردن بەهاوەڵان دەربارەی غەزای ئوحد .**

**- پرس و ڕاوێژکردن بەهاوەڵان دەربارەی غەزای ئەحزاب .**

---

(14) القران الكريم-سوره البقره-الايه-252 .

(15) القران الكريم-سوره الكهف-الايه-29 .

(16) نظام الحكم في الشريعة والتاريخ الاسلامي-ظافر القاسمي -ل53-56 .

(17) القران الكريم-سوره الشەرى-الايە38 .

(18) القران الكريم-سوره ال عمرا-الايه-159 .

- پرس و ڕاوێژکردن بەهاوەڵان دەربارەی ڕێککەوتنی حودەیبیە .
- پرس و ڕاوێژکردن بەهاوەڵان دەربارەی غەزای تەبوك .(19)
- پرس و ڕاوێژکردن بەهاوەڵان دەربارەی فەتحی مەککە .
- پرس و ڕاوێژکردن بەهاوەڵان دەربارەی غەزاوەی حونەیین .(20)

= دادگەری لەبەرامبەر هەموان : پێغەمبەر(ص) وەك سەرکردەو پێشەوای موسڵمانان و بەرپرسی کاروباری مەدینە, لەسەر بنەمای وەحی و بەپێی بەنامەی خودای گەورە, دادوەری لەنیوان هاوڵاتیانی مەدینەدا بەرقەراکردووەو مافی بۆ چەوساوەکان دەسەندو سزای عادیلانەی دەستدرێژکارانی دەدا .

= ئاشتی پێکەوە ژیان : پێغەمبەر(ص) لەسەر بنەمای بەڵگەنامەی مەدینە, هەوڵی دەستەبەرکردنی ئاشتی و پێکەوەژیانی دەدا لەنێوان تەواوی پێکهاتە جیاوازەکانی شاری مەدینەی پیرۆزدا .

کۆتاییهاتنی دەوڵەتی پێغەمبەر (ص) :

پاش بیستە و سێ ساڵ تێکۆشان و فیداکاری, پاش ماندووبوون و شەونخونی بەردەوام, تەنها لەپێناوی گەیاندنی بەرنامەی خودای گەورە, لەچێشتەنگایەکی گەرمی ڕۆژی دووشەممەی ڕەبیعی یەکەمی ساڵی یانزەی کۆچی و لەتەمەنی شەست و سێ ساڵیدا, پێغەمبەری خودا(ص) نەخۆش کەوت و ماوەی نەخۆشیەکەی چوارده ڕۆژی خایاندو لەماڵی خاتوو عائیشە گیانی پاکی بەرەو فیردەوس گەڕایەوە .(21)

بەرلەوەفاتی و لەماوەی ژیانی لەنێو هاوەڵانی, پێغەمبەر(ص) چەندین جار وەسفی ئەبوبەکری سدیقی کردووەو وەك باشترینی هاوەڵانی دەستنیشانی کردووە, لەپاش ئەویش وەسفی عومەری کوڕی خەتتابی کردووەو داوای لەموسڵمانان کردووە کە لەپاش خۆی شوێنی ئەبوبەکرو عومەر بکەون, هەروەك پێغەمبەر(ص) لەفەرموودەیەکانی دا ئاماژەی پێداوەو دەفەرمێت (اقتدوا باللذين من بعدي, ابي بكر و عمر) .(22) هەروەها پێغەمبەر(ص) لەفەرموودەیەکی دیکەی دا فەرمان بەموسڵمانان دەکات کە شوێنی ئەبوبەکری سدیق بکەون, وەك دەفەرمێت (مروا ابابكر فليصل بالناس) .(23)

پێغەمبەر(ص) لەکاتی نەخۆشیەکەی دا, فەرمانی بەئەبوبەکری سدیق کرد کە پێشنوێژی بۆ موسڵمانان بکات, هەربۆیە لەماوەی نەخۆشیەکەی پێغەمبەر(ص), ئەبوبەکری سدیق جگەلە پێشنوێژی کردن بۆ موسڵمانان, سەرپەرشتیاری کاروباری موسڵمانانی دەکردو جەیشی موسڵمانی بەڕێخست . هەموو ئەمانەش ئاماژەبوون بۆ شیاویەتی ئەبوبەکری سدیق, تاوەکو موسڵمانان لەپاش پێغەمبەر(ص) شوێنی بکەون و وەك خەلیفەی خۆیان هەڵی ببژێرن و کاروباری خۆیانی پی بسپێرن .

---

(19) الشورى فريضة اسلامية-علي محمد محمد الصلابي-ل20-36 .
(20) الشورى في الشريعة الاسلامية-قاضي حسين بن محمد المهدي-ل171-176 .
(21) محمد صلى الله عليه وسلم ڕێبازی ژیانە-ڕێکخراوەی قوتابیانی کوردستان-kso-ل11 .
(22) اخرجة الترمذي و ابن ماجة .
(23) صحيح مسلم .

## بەشی دووەم :

دەوڵەتی خیلافەتی ڕاشیدین :

هەڵبژاردنی ئەبوبەکری سدیق :

حکومەتی ئەبوبەکری سدیق :

بنەماکانی حوکمڕانی خەلیفە ئەبوبەکری سدیق :

کۆتاییهاتنی خیلافەتی خەلیفە ئەبوبەکری سدیق :

هەڵبژاردنی عومەری کوڕی خەتتاب :

حکومەتی عومەری کوڕی خەتتاب :

بنەماکانی حوکمڕانی خەلیفە عومەری کوڕی خەتتاب :

کۆتاییهاتنی خیلافەتی خەلیفە عومەری کوڕی خەتتاب :

هەڵبژاردنی عوسمانی کوڕی عەففان :

حکومەتی عوسمانی کوڕی عەففان :

بنەماکانی حوکمڕانی خەلیفە عوسمانی کوڕی عەففان :

کۆتاییهاتنی خیلافەتی خەلیفە عوسمانی کوڕی عەففان :

هەڵبژاردنی عەلی کوڕی ئەبوتالیب :

حکومەتی عەلی کوڕی ئەبوتالیب:

بنەماکانی حوکمڕانی خەلیفە عەلی کوڕی ئەبوتالیب :

کۆتاییهاتنی خیلافەتی خەلیفە عەلی کوڕی ئەبوتالیب :

لەگرنگترین دیاردەکانی حوکمڕانی خەلیفەکانی ڕاشیدین :

دەوڵەتی خیلافەتی ڕاشیدین :

هەڵبژاردنی ئەبوبەکری سدیق : لەپاش وەفاتی پێغەمبەر(ص), ئەنسارەکان لەکەپری بەنی ساعیدە کۆببوونەوە, موهاجیرینیش لەدەوری ئەبوبەکری سدیق بوون . دواتر ئەبوبەکری سدیق و چەند هاوەڵێك چوون بۆلای ئەنسارەکان و لەکەپری بەنی ساعیدە کەوتنە ڕاویژو گفتوگۆ لەسەر هەڵبژاردن و دیاریکردنی خەلیفەی موسڵمانان, دواجار لەسەر هەڵبژاردنی ئەبوبەکری سدیق ڕێککەوتن و لەڕۆژی دووشەممەی دوانزەی (ربیع الاول) ئەنسارو موهاجیر بەیعەتیان پێ دا .(24)

موسڵمانانی ئەنسارو موهاجیر بەشوراو ڕاوێژکردم بەیەکدی, خەلیفەی موسڵمانانیان دەستنیشانکردو هەڵیان بژارد, ئەوەش لەسەر بنەمای قورئانی پیرۆز کەفەرمان بەشورا دەکات و دەفەرمێت (وَالَّذِينَ اسْتَجَابُوا لِرَبِّهِمْ وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَأَمْرُهُمْ شُورَى)(25), لەئایەتێکی دیکەدا دەفەرمێت (وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ)(26) هەروەها لەسەر بنەمای سوننەتی پێغەمبەر(ص) کەدەفەرمێت (اقتدوا باللذين من بعدی, ابی بکر و عمر)(27) بۆیە هاوەڵان ئەبوبەکری سدیقیان هەڵبژارد .

ڕۆژێك دواترو لەسێ شوممەی سیانزەی (ربیع الاول) و لەمزگەوتی پێغەمبەر(ص), موسڵمانان بەیعەتی گشتیان بەئەبوبەکری سدیق بەخشی و لەدوای ئەوەش خەلیفەی نوێ یەکەمین وتاری بۆموسڵمانان دا .(28) ز سیاسەت و شێوازی کارکردنی خۆیی بۆموسڵمانان ڕونکردەوەو جەختی لەسەر پابەندبوون بەقورئان و سوننەتی پێغەمبەر کردەوە لەتەواوی کاروبارەکانی دا .

لەپاش بەیعەتپێدان و جێگیربوونی وەك خەلیفەی موسڵمانان, ئەبوبەکری سدیق, نازناوی خەلیفەی پێغەمبەری خودای بۆخۆی هەڵبژارد, ئەمەش لەدوای ئەوە بوو کەموسڵمانان لەکاتی ناوهێنان و بانگکردنی دا, دەیانگوت ئەی خەلیفەی خودا, ئەویش پێی فەرموون بڵێن ئەی خەلیفەی پێغەمبەری خودا .(29) پاشان موسڵمانان موچەیان بۆ بڕیەوە بەپێی پێویستی ژیانی .(30)

## حکومەتی ئەبوبەکری سدیق :

**※ کارەکانی لەبواری کاروباری نێوخۆیی دا :**

- ڕاوێژکار : ئەبوبەکری سدیق هەمیشەو لەهەموو کاروبارەکانی خیلافەتدا ڕاوێژی بەهاوەڵانی شارەزاو بەتواناو لێهاتوو کردووە, بەتایبەتیش عمری کوڕی خەتتاب و عەسمانی کوڕی عەففان و,

---

(24) خەلیفەکانی ڕاشیدین لەنێوان جێنشینبوون و شەهیدبووندا-د. صلاح عبدالفتاح الخالدی-ل52-55 .

(25) القران الکریم-سوره الشوری-الایه-38 .

(26) القران الکریم-سوره ال عمران-الایه-159 .

(27) اخرجه ابن ماجه ج1/97 والترمزی 3744/5, والحاکم فی المستدرك ج 3/75, احمد فی المسند 385/5 وابوداود فی سننه 402 .

(28) ژیاننامەی خەلیفەکانی ڕاشیدین (ئەبوبەکری صدیق)-حبیب محمد سعید-ل56-58 .

(29) طرق انتهاء ولاية الحكام في الشريعة الاسلامية والنظم الدستورية-كايد يوسف محمود قريش-ل53 .

(30) ژیاننامەی خەلیفەکانی ڕاشیدین (ئەبوبەکری صدیق)-حبیب محمد سعید-ل96 .

عەلی کوڕی ئەبوتالیب و عبدالرحمان و سەعدو سەعید . لەو بوارانەی کە خەلیفە ئەبوبەکری سدیق پرس و ڕای هاوەڵانی لەسەر وەرگرتووە, بریتین لە :

أ- پرس و ڕاوێژکردن بەهاوەڵان دەربارەی جەنگکردن دژی زەکات نەدەران .

ب- پرس و ڕاوێژکردن بەهاوەڵان دەربارەی کۆکردنەوەی قورئان .

ج- پرس و ڕاوێژکردن بەهاوەڵان دەربارەی دادوەری و ......... دەربارەی جیهاد .(31)

- وەزیر : خەلیفە ئەبوبەکری سدیق لەکاروبارەکانی دا زۆرترین پرس و ڕاوی بە عمری کوڕی خەتتاب دەکرد, هەروەك ڕۆڵی وەزیری دەبینی لەخزمەتی دا .

- خەزێنە (بیت المال) : خەلیفە ئەبوبەکری سدیق بەیتولمالی دامەزراندو هەر بۆخۆشی سەرپەرشتی دەکرد (32).

- جەنگی هەڵگەڕاوەکان : لەپاش وەفاتی پێغەمبەر(ص) زۆرێك لەخەڵکی تیرەو هۆزەکانی جزیرەی عەرەب لەئیسلام پاشگەزبوونەوە و تەنانەت بوونە هەڕەشەی جدی لەسەر خیلافەت و ئیسلام و موسڵمانان, هەروەك هەندێك لەوان ئامادەنەبوون زەکات بەئەبوبەکری سدیق بدەن, بۆیە خەلیفە بەئەبوبەکری سدیق سوپای ناردەسەریان و ملکەچی کردن .(33)

- دامەزراندنی یەکە سەربازییەکان : دامەزراندنی لیوا سەربازیەکان و دیاریکردنی فەرماندەکانیان و دەستنیشانکردنی فەرماندەی گشتی .(34)

- دیاریکردنی کاربەدەستە ناوچەییەکان : هەڵبژاردن و دانانی والی شارو ناوچەو هەریمەکانی وولاتی ئیسلام, ئەبوبەکری سدیق لەماوەی خیلافەتی خۆیدا عوسمانی کوڕعەففانی کردە والی شاری مەدینە .(35)

- پێشنوێژی کردن بۆ موسڵمانان .

- حەجکردن بەموسڵمانان .

- دادوەریکردن لەنێوان موسڵمانان و چەسپاندنی حوکمی خوداو بەرپاکردنی دادگەری .

- دیاریکردنی جێنشین بۆ خیلافەت لەپاش خۆی .

* کارەکانی لەبواری کاروباری دەرەکی دا :

- بڵاوکردنەوەی بانگەوازی خوداو پێغەمبەرو گەیاندنی ئایینی ئیسلام بەخەڵکانی دەرەوەی جزیرەی عەرەبی .

- بەرپاکردنی جیهاد دژی کافران و موشریکان و دووژمنانی ئیسلام .

- فەتحکردنی وولاتان و فراوانکردنی ڕووبەری وولاتانی ئیسلام . هەروەك ئەبوبەکری سدیق سوپایەکی بەسەرکردایەتی ئەبو عوبەیدە نارد بۆ فەتحی وولاتی شام و سەرکەوتنی گەورەیان تۆمارکرد .(36)

---

(31) الشورى فريضة اسلامية-علي محمد محمد الصلابي-ل51-57 .

(32) الشورى فريضة اسلامية-علي محمد محمد الصلابي-ل73 .

(33) فقة السيرة-بەكوردى-د. محمد رمضان البوطي-ل584 .

(34) فقة السيرة-بەكوردى-د. محمد رمضان البوطي-ل584 .

(35) فقة السيرة-بەكوردى-د. محمد رمضان البوطي-ل584 .

(36) فقة السيرة-بەكوردى-د. محمد رمضان البوطي-ل584-586 .

**بنەماکانی حوکمڕانی حکومەتی خەلیفە ئەبوبەکری سدیق :**

**- کارکردن بەشوراو ڕاوێژ .**

**- پابەندبوون بەقورئان و سوننەتی پێغەمبەر(ص) .**

**- چەسپاندنی دادپەروەری و بەرزڕاگرتنی دروشمەکانی ئیسلام و پاراستنی هەیبەتی ئیسلام و شکۆی موسڵمانان و چەسپاندنی خیلافەت .**

**ماوەی خیلافەتی ئەبوبەکری سدیق :**

**ماوەی خیلافەتی ئەبوبەکری سدیق, دوو ساڵ و سێ مانگ و دەڕۆژ بوو, ئەبوبەکری سدیق لەڕۆژی سێشەممەی بیستو دووی (جمادی الاخرە) ی ساڵی سیانزەی کۆچی وەفاتی کردو لەماڵی عائیشەو لەتەنیشت پێغەمبەر(ص) بەخاك سپێردرا .(37)**

**لەدەمی نزیکبوونەوەی وەفاتی خەلیفە ئەبوبەکری سدیق دا, دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی دەوری گیرابوو بەدووژمنانی مەجوسی فارسی و خاچپەرستانی ڕۆمی, سەرباری نەیارانی نێوخۆیی کە خۆی لەمونافیقین و هۆزە موشریکەکانی جزیرەی عەرەبی دا دەبینیەوە, لەهەمانکات ئەبوبەکری سدیق لەوەهەبوو کە لەپاش وەفاتی, ناکۆکی و تەفرەقە لەنێوان موسڵماناندا سەرهەڵبدات لەسەر مەسەلەی خیلافەت, هەربۆیە بەرلە وەفاتی عمری کوڕی خەتتابی کردە جێنشین . ئەوەش لەپاش پرس و ڕاوێژکردن بەهاوەڵان, تاوەکو لەپاش وەفاتی خۆی کاروباری دەوڵەتی خیلافەت ڕاپەڕێنێت و سەرپەرشتی و ڕابەرایەتی موسڵمانان بکات .**

**هەڵبژاردنی عومەری کوڕی خەتتاب :**

**لەکۆتا ڕۆژەکانی تەمەنی, خەلیفە ئوبەکری سدیق کەوتە ڕاوێژکردن بەهاوەڵانی پایە بەرز سەبارەت بەعومەری کوڕی خەتتاب پرسیاری لێ دەکردن و ڕای وەردەگرتن لەسەر هەڵبژاردنی وەك خەلیفەی موسڵمانان, لەو هاوەڵانەش کە خەلیفە ئەبوبەکری سدیق ڕاوێژی پێکردن (عوسمانی کوڕعەففان, عبدالرحمانی کوڕی عەوف, سەعیدی کوڕی زەید, ئوسەیدی کوڕی حضیرو زۆرێکی دی لە هاوەڵانی ئەنسارو موهاجیرین) بوون, سەرجەمیان پشتیوانی پێشنیارەکەی خەلیفە ئەبوبەکریان کردو ئەویش بڕیاری لەسەر دا .(38) لەکاتی سەرەمەرگی دا وەسیەتی نوسی و تیایدا عومەری کوڕی خەتتابی کردە خەلیفەی موسڵمانان, پاشان چوویە نێو ئاپۆرەی خەڵکی نوسراوەکەی بۆخوێندنەوە .(39)**

**لەهەمان ڕۆژی وەفاتی خەلیفە ئەبوبەمری سدیق, ئەهلی حەل و عەقد کۆبوونەوەو لەسەر بنەمای وەسیەتەکەی سدیق, بەیعەتیان بەعومەری کوڕی خەتتاب بەخشی . لەڕۆژی سێ شەممەی بیستو دووی (جمادی الاخرە) ی ساڵی سیانزەی کۆچی, خەتتاب وەك خەلیفەی موسڵمانان دەستبەکار بوو, لەپاش ئەسپەردەکردنی تەرمی پیرۆزی ئەبوبەکری سدیق,**

---

(37) أبوبكر الصديق افضل الصحابة, واحقهم بالخلافة-محمد بن عبدالرحمان بن محمد-ل135-136 .

(38) عص الخلافة الراشدة محاولة لنقد الرواية التاريخية وفق منهج المحدثين-اكرم بن ضياع العمري-ل54-55 .

(39) خەلیفەکانی ڕاشیدین لەنێوان جێنشینبوون و شەهیدبووندا-د. صلاح عبدالفتاح الخالدی-ل79 .

چوویە نێو مزگەوت و سەرکەوتە سەر دووانگەو یەکەمین ووتاری بۆ موسـڵمانان دا .(40) و جەختی لەسەر پابەندبوون بەقورئان و سوننەتی پێغەمبەر(ص) کردەوەو بەڵێنی دادپەروەری دڵسۆزی بەکوسڵمانان دا .

## حکومەتی عومەری کوڕی خەتتاب :

* کارەکانی لەبواری کاروباری نێوخۆیی دا :

- گەشەپێدانی بەیتولمال : عومەری کوڕی خەتتاب بەیتولمالی کردە دامەزراوەیەکی سەربەخۆو کەسی تایبەتی بۆ سەرپەرشتی کردن و بەڕێوەبردنی دامەزراند .

- دامەزراندنی دادگا : عومەری کوڕی خەتتاب دادگای کردە دامەزراوەیەکی سەربەخۆو دادوەری تایبەتی بۆدامەزراندو موچەی بۆبڕییەوە, یەکەمین دادوەریش کەدایمەزراند (دادوەر سلیمانی کوڕی ڕەبیعەی باهیلی) بوو, بڕی موچەی مانگانەی (پێنج درهەم) بوو .(41)

- دانانی تۆمار : عومەری کوڕی خەتتاب تۆماری دامەزراند لەپێناو هەژمارکردنی بڕی زەکات و دیاریکردنی ئەو سەرو سامانە جۆراو جۆرانەی کەدەوڵەت کۆی دەکردەوە .(42)

- داملەزراندنی دیوان : عومەری کوڕی خەتتاب دیوانی دامەزراند لەپێناو ڕێکخستنی کاروباری دەوڵەت, لەو دیوانانەش کەدایمەزراندن ئەمانەبوون :

أ- دیوانی سەربازی .

ب- دیوانی نامەکان .

ج- دیوانی بەریدو پۆست .

د- دیوانی باجەکان .(43)

- دامەزراندنی حیسبە : کەکاری فەرمانکردن بەچاکەو ڕێگری کردنی خراپەیە لەنێو موسڵماناندا .(44)

- دامەزراندنی پۆلیس (شرطة) : عومەری کوڕی خەتتاب پۆلیسی دامەزراند لەپێناو چەسپاندنی شەرع ودابینکردنی ئاسایش و دەستگیرکردنی تاوانباران و سزادانیان .(45)

- دامەزراندنی بەرید : عومەری کوڕی خەتتاب دای مەزرارند لەپێناو گەیاندنی فەرمانی خەلیفەو کاربەدەستانی بەوالی و فەرماندە سەربازیەکانی ناوچەو هەرێمە جیاوازەکانی وولآتی ئیسلام دا .(46)

- لەشکر : عومەری کوڕی خەتتاب سوپای ئیسلامی ڕێکخست و دیوانی سەربازی بۆدامەزراند بەمەبەستی تۆمارکردنی ناوی سەربازەکان و جۆری چەکەکانیان و بڕی موچەکانیان, هەروەها بۆتۆمارکردنی ژمارەی سوپاکەی و بڕی خۆراکی پێویستی ڕۆژانەیان و .... هتد .(47)

---

(40) خەلیفەکانی ڕاشیدین لەنێوان جێنشینبوون و شەهیدبووندا-د. صلاح عبدالفتاح الخالدی-ل79 .

(41) النظام القضائي في الفقة الاسلامي-محمد رأفت عثمان-ل43-44 .

(42) تاريخ الحضارة الاسلامية والفكر الاسلامي-د. أبو زيد شبلي-ل100 .

(43) تاريخ الحضارة الاسلامية والفكر الاسلامي-د. أبو زيد شبلي-ل101-102 .

(44) تاريخ الحضارة الاسلامية والفكر الاسلامي-د. أبو زيد شبلي-ل118 .

(45) تاريخ الحضارة الاسلامية والفكر الاسلامي-د. أبو زيد شبلي-ل123 .

(46) تاريخ الحضارة الاسلامية والفكر الاسلامي-د. أبو زيد شبلي-ل125 .

(47) تاريخ الحضارة الاسلامية والفكر الاسلامي-د. أبو زيد شبلي-ل135 .

- دانانی چشکنەری گشتی (چاودێری گشتتی) : عومەری کوڕی خەتتاب (موحەمەدی کوڕی مەسلمە) ی وەك پشکنەری گشتی تەواوی هەرێمەکانی وولاتی ئیسلام دامەزراند, جارجارەش بۆخۆی ئەوکارەی دەکردو بەمەبەستی پشکنین سەردانی هەرێمەکانی دەکرد .(48)

※ لەبواری کاروباری دەرەکی دا :

- بەرپاکردنی جیهادو گەیاندنی بانگەوازی خوداو بلاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام و فەتحکردنی چەندین ناوچەو هەرێم, لەوانیش فەتحکردنی ئێرانی کیسرەوی و عێراق و شام و ئازەربایجان و باکوری ئەفریقیاو ... هتد .(49)

- رێکخستنی کاروباری بازرگانی : باجی دەیەك (10/1) ی دانا لەسەر ئەو بازرگانانەی کەدێنە وولاتی ئیسلامی, ئەوەش لەلایەك لەبەر ئەو گومرگەی کە وولاتانی بیانی لەبازرگانانی موسلمانیان وەردەگرت, لەلایەکی دی لەبەر ئەوەی بازرگانانی بیانی کەدێنە وولاتی ئیسلامی, سود لەو داو دەزگاکانی دەولەتی ئیسلامی وەردەگرن, لەنمونەی ئەو دامەزراوانەش کەسودی لێ دەبینن (دادگا, پاسەوانانی سنور, رێگاوبان... هتد), هەروەها عومەری کوڕی خەتتاب ئەم بڕیارە ئیجتیهادیيەی دا لەپێناو پارێزگاریکردنی ئابووری وولاتی ئیسلام .(50)

## بنەماکانی حوکمڕانی حکومەتی خەلیفە عومەری کوڕی خەتتاب :

-شورا : عومەری کوڕی خەتتاب لەکاروبارەکانی دا پشتی بەڕای موسلمان بەستووەو لەزۆر بواردا ڕاوێژی بەهاوەلان کردووە, لەوانیش :

أ- پرس ڕاوێژکردن بەهاوەلان لەسەر باج و خەراجی زەوی .

ب- پرس ڕاوێژکردن بەهاوەلان لەسەر مەسەلەی سالنامەی کۆچی .

ج- پرس ڕاوێژکردن بەهاوەلان لەسەر ناونیشانی (ئەمیری ئیمانداران) .

د- پرس ڕاوێژکردن بەهاوەلان لەسەر دانانی تۆمارەکان .

و- پرس ڕاوێژکردن بەهاوەلان لەسەر چۆنیەتی پارێزگاریکردنی تەندروستی موسلمانان و بەرەنگاربوونەوەی پەتاو نەخۆشیەکان .

ه- فراوانکردنی ژمارەی ئەندامانی شورا, عومەری کوڕی خەتتاب لەکاروبارەکانی دا پرس و ڕای بەهاوەلان و موسلمانانی ئەنسارو موهاجیر کردووە, تەنانەت لەهەندێ کاروباریش دا ڕاوێژی بە ئافرەتان کردووە .(51)

ی- درێژەدان بەسوننەتی پێغەمبەر(ص) و خەلیفە ئەبوبەکری سدیق .

ر- چەسپاندنی شەریعەت و بەرپاکردنی دادپەروەری .

ن- بلاوکردنەوەی بانگەوازی ئیسلامی و پەرەدان بەجیهاد و فتوحات .

---

(48) دەولەتی خیلافەت بوژاندنەوەی کۆمەلگەو گەشەسەندنی شارستانیەت-ئیکرام کەریم-ل158 .

(49) ماثر الانافة في معالم الخلافة-احمد بن علي بن احمد الفزاري-ل90-91 .

(50) دەولەتی خیلافەت بوژاندنەوەی کۆمەلگەو گەشەسەندنی شارستانیەت-ئیکرام کەریم-ل110-111 .

(51) الشورى فريضة اسلامية-علي محمد محمد الصلابي-ل63-83 .

ژ- پاریزگاریکردن لەیەکڕیزی موسڵمانان و پاراستنی دەوڵەتی خیلافەت لەدارِمان و لێکترازان و پاشاگەردانی .

## ماوەی خیلافەتی خەلیفە عومەری کوڕی خەتتاب :

ماوەی خیلافەتی عومەری کوڕی خەتتاب, دەساڵ و شەش مانگ و چەند ڕۆژێك بوو .(52), لە بیستو شەشی (ذي الحجة) ی ساڵی بیست و سێی کۆچی, لەلایەن (ئەبولۆلوئەی مەجوسی) بەشمشێرێکی ژەهراوی, لەکاتی نوێژی بەیانی لێی دراو .(53), لەپاش لێدانەکەی چەند ڕۆژێك بەبریندارى مایەوەو موسڵمانان سەردانیان دەکرد , عومەری کوڕی خەتتاب زانی ئیدی ئەو کۆتا ڕۆژەکانی تەمەنیەتی, بۆیە شەش لەهاوەڵانی هەڵبژاردو کاروباری خیلافەتی پێ سپاردن, تاوەکو لەپاش خۆی خەلیفەی نوێی موسڵمانان لەنێوان خۆیاندا هەڵبژێرن, کەئەوانیش بریتی بوون لە (عوسمانی کوڕی عەففان, عەلی کوڕ ئەبوتالیب, عبدالرحمانی کوڕی عەوف, سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس, تەلحەی کوڕی عبداللە , زوبەیری کوڕی عەوام) , کەسەرجەمیان موژدەپێدراوی بەهەشت بوون .(54)

بەمشێوەیە خیلافەتی عومەری کوڕی خەتتاب لەکۆتای نزیك بۆوەو لەپاش هەڵبژاردنی ئەندامانی شورا, سوهەیبی ڕۆمیشی دەسنیشانکرد تاوەکو پێشنوێژی بۆموسڵمانان بکات, هەروەك ئەبوتەلحەی ئەنساری ڕاسپارد کە بەپەنجاکەسەوەو بۆماوەی سێ ڕۆژ پاسەوانی ئەندامانی شورابکات, لەهەمانکات میقدادی کوڕی ئەسوەدی ڕاسپارد کەبۆماوەی سێ ڕۆژ ڕاوەستێت لەسەر ئەندامانی شورا, لەپاشان بدات لەگەردنی ئەو کەسەیان کەڕازی نیە بەبڕیاری پێنج ئەندامەکەی دیکەیان . پاش تەواوکردنی ئەك کاروبارانەو دوای سێ ڕۆژ لەبریندداربوونی, لەڕۆژی یەکشەممەی یەکی مانگی موحەڕەمی ساڵی بیستو چواری کۆچی, وەفاتی کرد .(55)

## هەڵبژاردنی عوسمانی کوڕی عەففان :

لەپاش چۆڵ بوونی پایەی خیلافەت, ئەندامانی شورا لەنێوان خۆیاندا کەوتنە ڕاوێژ بۆ دەستنیشانکردن و هەڵبژاردنی خەلیفەی نوێ, لەدوای سێ ڕۆژ لەڕاوێژکردن, ئەندامانی شورا عوسمانی کوڕی عەففانیان هەڵبژاردو لەمانگی موحەڕەمی ساڵی بیست و چواری کۆچی بەیعەتیان پێ بەخشی و دواتر لەمزگەوت و لەلایەن موسڵمانانەوە بەیعەتی گشتی پێ درا, پاشان سەرکەوتە سەر مینبەرو یەکەمین وتاری پێشکەشی موسڵمانان کرد .(56)

## حکومەتی عوسمانی کوڕی عەففان :

* کارەکانی لەبواری کاروباری نێوخۆیی دا :

---

(52) خەلیفەکانی ڕاشیدین لەنێوان جێنشینبوون و شەهیدبووندا-د. صلاح عبدالفتاح الخالدی-ل82 .

(53) خەلیفەکانی ڕاشیدین لەنێوان جێنشینبوون و شەهیدبووندا-د. صلاح عبدالفتاح الخالدی-ل93 .

(54) خەلیفەکانی ڕاشیدین لەنێوان جێنشینبوون و شەهیدبووندا-د. صلاح عبدالفتاح الخالدی-ل105 .

(55) خەلیفەکانی ڕاشیدین لەنێوان جێنشینبوون و شەهیدبووندا-د. صلاح عبدالفتاح الخالدی-ل106-108 .

(56) عثمان بن عفان ذوالنورين-محمد رضا-ل41 .

* دانانی کاربەدەستان و والی ویلایەتەکان, هەروەك :
أ- سعدی کوڕی ئەبی وەقاسی کردە والی عێراق .
ب- موغەیرەی کوڕی شوعبەی کردە والی کوفە .
ج- ئەبوموسای ئەشعەری کردە والی بەسرە
هـ- سلمانی فارسی کردە والی مەدائن .
و- حوزەیفەی کوڕی یەمانی کردە والی ئازەربایجان .
ی- عتبەی کوڕی فرقد سلمی کردە والی موسڵ .
ر- نعمانی کوڕی مقرنی کردە والی کسکر .
ن- بیلالی ئەنساری کردە والی عومان .(57)

= دانانی فەرمانبەران :
أ- عبداللەی کوڕی قنفزی کردە بەرپرسیاری شورتە .
ب- عبداللەی کوڕی ئەرقەمی کردە بەرپرسیاری بەیتولمال .
ج- مراوانی کوڕی حەکەمی کردە نوسەر-کاتب .
هـ- جابری کوڕی عمروی مزنی کردە بەرپرسیاری کۆکردنەوەو وەرگرتنی باج و خەراج .(58)

= دامەزراندنی دادوەران :
أ-زەیدی کوڕی پابتی کردە دادوەری مەدینە .
ب- ئەبودەردائی کردە دادوەری دیمەشق .
ج- کەعبی کوڕی سوری کردە دادوەری بەسرە .
هـ- شورەیحی کردە دادوەری کوفە .
و- یعلی کوڕی ئومەیەی کردە دادوەری یەمەن .(59)

= شورا : عوسمانی کوڕی عەففان شورای بەهاوەڵان دەکردو لەکاروبارەکانی خیلافەتدا ڕای موسڵمانانی وەردەگرت, لەو کاروبارانەشی کەڕاوێژی لەسەر کردوون, بریتین لە :
أ- پرس و ڕاوێژکردن بەهاوەڵان لەبارەی کۆکردنەوەی قورئانی پیرۆز .
ب- پرس و ڕاوێژکردن بەهاوەڵان لەبارەی ئەو فیتنەو ئاژاوانەی کە لەماوەی خیلافەتەکەیدا سەریان هەڵدا .
ج- پرس و ڕاوێژکردن بەهاوەڵان لەبارەی کاربەدەستان و دانان و لادانیان .
هـ- پرس و ڕاوێژکردن لەگەڵ نەیارانی دەسەڵاتەکەی و وەرگرتنی ڕاو پێشنیارەکانیان و جێبەجێکردنیان .(60)

---

(57) عصر الخلافة الراشد محاولة النقد الرواية التاريخية وفق منهج المحدثين-اكرم بن العمري-ل132 .
(58) عصر الخلافة الراشد محاولة النقد الرواية التاريخية وفق منهج المحدثين-اكرم بن العمري-ل153 .
(58) عصر الخلافة الراشد محاولة النقد الرواية التاريخية وفق منهج المحدثين-اكرم بن العمري-ل174 .
(60) الشورا فريضة اسلامية-علي محمد محمد الصلابي-ل103 .

* لەبواری کاروباری دەرەکی دا :

- بەرپاکردنی جیهادو گەیاندنی بانگەوازی خوداو بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام .

- فەتحی ئەسکەندەریەو سودان و اکوری ئەفریقیای کرد .

- هێزی سەبازی دەریایی ئیسلامی دامەزراندو سوپای خۆبەخشانی دامەزراندو پەرەی بەتوانای سەربازی جەنگاوەران داو پلەو پایەو ناونیشانە سەربازیەکانی دامەزراند, لەوان و لەنموونەی سەرۆکی سوپاو جێگرو ڕاگەیەنەری جەنگ و ... هتد, هەروەها سوپای دابەشکرد بۆ پێنج بەش, واتا بۆ بەشی ڕاست و چەپ, ناوەڕاست و پێشەنگ, بەشی دواوە .(61)

* لەبواری ئاینی دا :

- پێشنوێژی بۆ موسڵمانان دەکردو وتاری بۆدەدان .

- قورئانی پیرۆزی کۆکردەوەو لەیەك (مصحف) دا نوسیەوەو خستیە بەردەستی موسڵمانان .

- دروشم شەعئیرەکانی حەج و نوێژو ڕۆژو .... هتد, بەرز ڕاگرت .

## بنەماکانی حوکمڕانی حکومەتی خەلیفە عوسمانی کوڕی عەففان :

- کارکردن بەقورئان و سوننەتی پێغەمبەر(ص) .

- کارکردن بەشوراو پرس و ڕاوێژکردن بەموسڵمانان لەکاروباری خیلافەتدا .

- نەرم و نیانی لەحوکمڕانی ولێبوردوویی لەگەڵ نەیارانی دا, بەتایبەت .

- هەوڵدان بۆ پاراستنی یەکریزی موسڵمانان و یەککێتی ئوممەتی ئیسلامی, ئەوەش بەرێگری کردنی ململانێ و جەنگی نێوخۆیی نێوان موسڵمانان, هەربەو هۆیەشەوە خۆی بویە قوربانی و لەوپێناوەدا شەهید بوو .

## ماوەی خیلافەتی عوسمانی کوڕی عەففان :

ماوەی خیلافەتی عوسمانی کوڕی عەففان, نزیکەی دوانزە ساڵ بوو, واتا دوانزە ڕۆژی کەم بوو بۆ دوانزە ساڵ, لەپاش چل ڕۆژ لەگەمارۆدانی لەنێو ماڵەکەی خۆی, لەلایەن لەڕێ دەرچووە سەبەئیەکانەوە, لەڕۆژی هەینی هەژدەی مانگی (ذي الحجة) ی ساڵی سیوپێنجی کۆچی, لەلایەن یاخیبوە سەبەئیەکانەوە شەهید کرا .(62)

## هەڵبژاردنی عەلی کوڕی ئەبوتالیب :

عەلی کوڕی ئەبوتالیب لەسەر داواو پێشنیاری موسڵمانان و بەناچاری خیلافەتی قبوڵکرد . لەڕۆژی هەینی بیست و پێنجی (ذي الحجة) ی ساڵی سیوپێنجی کۆچی, موسڵمانان لەمزگەوت کۆبوونەوەو بەیعەتیان بەخەلیفەی نوێ بەخشی .(63)

---

(61) عصر الخلافة الراشد محاولة النقد الرواية التاريخية وفق منهج المحدثين-اكرم بن العمري-ل378-381 .

(62) خەلیفەکانی ڕاشیدین لەنێوان جێنشینبوون و شەهیدبووندا-د. صلاح عبدالفتاح الخالدی-ل209 .

(63) خەلیفەکانی ڕاشیدین لەنێوان جێنشینبوون و شەهیدبووندا-د. صلاح عبدالفتاح الخالدی-ل231-234 .

## حکومەتی عەلی کوڕی ئەبوتالیب :

* کارەکانی لەبواری کاروباری نێوخۆیی دا :

- دەستوری دەوڵەتەکەی قورئان وسوننەت بوو .(64), لەهەمانکات خەلیفە عەلی کوڕی ئەبوتالیب پابەندبوو بەڕێبازی خەلیفەکانی پێش خۆی, ئەوەش لەسەر بنەمای فەرموودەی پێغەمبەر(ص) وەك دەفەرمێت (اقتدوا باللذين من بعدي ابي بكر و عمر)(65)

- کاروباری دەوڵەتەکەی بەشوراو ڕاوێژ بوو, عەلی کوڕی ئەبوتالیب لەکاروبارەکانی دا ڕاوێژی بەموسڵمانان دەکردو پرس و ڕای پێ دەکردن لەبڕیاردان و هەروەها لەڕێکخستنی کاروباری موسڵماناندا, هەروەك لەسەرەتاش داو بەر لەهەڵبژاردنی وەك خەلیفەی موسڵمانان, مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی کە بەڕاوێژ بەموسڵمانان بکات و ڕەچاوی بیرو بۆچوونەکانیان بکات و لەسەر ڕەزامەندی ئەوان بەهەڵبژاردنی ئەوان و بەپێی بڕیاری موسڵمانان کاروباری خیلافەت وەربگرێت, ئەوەبوو لەپاش پاڵاوتنی بۆ پایەی خیلافەت, چوویە نێو مزگەوت و بەموسڵمانانس ڕاگەیاند کەخیلافەت مافی ئەوانەو بۆخۆیان سەربەستن کە بەکێی دەسپێرن, ئەوانیش هەموو بەیعەتیان پێ بەخشی .(66)

-ڕێکخستنی کاروباری هەرێمەکان و دانان و لادانی کاربەدەستان : عەلی کوڕی ئەبوتالیب ژمارەك کاربەدەستی دەستنیشانکرد بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری هەرێمەکانی وولاتی ئیسلامی و لەوانیش :

أ- سهلی کوڕی ئەنساری کردە والی مەدینە .

ب- ئەبو قەتادەی کردە والی مەککە .

ج- عمری کوڕی سەلەمە کردە والی بەحرەین .

د- عبداللە کوڕی عباسی کردە والی یەمەن و بەحرەین .

ه- سەعیدی کوڕی عوبادەی کردە والی نەجد .

و- مالیکی کوڕی ئەشتەری کردە والی جەزیرەو میسر .

ی- شەبیبی کوڕی عامری کردە والی جەزیرە .(67)

-دانانی دادوەران : عەلی کوڕی ئەبوتالیب دادوەری بۆ هەرێمەکانی وولاتی ئیسلام دانـاو لەنموونەی ئەو دادوەرانەش کەدەستنیشانی کردن :

أ- ئەبو ئەسوەدی زالمی کوڕی عمروی دولی کردە دادوەری بەسرە .

ب- لەپاش ئەو, زوحاکی کوڕی عبداللەی فوزالەی لەیسی کردە دادوەری بەسرە .

ج- شورەیحی کردە دادوەری کوفە .

د- محمدی کوڕی زەیدی کوڕی خلیدەی شیبانی کردە دادوەری کوفە .(68)

---

(64) ژیانی ئەمیری باوەڕداران خەلیفەی چوارەم عەلی کوڕی ئەبوتالیب-د. علی محمد محمد الصلابی-ل172-173 .

(65) صحيح سنن الترمذي-(200/3) .

(66) خەلیفەکانی ڕاشیدین لەنێوان جێنشینبوون و شەهیدبووندا-د. صلاح عبدالفتاح الخالدی-ل231-234 .

(67) عصر الخلافة الراشد محاولة النقد الرواية التاريخية وفق منهج المحدثين-اكرم بن العمري-ل144 .

(68) ؤ175 .

- دانانی فەرمانبەران : عەلی کوڕی ئەبوتالیب ژمارەیەك فەرمانبەری بۆ کاروبارەکانی دەوڵەتی خیلافەتی

ئیسلامی دانا, لەوانیش :
أ- معقلی کوڕی قەیسی ریاحی دەستنیشانکرد وەك شورتە .
ب- مالیکی کوڕی خەبیبی یەربوعی دەستنیشانکرد وەك شورتە .
ج- ئەسبەغی کوڕی نەباتەی مەجاشعی دەستنیشانکرد وەك شورتە .
د- سەعیدی کوڕی نەمرانی هەمەدانی دەستنیشانکرد وەك کاتب .
هـ- عوبەیدوالڵەی کوڕی ئەبی رافعی دەستنیشانکرد وەك کاتب .
و- قەنبەر-ئەبوزیدی کردە حاجب .(69)

-بەیتولمال : عەلی کوڕی ئەبوتالیب هەروەك خەلیفەکانی پێش خۆی زەکات و سەرفیترەو خەراج و جزیە و دەیەکی وەرگرتووەو غەنیمەی دەستکەوتووە لەجەنگ و جیهادو فتوحاتەکانی داو پاشان بەپێی شەرع دابەشی کردووتەوە بەسەر موسڵماناندا .(70), هەروەها کاربەدەستی بۆ بەیتولمال دەستنیشانکردو موچەو بەخشینەکانی یەکسان کرد .

-لەبواری سەربازی دا : عەلی کوڕی ئەبوتالیب فەرمانی کرد کە :
أ- موچەی تەواو بۆ موجاهیدان دابین بکەن .
ب- پلەو پایەی شیاو ببەخشنە موجاهیدان .
ج- فەرماندەکان بەسۆزو بەزەییەوە لەگەڵ موجاهیداندا هەڵسوکەوت بکەن و ڕێزیان بگرن ..........,

* کارەکانی لەبواری کاروباری دەرەکی دا :
- ئاشتیخوازی کردە بنەمای سیاسەتی دەرەوەی .
- بەرەنگاری ئەو هەڕەشەو مەترسیانە بۆوە کەدەبوونە هۆی کەرت و پەرتکردنی ڕیزی موسڵمانان و وڵاتی ئیسلام .
- وەفاداربوون لەبەرامبەر پەیمان و ڕێککەوتننامەکاندا .
- دادپەروەی و ڕەوشتبەرزی لەبەرامبەر نەیارانی و بەتایبەت لەکاتی جەنگ و ململانێ دا .
- پێشخستنی بەرژەوەندی ئایینی بەسەر بەرژەوەندی دونیایی و پێشخستنی بەرژەوەندی موسڵمانان بەسەر بەرژەوەندی شەخسی دا .(71)

## بنەماکانی حوکمڕانی حکومەتی خەلیفە عەلی کوڕی ئەبوتالیب :

- پابەندبوون بەقورئان و سوننەتی پێغەمبەر(ص)و بەردەوامبوون لەسەر کاروکردەوەی خەلیفەکانی پێش خۆی (ر.ض) .

(69) عصر الخلافة الراشد محاولة النقد الرواية التاريخية وفق منهج المحدثين-اكرم بن العمري-ل154 .
(70) عصر الخلافة الراشد محاولة النقد الرواية التاريخية وفق منهج المحدثين-اكرم بن العمري-ل195-217 .
(71) ژیانی ئەمیری باوەڕداران خەلیفەی چوارەم عەلی کوڕی ئەبوتالیب-د. علی محمد محمد الصلابی-ل243-245 .

- دادپەروەری لەحوکمدان و نەرمونیانی لەبەرامبەر موسڵمان و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی ئوممەتی ئیسلامی .

- هەوڵدان بۆپاراستنی هەیبەتی خیلافەت و شکۆی موسڵمانان و سەروەری شەرع .
- بەرەنگاربوونەوەی هەموو ئەو گروپ و کۆمەڵانەی کە لەشەریعەتی ئیسلامی لایاندابوو .
- کارکردن لەپێناو پاراستنی یەکێتی و یەکڕیزی موسڵمانان و بەرەنگاربوونەوەی تەفرەقەو پەرتەوازەیی .
- پاراستنی ئوممەتی ئیسلامی لەپاشاگەردانی و پاراستنی وڵاتی موسڵمانان لەفەوزاو پشێوی .

## ماوەی خیلافەتی خەلیفە عەلی کوڕی ئەبوتالیب :

ماوەی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبوتالیب, چوارساڵ و نۆمانگ و سێ ڕۆژ بوو, لەپاش ئەوەی ڕووبەڕووی گرفت و قەیرانی نێوخۆیی بۆوەو لەلایەن داواکارانی خوێنی (خەلیفە عوسمانی کوڕی عەففان) و خەواریجەکانەوە, دژایەتی خیلافەتەکەی کراو جەنگیان لەدژی خەلیفەعەلی کوڕی ئەبوتالیب بەرپاکرد, سەرنجام لەڕۆژی بیست و یەکی ڕەمەزانی ساڵی چلی کۆچی, لەلایەن خەواریجەکانەوە شەهید کرا .(72)

## لەگرنگترین دیاردەکانی حوکمڕانی خەلیفەکانی ڕاشیدین :

- مکۆم بوون لەسەر حوکم کردن بەقورئان و سوننەت .
- پارێزگاریکردن لەعەقیدەو بیروباوەڕی موسڵمانان و ڕەوشت و ڕەفتاریان .
- چەسپاندنی دادگەری ئیسلامی لەنێوان موسڵمانان دا .
- پێڕەوی کردن لەشورا, وەك بنەمایەکی سەرەکی حوکمڕانی ئیسلامی .
- بەرپاکردنی جیهادو ڕێکخستنی پێوەندییە نێودەوڵەتیەکان بەپێی بنەماکانی شەریعەتی ئیسلامی .
- مکۆم بوون لەسەر گەیاندنی بانگەوازی خوداو تێکۆشان لەپێناوی بڵاوکردنەوەی ئاینی ئیسلام لەسەر ڕووی زەوی .(73)

---

(72) ژیانی ئەمیری باوەڕداران خەلیفەی چوارەم عەلی کوڕی ئەبوتالیب-د. علی محمد محمد الصلابی-ل406 .
(73) معالم عصر الخلفاء الراشيدين-علي بن نايف الشحود-ل1-2 .

## سیستمی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی

**خیلافەت :**

**خەلیفە :**

**مەرجەکانی کەسایەتی خەلیفە :**

**کاتی هەڵبژاردن و دانانی خەلیفە :**

**شێوازەکانی هەڵبژاردن و دانانی خەلیفە :**

**ئەرکەکانی خەلیفە :**

**مافەکانی خەلیفە :**

**دەسەڵاتەکانی خەلیفە :**

**دەسەڵاتەکانی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی :**

**وەلی عەهد :**

**ڕاوێژکار :**

**وەزیر :**

**وەزارەتەکانی دەوڵەتیخیلافەتی ئیسلامی وە جۆری ئەرکەکانیان :**

**سنوری گوێڕایەڵیکردنی خەلیفە :**

**کۆتایی هاتنی ماوەی خیلافەت :**

**هۆیەکانی وەرگرتنەوەی پایەی خیلافەت لەخەلیفە :**

**شێوازەکانی وەرگرتنەوەی پایەی خیلافەت :**

**سیستمی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی :**

**خەلیفە :**

**خیلافەت : پێگـەی باڵـای سـەرۆکایەتی حکومـەتی ئیسـلامی و سەرپەرشـتیکردنی کۆمەڵگایـە لـەپێناو دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی دین و دونیای موسڵمانان .**(74)

**لـەپاش وەفـاتی پێغـەر(ص), موسـڵمانانی ئەنسـارو موهـاجیر کۆبونـەوە بەمەبەسـتی هەڵبـژاردن و دەستنیشانکردنی کەسێك, تا وەك شوێنگرەوەی پێغەمبەرو خەلیفەی موسڵمانان, کاروباری دەوڵەت و ئوممەتی ئیسلامی راپەڕێنێت . هەربۆیە لەبەر ڕۆشـنایی سـیفات و ڕەوشـتەکانی پێغەمبـەر(ص), هـەروەها لەسـەر بنەمای قورئان و سوننەت, موسڵمانان شاری مەدینە, خەلیفەی نوێیـان هەڵبـژاردو بەیعـەتیان پێبەخشـی . ئالێرەوە ئەزموونی حوکمڕانی ئیسلامی زیاتر ڕووی لەگەشـەو پەرەسـەندن کـردو لـەماوەی حـوکمڕانی چـوار خەلیفەکەی ڕاشیدیندا, قۆناغی زێڕینی فەرمانڕەوایی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی لەسەر ڕێـرەوی قورئـان و سوننەت بەردەوامی بەخۆی داو خەلیفەکانی ڕاشیدین توانیـان جـوانترین ئـەزموونی دەوڵـەتڕانی پێشکەشـی موسڵمانان بکەن .**

**زانایانی موسڵمانان قۆنـاغی حـوکمڕانی پێغەمبـەرو چـوراخەلیفەکەی ڕاشـیدینیان وەك بنـەماو بنچـینەی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی چەسپاندو دواتر لەسەر بنەمای قورئان و سـوننەتی پێغەمبـەرو ڕێبـازی چـوار خەلیفەکەی ڕاشیدین, بنەماکانی دەوڵەتی خیلافـەتی ئیسـلامیان دارشـت و سیسـتمی دەوڵـەتی خیلافـەتی ئیسلامیان گەیاندە ترۆپکی کامڵی .**

**خەلیفە : واتا جێنشین, خـودای گـەورە لـەقورئانی پـیرۆزدا دەفـەرمێت** (يَا دَاوُودُ إِنَّا جَعَلْنَاكَ خَلِيفَةً فِي الْأَرْضِ فَاحْكُمْ بَيْنَ النَّاسِ بِالْحَقِّ)(75), **هەروەها لەئایەتێکی دیکەدا دەفەرمێت** (وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الْأَرْضِ خَلِيفَةً)(76),**پێغەمبەریش(ص) لەفەرموودەکانی دا چەندین جار ئاماژەی بەخەلیفەو خیلافەت داوەو دەفەرمێت** (تكون النبوة فيكم ماشا الله أن تكون, ثم يرفعها ألله إذا شاء أن يرفعها, ثم تكون الخلافة على منهاج النبوة فتكون ماشا ألله أن تكون, ثم يرفعها ألله إذا شاء أن يرفعها, ثم تكون ملكاً عاضاً فيكون ماشا ألله ان تكون, ثم يرفعا ألله إذا شاء أن يرفعها, ثم تكون ملكاً جبرياً فتكون ماشا ألله أن تكون ثم يرفعها ألله إذا شاء أن يرفعها, ثم تكون خلافة على منهاج النبوة)(77) **پێغەمبـەر(ص) لەفەرموودەیـەکی دیکـەی دا دەفـەرمێت** (لايزال الإسلام عزيزاً إلى إثني عشر خليفة................

(74) الخلافة-محمد رشيد بن علي رضا بن شمس الدين بن محمد بهاء الدين-ل17 .
(75)- القران الكريم-سورة ص-الاية-26 .
(76)- القران الكريم-سورة البقرة-الاية-30 .
(77) أخرجه أحمد في المسند-273/4 .

كلهم من قريش)(78),**هـەروەها دەفـەرمێت** (عليكم بسنتي وسنة الخلفاء الراشيدين من بعدي)(79) **پێغەمبەر(ص) لەم فەرموودانەی دا جەخت لەسەر پایەی خیلافەت دەکاتەوە وەك گرنگترین بنەمای ئـاینی و سیاسی موسڵمانان, تاوەکو ئوممەتی ئیسلامی لەدەوری کۆببنەوەو لەژێر سایەی یەك خەلیفەو یەك دەوڵـەت و لەنێو سنوری یەك وڵاتی ئیسلامی دا, بوونی خۆیان بسەلمێنن و مومارەسەی ئایینی ئیسلام بکەن و دروشم و**

**شەعائیرەکانی ئیسلام بەرز ڕاگرن و شەریعەتی ئیسلامی بچەسپێنن و حوکمی خودا بەرپابکەن, هەر لەبەر ئەمەشە کە ئایینی ئیسلام هێندە گرنگی و بایەخی بەپایەی خیلافەت و دەوڵەتی ئیسلامی و یەکگرتوویی ئوممەتی ئیسلامی داوە .**

**خەلیفە : واتا جێنشین, واتا جێنشینی پێغەمبەری خودا(ص), ئەبوبەکری سدیق ئەم نازناوەی پەسەندکر بۆخۆی, ئەوەش لەپاش هەڵبژاردنی وەك خەلیفەی موسڵمانان . لەپاش هەڵبژاردن و بەیعەت پێدانی, موسڵمانان بانگیان لێدەکرد ئەی خەلیفەی خودا, ئەبوبەکری سدیق پێ فەرموون وامەڵێن, بەڵکو بڵێن ئەی خەلیفەی پێغەمبەری خودا .**(80)

**لەبەر ڕۆشنایی قورئان و سوننەتی پێغەمبەرو ڕێبازی خەلیفەکانی ڕاشیدین, زانایانی ئیسلامی سەلەف, کەسایەتی خەلیفەو مەرجەکانی شیاویەتی بۆ پایەی خیلافەت و ئەرك و مافەکانی خەلیفەو دەسەڵاتەکانی و چۆنیەتی هەڵبژاردن و لەکارخستنی خەلیفەیان دیاریکردووە بۆ موسڵمانان .**

**خەلیفە : جێنشینی پێغەمبەرو فەرمانڕەوای دەوڵەتی ئیسلامی و پێشەوای موسڵمانانە, لەسەر بنەمای قورئان و سوننەت و ڕێبازی خەلیفەکانی ڕاشیدین سەرپەرشتی کاروباری دین و دونیای موسڵمانان دەکات .**

## مەرجەکانی کەسایەتی خەلیفە :

**لەپێناو هەڵبژاردنی بۆ پایەی خیلافەت, دەبێت کەسی پاڵێوراو بۆ خیلافەت, خاوەنی ژمارەیەك سیفاتی شیاوبێت و تەواوی ئەو مەرجانەی تێدابێت کەبۆ پایەی خیلافەت پێویستن . هەموو ئەو سیفات و مەرجانەش لەلایەن زانایانی موسڵمانانەوە دەستنیشان کراون . هەندێك لەو مەرجانە پێوەندییان بەلایەنی ئایینی کەسایەتی خەلیفەوە هەیەو هەندێکی دیشیان پێوەندییان بەلایەنی جەسەدی و توانای جەستەیی کەسایەتی خەلیفەوە هەیە .**

*** ئەومەرجانەی کەپێوەندییان بەلایەنی ئایینی کەسایەتی خەلیفەوە هەیە, بریتین لە :**

**أ- دەبێت ئازادو موسڵمان بێت, ئوممەتی ئیسلامی لەپاش گوێڕایەڵی خوداو پێغەمبەر(ص), دەبێت تەنها گوێڕایەڵی کاربەدەست و فەرمانڕەوای موسڵمان بێت وەك خودای گەورە دەفەرمێت** (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ)(81),

---

(78) أخرجه مسلم بروايات عديدة عن جابر بن سمرة-ك-الإمارة خمس, روايات متتالية-رقم-1821 .

(79) ابن حزم, المفاضلة بين الصحابة,ص 66 .

(80) الدولة الاسلامية وسلتطها التشريعية-دكتور حسن صبحي أحمد عبداللطيف-ل57 .

(81) القران الكريم-سورة النساء-الاية-59 .

**بۆیە موسڵمان بۆی نیە گوێڕایەڵی کاربەدەستی کافر بکات, هەروەك کارفریش بۆی نیە ببێتە فەرمانڕەواو کاربەدەستی موسڵمانان, وەك خودای گەورە دەفەرمێت** (وَلَنْ يَجْعَلَ اللَّهُ لِلْكَافِرِينَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ سَبِيلًا)(82),

**ب- دەبێت ڕەگەزی نێربێت, چوون خودای گەورە ڕەگەزی نێرینەی کردووە بەسەرپەرشتیاری ڕەگەزی مێینە, وەك لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرمێت**(الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاءِ بِمَا فَضَّلَ اللَّهُ بَعْضَهُمْ عَلَى)(83) **هەروەها خودای گەورە پلەی پیاوی بەرزکردۆتەوەو فەزڵی پێ بەخشیوەو جەستەی بەهێزو بەتوانای پی بەخشیوە . بۆیە ئافرەتان بۆیان نیە ببنە خەلیفەو سەرپەرشتیاری پیاوان . لەهەمانکات پێغەمبەر(ص) لەبارەی ویلایەتی ئافرەتانەوە دەفەرمێت**(لن يفلح القوم ولو أمرهم إمرأة)(84)

**ج- دەبێت قوریشی بێت, هەروەك پێغەمبەر(ص) لەچەندین فەرموودەی پیرۆزی خۆیدا ئاماژەی پێداوەو دەفەرمێت**(الأئمة من قريش)(85)**, پێغەمبەر(ص) لەچەندین فەرموودەی دیکەیدا جەخت لەسەر مەرجی قورەیشی بوونی خەلیفە دەکاتەوەو داوا لەموسڵمانان دەکات کە لەوکارەدا پێشی قورەیش نەکەون, بەڵکو گوێڕایەڵی قورەیش بن . هەڵبەت لەسەر بنەمای قورئان و سوننەت .**

**د- دەبێت توانای ئیجتیهادی هەبێت, پێویستە خەلیفەی موسڵمانان شارەزای باشی لەشەریعەتی ئیسلامی دا هەبێت و بۆهەر بابەت و دیاردەو گرفتێکی نوێ, حوکم و بڕیارو ڕێگەچارەی شیاوی هەبێت لەسەر بنەمای قورئان و سوننەت** .(86)**, پێغەمبەر(ص) لەوبارەیەوە دەفەرمێت** (إذا حكم الحاكم فاجتهد فأصاب فله أجران, وإذا حكم فاجتهد فاختطأ فله أجر)(87)

**هـ- دەبێت دادپەروەربێت, پێویستە خەلیفەی موسڵمانان دادپەروەبێت وەك خودای گەورە فەرمان بەدادگەری دەکات و دەفەرمێت** (وَإِذَا حَكَمْتُمْ بَيْنَ النَّاسِ أَنْ تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ)(88)**, هەروەك دەبێت حوکم بەشەریعەتی ئیسلامی بکات و لەسەر بنەمای فەرمانی خوداو پێغەمبەر(ص) بڕیار بدات, چوون خودای گەورە فەرمان بەموسڵمانان و کاربەدەستان و فەرمانڕەوایان دەکات کە حوکم بە قورئان بکەن, لەوبارەوەو لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرمێت** (وَأَنِ احْكُمْ بَيْنَهُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ)(89)**, لەئایەتێکی دیکەدا جەختی لەسەر دەکاتەوەو دەفەرمێت** (فَاحْكُمْ بَيْنَهُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ)(90)

*** ئەو مەرجانەی کەپێوەندی بەلایەنی جەسەدی کەسایەتی خەلیفەوە هەیە, بریتین لە :**

**أ- عاقڵ بێت, واتا عەقڵی کامڵ بێت و هەستی بینین و بیستن و قسەکردنی .... هتد, سەلامەت بێت . بۆیە پێویستە چاوی بەباشی ببینێت و زمانی پاراوبێت و بەپاراوی قسەبکات, چوون هەرکام لەم هەستەوەرانە پێویستیەکی زەرورین بۆ کەسایەتی خەلیفەو پایەی خیلافەت,**

---

(82) القران الكريم-سورة النساء-الاية-141 .

(83) القران الكريم-سورة النساء-الاية-34 .

(84) صحيح البخاري/كتاب الفتن/باب كتاب النبي إلى الكسرى و قيصر/ح-4073 .

(85) مجمع الزوائد-192 .

(86) السياسة الشرعية-جامعة المدينة العالمية مؤسسة تعليمية غير ربحية-مرحلة ماجستر-ل492 .

(87) أخرجة مسلم-ك/المساجد-باب من هو أحق بالإمامة رقم (673) و أخرجة البغوي-شرح السنة/ج-3/ص-394-و أخرجة أحمد و أبوداود .

(88) القران الكريم-سورة النساء-الاية-58 .

(89) القران الكريم-سورة المائدة-الاية-49 .

(90) القران الكريم-سورة المائدة-الاية-48 .

**تاوەکو خەلیفەی موسڵمانان بتوانێت کاروباری بەباشی ڕاپەڕێنێت** .(91)

**ب- ئازاو بوێربێت و توانای چەسپاندنی حوکمی خودای هەبێت و لێزان و شـارەزابێت لـەکاروباری سیاسـی و سەربازی و لەڕاپەڕاندنی کاروباری موسڵمانان, کە هەموو ئەمانەش پێویستیان بەجەستەیەکی سەلیم و کاراو پڕ وزە هەیە .**(92)

**ج- پێویستە خوداناس و بەتەقواو ڕەوشت بەرزبێت .**(93)**, هەڵبەت ئەم سیفات و مەرجانـە, لەفەزائیلـەکانی خەلیفەن, هەموو ئەمانەش ئاماژەن بۆئەوەی کەپێویستە خەلیفەی موسڵمانان لەباشـترینی موسـڵمانان بێـت گەر بگونجێت و هەلومەرجی ئوممەتی ئیسلامی لـەباربێت بـۆ هەڵبـژاردنی, خـۆ لەحاڵێکـداو گـەر نـەگونجا باشترینی هەڵبژێردرێت بۆ پایەی خیلافەت, ئەوا ئاسـاییە کەسـانی دیکـەش لەموسـڵمان پایـەی خیلافـەت وەربگرن بەمەرجێك خاوەنی سیفاتەکانی دیکەبن و توانای ڕاپەڕاندنی ئەرکی خیلافەتیان هەبێت .**

## کاتی هەڵبژاردنی خەلیفە :

**- زۆرینەی زانایانی ئوممەتی ئیسلامی لەسەر ئەوڕایـەن کـە لەگـەڵ وەفـاتی خەلیفـەی موسـڵمانان و پـێش کفنکردن و ناشتنی, خەلیفەی نوێ هەڵبـژێردرێت و جـێگیر بکرێـت, ئەمـەش لەسـەر بنـەمای پشتبەسـتن بەڕێبازی هاوەڵانی پێغەمبەر(ص), کە بەرلە ناشـتن و بەخاکسـپاردنی پێغەمبـەر(ص), هاوەڵـان خەلیفـەی نوێیان هەڵبژاردو ئەبوبەکری سدیقیان وەك خەلیفەی خۆیان دەستنیشانکرد, لەهەمانکات زانایـانی ئوممـەتی ئیسلامی هەڵبژاردنی بەپەلەی خەلیفەی نوێ بەکارێکی زەروری و واجبێکی شەرعی دەزانن, ئەمەش لـەپێناو چەسپاندنی شەریعەت و بەرپاکردنی حوکمی خوداو بەرگرتن لەفیتنەو ئاژاوەو ... هتد .**(94)

## شێوازەکانی هەڵبژاردن و دانانی خەلیفە :

**خەلیفەی موسڵمانان بەسێ ڕێگاو شێواز دیاری دەکرێت, کەئەوانیش بریتین لە :**

**- شورا .**

**- جێنشین .**

**- کودەتا .**

**شێوازی شورا : ئەهلی حەل و عەقد, واتا ئەندامانی شورای دەوڵەتی خیلافەتی ئیسـلامی کەسـێکی ئـازادی موسڵمانی شارەزاو بەتوانا و سەلیم دەستنیشان دەکەن و بەیعەتی سەرەتایی پێدەبەخشن, پاشـان لەمزگـەوت ڕای دەگەیەنن بەموسڵمانان, ئەوکات بەیعەتی گشتی پێ دەدرێت لەلایەن موسڵمانانەوە,**

---

(91) غياث الامم في التياث الظلم-عبدالملك بن عبدالله بن يوسف بن محمد الجويني-مكتبة إمام الحرمين-طبعة الثانية-1401ه .

(92) نظام الحكم في الشريعة والتاريخ االإسلامي-ظافر القاسمي-ل331 .

(93) تحفة الترك فيما يجب أن يعمل في الملك-إبراهم بن علي بن أحمد إبن المعتصم الطرسوسي, نجم الدين الحنفي-ل17 .

(94) السياسة الشرعية في الدستورية ووالخارجية والمالية-عبدالوهاب خلاف-ل60 .

لەپاش بەیعەتی ئەهلی حەل و عەقد و بەیعەتی گشتی موسڵمانان, ئیـدی وەك خەلیفـەی نـوێی موسـڵمانان دەستبەکار دەبێت .(95), هەروەك هەڵبژاردنی خەلیفە ئەبوبەکری سدیق لەسەر ئەم شێوازە بوو .

جێنشین : واتا کەسێك هەڵدەسێت بەهەڵبژاردن و دیاریکردنی کەسێکی دی وەك جێنشینی خۆی (96), تاوەکو لەپاش خۆی هەستێت بەکارەکانی . خەلیفەی موسڵمانان لەکاتی نزیکبونەوەی وەفـاتی, یـاخود پەککـەتنی, وەسیەتنامەیەك دەنوسێت و تیایدا پایەی خیلافەت دەسپێرێت بەو کەسەی کە مەبەستیەتی و لەنوسـراوەکەدا ناوی ئەو کەسە دەنوسێت کەلەپاش خـۆی خیلافـەتی پـێ دەسـپێردرێت, هەڵبـەت بەشـاهیدی موسـڵمانان, هەروەك خەلیفە ئەبوبەکری سدیق لەکاتی سەرەمەرگی دا, وەسـیەتنامەی نوسـی و تیایـدا عومـەری کـوڕی خەتتابی وەك جێنشینی خۆی دیاری کردو بەشاهیدی موسڵمانان پایەی خیلافەتی پێ سپارد .(97)

ئەبوبەکری سدیق پێش نوسینی وەسیەتەکەی, ڕاوێژی بەموسڵمانان کردو ڕای زۆرێك لەهاوەڵانیوەرگرت لەسەر کەسایەتی عومەری کوڕی خەتتاب, سەرجەمی ئەو هاوەڵانەی ڕاوێژی پێکردن بەباشی باسی عومەری کـوڕی خەتتابیان کرد, لەدوای وەسیەتەکەی خەلیفە ئەبوبەکری سدیق و لـەپاش وەفـاتی, موسـڵمانان لەمزگـەوتی مەدینە کۆبوونەوەو وەسیەتەکەیان بۆخوێنرایـەوەو دواتـر موسـڵمانان بەیعـەتی گشـتیان بەعومـەری کـوڕی خەتتاب بەخشی و وەك خەلیفەی خۆیان هەڵبژارد .

- کودەتا : واتا دەستبەسەرداگرتنی پایەی خیلافەت و دەوڵەتی ئیسلامی بەهێزی سـەربازی .(98), کەتیایـدا هێزێکی سەربازی ئیسلامی لەڕێگای بەکارهێنانی چەکەوە دەستبەسەر دەوڵەت دا دەگرێترو هـەژموونی خـۆی بەسەر حکومەتی خیلافەتی ئیسلامی دا دەسەپێنێت . هەڵبەت ئەم کارەش زیاتر لەکاتی فـەوزاو پشـێوی دا ڕوودەدات, واتا لەحاڵێکدا کەووڵاتی ئیسلامی ڕووبـەڕووی دووبـەرەکی و پاشـاگەردانی بووبێتـەوە, ئـالێرەدا سوپای ئیسلامی لەپێناو کۆتایی هێنان بەو بارودۆخـەو ڕزگـارکردنی موسـڵمانان لـەو هەلومەرجـە دژوارە, دەستبەسەر خیلافەت دا دەگرێت و خەلیفەی موسڵمانان دیاری دەکات, ئیدی لەسەر موسڵمان پێویست دەبێت کەگوێڕایەڵی خەلیفەی دەسەڵاتدار بکەن, گەر هاتوو خەلیفـەی نـوێ بـەقورئان سـوننەت حـوکمی ئوممـەتی ئیسلامی کرد, هـەروەك پێغەمبـەریش(ص) فـەرمان دەکـات بەگوێڕایـەڵیکردنی فـەرمانڕەوا گـەر حـوکمی بـەقورئان کـرد, وەك دەفـەرمێت (إن أمر عليكم عبد مجدع يقودكم بكتاب الله تعالى, فاسمعوا له وأطيعوا)(99)

## ئەرکەکانی خەلیفە :

لەپاش هەڵبژاردنی خەلیفەو لەدوای ئەوەی کەموسڵمانان بەیعەتیان پـێ بەخشـی و پایـەی خیلافـەتیان پـێ سپارد,

---

(95) رياسة الدولة في الفقه الإسلامي-دكتور محمد رأفت عثمان-ل226-227 .

(96) الموسوعة الجنائية الإسلامية المقارنة بالأنظمة العمول بها في المملكة العربية السعودية-سعود بن العالي البارودي العتيبي-ل91 .

(97) الأسلام والأوضاعنا السياسية-عبدالقادر عودة-ل159 .

(98) نظام الحكم في الشريعة والتاريخ االإسلامي-ظافر القاسمي-ل244 .

(99) صحيح مسلم-92/2-الحديث رقم-1224, تحقيق الألباني .

**ئیدی خەلیفەی موسڵمانان شـومارێك ئـەرك و بەرپرسـیاریەتی دەكەوێتـە سەرشـان, كەپێویسـتە بەوپـەڕی بەپرسیاریەتیەوە جێبەجێیان بكات بۆ موسڵمانان .**

**لەنموونەی ئەو ئەركانەی كە لەئەستۆی خەلیفەی موسڵماناندایەو پێویستە ئەنجامیان بدات, لـەو كاتـەی كـە تواناو دەسەڵاتی ئەنجامدانیانی هەیە, بریتین لە :**

**1- پاراستنی ئایین لەسەر ئەساسی بنەماو بنچینە دامەزراوەكان, هەروەها ئەوەشی كەپێویستە كەپێشـینانی ئوممەت لەسەری یەكدەنگ و كۆكن .**

**2- جێبەجێكردنی ئەحكامەكان لەنێوان ئەوانەی كە ناكۆكی و كێشـەیان لەگـەڵ یەكـدی هەیـە, هـەروەها دەبێت گرفت كێشەكان یەكلایی بكاتەوەو كۆتاییان پێ بێنێت .**

**3- پاراستنی ناوەندی ووڵات, هەروەها پارێزگاریكردن لەماف و بەرژەوەندیەكانی خـەڵكی, بۆئـەوەی خـەڵكی لەژیانی خۆیان بەردەوام بن .**

**4- جێبەجێكردنی حـەددە شـەرعیەكان, لـەپێناو پارێزگـاریكردن لەسـنورە شـەرعیەكانی ئـایینی خـودا, لەبەزاندن و پێشێلكردن .**

**5- پاراستنی سەنگەرەكانی سوپای دەوڵەتی خیلافەتی ئیسـلامی و تـەیاركردنی سـوپای ئیسـلام بەچـەك و كەرەستەی سەربازی و هێزی بەرگری .**

**6- جیهـادكردن لەبەرامبـەر نـەیارانی ئیسـلام, لـەپاش دەعوەكردنیـان و بانگكردنیـان بـۆ موسـڵمانبوون هەتاوەكوو یان موسڵمان دەبن, یاخود ڕازی دەبن كە جزیەو سەرانە بدەن بەدەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی .**

**7- وەرگرتنی باج و (فەیئ) و زەكاتەكان, بەپێی شەرع .**

**8- دیاریكردنی بەخشینەكان و ئەوەشی كەپێویستە بە بەیتولمال بدرێت .**

**9- دیاریكردنی بژێوی پێشەوایان و ئەمیرەكان و دانانی كەسانی زانا بۆ ئامۆژگاریكردنی موسڵمانان .**

**10- پێویستە خەلیفەی موسڵمانان بۆخۆی ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی كاروبارەكانی دەوڵەتی ئیسلامی بكـات و لەبارەی ڕەوشی ووڵات و هەلومەرج و گوزەرانی موسڵمانانەوە پرسیار بكات .**

**11- پاراستنی كاروباری نێوخۆی ووڵات, بەتەواوی لایەنە جیاوازەكانیەوە, لەگەڵ دەسـتتەبەركردنی ئـەمن و ئاسایش و سەلامەتی .**

**12- پاراستنی كاروباری دەرەوەی ووڵات, لەنموونەی پێوەندی و بەرژەوەندییەكانی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی لەگەڵ دەوڵەتانی دیكەی جیهان, بەوشێوازەی كە شەریعەتی ئیسلامی بڕیاری لەسەرداوە .**

**13- پاراستنی دەوڵەت لەدەستدرێژی دەرەكی .(100)**

## مافەكانی خەلیفە :

**خەلیفەی موسڵمانان هەروەك چۆن شومارێك ئەرك و بەرپرسیاریەتی لەسەر شـانە, بەهـەمان شـێوە خـاوەنی شومارێك حەق و مافە,**

---

(100) الإدارة والحكم في الإسلام فكر وتطبيق-أ. د. عبدالرحمن بن إبراهيم الضحيان-ل208-209 .

که پێویسته موسڵمانان بۆی جێبەجێ بکەن . لەنموونەی ئەو مافانەی کە حەقی خەلیفەن, بریتین لە :
- پێویسته موسڵمانان گوێڕایەڵی بکەن و سەرپێچی فەمانەکانی نەکەن . هەڵبەت لەچوارچێوەی شەریعەتی ئیسلامی دا .
- پێویسته موسڵمانان جەنگی لەدژ نەکەن . بەڵکو پشتیوانی لێ بکەن و سەری بخەن .
- پێویسته موسڵمانان سوکایەتی پێ نەکەن و تەشەری لێ نەدەن, بەڵکو ڕێزی بگرن وەك خەلیفەی موسڵمانان و وەك جێنشینی پێغەمبەری خودا (ص) .
- پێویسته موسڵمانان سەبری لەسەر بگرن, واتا ئەگەر هەڵەیەك یاخود کارێکی نادروستی لێوەشایەوە, ئەوا پێویستەموسڵمانان لێ بوردوبن لەبەرامبەریەوەو بەڕێگای شیاو وەڵامی بدەنەوە, تاوەکو دەستبەرداری ئەو کارە نادروستە دەبێت و دەگەڕێتەوە بۆ قورئان و سوننەت و ڕێبازی سەلەف .
- پێویسته موسڵمانان فێڵی لێ نەکەن, بەڵکو بەئەمەك و ڕاستگوبن لەگەڵی .
- پێویسته موسڵمانان بەدڵسۆزییەوە ئامۆژگاری بکەن, واتا هانی بدەن بۆ خێرو چاکەو یارمەتی دەری بن لەپێڕەویکردنی ڕێبازی ڕاست و دروستی ئیسلام .
- پێویسته موسڵمانان ڕێگری لێ بکەن لەخراپەو خراپەکاری, هەڵبەت بەئامۆژگاری و قسەی خێر, گەر دەستی هەڵنەگرت, ئەوا پێویستە بەچەك ڕێگری لێ بکرێت, گەر هەر نەگەڕایەوە ئەوا پێویستە موسڵمانان لەپایەی خیلافەت لای بدەن .
- پێویسته موسڵمانان یارمەتی دەری بن لەکاری خێرو چاکەو کۆمەکی بکەن و سەری بخەن .(101)

## دەسەڵاتەکانی خەلیفە :

خەلیفە, سەرۆکی باڵای دەوڵەتە لەسیستمی سیاسی ئیسلامی دا . لەهەمانکات سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێکردنەو بەپێی تواناو شارەزایی لەبواری شەرعەتی ئیسلامی دا, مافی ئیجتیهادی هەیە, هەروەك لێپرساوی دەسەڵاتی دادوەرییەو بەرپرسیارە لەبەرپاکردنی دادگەری لەنێوان موسڵمانان و باقی هاوڵاتیانی وڵاتی ئیسلامی دا .(102), بەڵام بۆخۆیشی بەرپرسیارە لەبەرامبەر دادگاداو لەکاتی هەر لادان و هەڵەیەکدا, دادوەری دەوڵەتی ئیسلامی مافی بانگکردن و لێپرسینەوەو سزادانی خەلیفەی هەیە .

## دەسەڵاتەکانی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی :

دەسەڵاتەکانی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی بریتین لەدەسەڵاتەکانی :
- دەسەڵاتی جێبەجێکردن .
- دەسەڵاتی تەشریعی .
- دەسەڵاتی دادوەری .

---
(101) الخلافة والملك-أبو الأعلى المودودي-ل196
(102) الخلافة الإسلامية بين النظم الحكم المعاصرة-جمال أحمد السيد جاد المراكبى-ل410 .

**خەلیفەی موسـڵمانان لەهـەر سـێ بـواری دەسـەڵاتەکانی جێبـەجێکردن و تەشـریعی و دادوەری دا, خـاوەنی دەسەڵات و بڕیارە, هەڵبەت لەسەر بنەمای قورئان و سوننەت و ڕێبازی سەلەف .**

**※ لەبواری جێبەجێکردندا, خەلیفەی موسڵمانان سەرۆکی دەوڵەت و سوپای ئیسـلامیەو فـەرمانی جـەنگ و ئاشـتی لەدەسـتی دایـەو سیاسـەتی گشـتی دەوڵـەتی ئیسـلامی دیـاری دەکـات, لەهـەمانکات دەسـەڵاتی دامەزراندنی وەلی عەهد (جێگری خەلیفە), و ڕاوێژکاران و وەزیرەکان و فەرمانبـەرانی دەوڵـەتی خیلافـەتی ئیسلامی هەیە, هەروەك دەسەڵاتی لەکارخستن و لادانیشیانی هەیە .(103), لەوپلەو پایانـەی کـە خەلیفـەی موسڵمانان, کاربەدەستیان بۆدەستنیشان دەکات, بریتین لە :**

**أ- وەلی عەهد (جێگری خەلیفـە) : لەلایـەن خەلیفـەی موسـڵمانانەوە هەڵدەبـژێردرێت و دیـاری دەکرێـت, ئەمەش لەسەر بنەمای سوننەتی پێغەمبـەر(ص), کـە لـەکاتی دەرچـوونی بـۆ غـەزاو عـەمرە, کەسـێکی لەهاوەڵان دیاری دەکرد بۆسەرپەرشتی کردنی مەدینە, لەنموونەی ئەو کەسانەی کەپێغەمبـەر وەك جێنشـینی خۆی دیاریکردوون و دای ناون لسەر شاری مەدینەی پرۆز (عبداللەی کوڕی ئـوم مـەکتوم, عوسمـانی کـوڕی عەففان, ئەبوزەڕی غەففاری و ... هتد .(104)**

**زانایانی ئوممەتی ئیسلامی لەسەر ئەوڕایەن کەخەلیفەی موسڵمان دەتوانێت تاوەکو دوو جێنشین بۆخۆی دیـاری بکات, ئەمەش لەسەر بنەمای سوننەتی پێغەمبەر(ص), کە لەکاتی بـەڕێکردنی سـوپای موئتـەدا, زەیـدی کوڕی حارسەی وەك سەرۆکی سوپا دەستنیشانکرد, پاشان پێغەمبەر(ص) دوو جێنشینی بۆ دیـاری کـرد, کـە ئەوانیش جەعفەری کوڕی ئەبوتالیب و عبداللەی کوڕی ڕەواحە بوون, پێغەمبەر(ص) فەرمووی ئەگـەر زەیـد شەهیدبوو, ئەگەر هاتوو جەعفەریش شەهیدبوو, ئەوا عبداللەی کوڕی ڕەواحە جێگای دەگرێتەوە .(105)**

**خەلیفەی موسڵمانان دەسەڵاتەکانی وەلـی عەهـد دیـاری دەکـات و ئـەرکی پـێ دەسـپێرێت, لەهـەمانکات خەلیفەی موسڵمانان دەسەڵاتی لەکارخستن و لادان و گـۆڕینی وەلـی عەهـدی هەیـە, لەهـەرکاتێك کـەخۆی بیەوێت . ئەرکی وەلی عەهد هاوکاریکردنی خەلیفەی موسڵمانانە لەکاروبارەکانی دەوڵەت دا .**

**ب- ڕاوێژکار : ئەو کەسانەن کەخەلیفە لەکاروبارەکانی دا پرس و ڕاوێژیان پێدەکات و سوود لەبیرو بۆچـوون و پێشنیارەکانیان وەردەگرێت لەپێناو دەرکردنی بڕیارو فەرمانی ڕاست و دروسـت بـەجۆرێك کـە لەبەرژەوەنـدی موسڵماندا بێت . پێغەمبەریش(ص) لەوبارەیەوە دەفەرمێت (المستشار مؤتمن)(106), خەلیفەی موسڵمانان بۆخۆی ڕاوێژکاران هەڵدەبژێرێت بەپێی پێویستی کارەکانی, هەروەك خەلیفەی موسڵمانان مافی لەکارخسـتن و گۆڕینی ڕاوێژکارانی هەیە .**

**ئەرکی ڕاوێژکار پێشکەشکردنی ئامۆژگاری و پێشنیاری بەسوودە بۆ خەلیفەی موسڵمانان,**

---

(103) الخلافة الإسلامية بين النظم الحكم المعاصرة-جمال أحمد السيد جاد المراكبی-ل410-411 .

(104) التراتيب الإيدارية=نظام الحكومة النبوية-محمد عالحي بن الكبير إبن محمد الحسني الإدريسي-ل261-262 .

(105) الأحكام السلطانسة للماوردي-أبوالحسن علي ببن محمود بن محمد بن حبيب-ل17-18 .

(106) إبـن ماجـة, محمد بـن عبدالله بـن يذيـد القزوينـي (ت-237ه) السـنن تحقيـق : محمـد فـواد عبـدالباقي, دار احيـاء الكتـب العربيـة-(1233/2), مصباح الزجاج-(120/4) .

لەهەمانکات دەبێت خەلیفە ئاگاداربکاتەوە لەهەر هەڵەو کەموکوڕی و مەترسیەك کەڕووبەڕووی دەوڵەتی خیلافەت و موسڵمانان ببێتەوە . بەشێوەیەکی گشتی ڕاوێژکار دووجۆرە, کە یەکەمیان ڕاوێژکاری ئایینیە بۆکاروباری ئایینی, دووەمیان ڕاوێژکاری دونیایی جالەبواری سیاسی, یان ئابووری, یان سەربازی, وەیان ... هتد, پێویستە ڕاوێژکار کەسێکی زیرەك و خاوەن ئەزموون و هوشیار بێت .(107)

ج- وەزیر : واتا کەسێکی باوەڕپێکراو, کە لەڕووی ئایینی و عەقڵیەوە متمانە پێکراوەو خەلیفەی موسڵمانان لەکاروبارەکانی دا پرس و ڕای پێدەکات .(108), و کاری وەزارەتی پیێ دەسپێرێت, لەنموونەی وەزارەتی بەیتولمال, وەزارەتی شورتە, وەزارەتی داد, .... هتد .

پێغەمبەر(ص) دەفەرمێت (وزيراي من أهل السماء جبريل و ميكائيل, و وزيراي من أهل الأرض أبوبكر و عمر)(109), کە لەزەمەنی پێغەمبەر(ص) جگەلە ڕۆڵی ڕاوێژکار, ئەبوبەکری سدیق و عومەری کوڕی خەتتاب (ر.ض) ڕۆڵی وەزیریان دەبینی لەخزمەت پێغەمبەری خوادا(ص) . لەڕایی کردنی کاروبارەکانی دەوڵەتی مەدینەدا هاوکاری پێغەمبەریان دەکرد, چ لەبواری بڕیاردان و چ لەبواری ئابووری و سەربازی و ڕێکخستن و کۆکردنەوەی زەکات و .... هتد .

د- والی : واتا کاربەدەستی هەرێمەکانی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی, یاخود فەرمانڕەوای شارەکان کە لەلەین خیلفەی موسڵمانانەوە دادەنرێت و لەکار لادەدرێت, هەڵبەت بەمەرج, پاشان والی هەڵدەسێت بەدامەزراندنی فەرمانبەرانی دامەزراوەکان .

هاوکات لەگەڵ گەشەکردنی دەوڵەتی ئیسلامی و فراوانبوونی ڕووبەری خاك و زیادبوونی مارەی دانیشتوان و پێشکەوتنی ژیان, بەپێی پێویستی قۆناغەکانی ژیانی ئوممەتی ئیسلامی و لەپێناو ڕێکخستنی کاروباری دەوڵەتی خیلافەت, ژمارەی وەزارەتەکانی دەوڵەتی ئیسلامی زیادکراون, لەهەمانکات شێوازی ڕێکخستنی کاروبارەکانی وەزارەت گەشەو پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوە بینیوەو سەرکەوتوو بووە لەڕایی کردنی ئەرکەکانی .

خەلیفەی موسڵمانان, وەزیرەکان هەڵدەبژێرێت و وەزارەتیان پیێ دەسپێرێت و سنوری دەسەڵاتەکانیان دیاری دەکات, هەربۆخۆیشی لەکاریان دەخات و لایان دەدات لەوەزارەت .

وەزارەت دووجۆرە .

أ- وەزارەتی دەسەڵاتپێدراو .

ب- وەزارەتی جێبەجێکردن .

---

(107) بدائع السلك في طبائع الملك-محمد بن علي بن محمد الأصبحي-ل309-316 .

(108) تخريج الدلالات السمعية-علي بن محمد بم أحمد موسى-ل52-53 .

(109) راجع : سيرة عمر بن الخطاب لإبن الجوزي-ص-23-و تخريج الدلالات للخزاعي-ص-27 .

**أ- وەزارەتی دەسەڵاتپێدراو : لەلایەن خەلیفەوە دادەمەزرێت و خاوەنی دەسەڵاتی فراوانەو دەتوانێت بڕیاربـدات وەك فەرمانڕەواو چاو بەکاروبارەکانی ستەملێکراواندا بخشێنێتەوەو سوپا ڕێکبخات و پلانی جەنگ دابڕێژێت و تەسەڕوف بە بەیتولمالەوە بکات .(110)**

**ب- وەزارەتی جێبەجێکردن : تەنها کـاری جێبـەجێکردنی فەرمانـەکانی سـەروخۆیەتی و ڕۆڵـی نێوەنـدگیری دەبینێت لەنێوان هاوڵاتیان و فەرمانڕەوایاینداو کاردەکات بۆگەیاندنی داواو خواستی خەڵکی بەدەسەڵاتی باڵـا (111).**

**مەرجەکانی وەزیر :**

**پێویستە وەزیر کەسێکی موسڵمانی باڵغی نێری عاقڵی بەتوانای متمانـەپێکراوبێت .(112), لـەکاتی نـەمان یاخود لەدەستدانی هەرکام لەو سیفەتانە, ئەوا خەلیفەی موسڵمانان دەسەڵاتی لەکارخسـتن و لادانـی وەزیـری هەیە .**

## وەزارەتەکانی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی جۆری ئەرکەکانیان :

**دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی, لەهەر سەردەمێکداو بەپێی پێویسـتی قۆناغـەکانی مێـژووی ژیـانی ئومـەتی ئیسلامی, وەزارەتی نوێی دامەزراندووە, تاوەکو کاروباری موسڵمانانی پێ ڕایی بکات . ئێمـەش لێـرەدا نـاوی وەزارەتەکانی دەوڵەتی خیلافـەتی ئیسـلامی و ئەرکـەکانیان و سـنوری دەسـەڵاتەکانیان دەخەینـە ڕوو . ئـەو وەزارەتانەش بریتین لە :**

*** وەزارەتی بەیتولمال : کە لەمڕۆدا بەوەزارەتی دارایی ناودەبرێـت, لەلایـەن خەلیفـەی موسـڵمانانەوە وەزیـری بۆدادەنرێت, تەواوی سەرچاوە ئابووریەکانی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی لـەم وەزارەتـەدا کۆدەکرێتـەوە . ئـەو داهاتانەش بریتین لە :**

**أ- غەنیمە : ئەو ماڵ و سامانەیە کە لەڕێگای جەنگ و جیهادەوە دەستی دەوڵەتی خیلافەت دەکەوێت, پاشان دەوڵەت بەپێی فـەرمانی خـودای گـەورە دابەشـی دەکـات .(113), وەك لـەم ئایەتـە پـیرۆزەدا ڕونکراوەتـەوەو دەفەرمێت** (وَاعْلَمُوا أَنَّمَا غَنِمْتُمْ مِنْ شَيْءٍ فَأَنَّ لِلَّهِ خُمُسَهُ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ)(114)

**ب- فەیئ : ئەو سەروەت و سامانە دەگیرێتەوە کەبەبێ جەنگ و کوشتار دەستی دەوڵەتی ئیسلامی دەکـەوێت .(115), وەك خودای گەورە ئاماژەی پێدەداو لەوبارەیـەوە دەفـەرمێت** (وَمَا أَفَاءَ اللَّهُ عَلَى رَسُولِهِ مِنْهُمْ فَمَا أَوْجَفْتُمْ عَلَيْهِ مِنْ خَيْلٍ وَلَا رِكَابٍ وَلَكِنَّ اللَّهَ يُسَلِّطُ رُسُلَهُ عَلَى مَنْ يَشَاءُ وَاللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ)(116)**, بەپێی دەقی قورئانی پیرۆز دابەشدەکرێت بەسەر ئـەم کەسـانەدا, وەك دەفـەرمێت** (مَا أَفَاءَ اللَّهُ عَلَى رَسُولِهِ مِنْ أَهْلِ الْقُرَى...

---

(110) تحرير الاحكام في تدبير أهل الاسلام-أبو عبدالله, محمد إبراهيم بن سعدالله-ل77 .

(111) نظام الحكم في الشريعة والتاريخ الإسلامي-ظافر القاسمي-ل444-445 .

(112) قوانين الوزارة وسياسة الملك-أبوالحسن علي بن محمد بن حبيب-ل159-199 .

(113) السياسة الشرعية-إبن التيمية-ل56-60 .

(114) القران الكريم-سورة الانفال-الاية-41 .

(115) سیستەمی ئابووری لەڕوانگەیەکی ئیسلامیدا-پ. د, أحمد محمد گە بالیسانی-ل45 .

(116) القران الكريم-سورة الحشر-الاية-6 .

فَلِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ)(117)

**ج- جزيه : لەهەموو كەسێكی غەيرە موسڵمان دەسەندرێت, واجبە لەسەر هەموو كەسێكی كافر,جا ئەهلی كيتاب بێت ياخود موشريك و بتپەرستان و هتد, كە باڵغ و عاقڵ بێت و توانای كاركردنی هەبێت و لەووڵاتی ئيسلام و لەژێرسايەی خيلافەتدا بژی, جزيە بدات بەدەوڵەتی خيلافەتی ئيسلامی .(118), خودای گەورەش لەوبارەيەوە دەفەرمێت** (قَاتِلُوا الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَلَا بِالْيَوْمِ الْآخِرِ وَلَا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَلَا يَدِينُونَ دِينَ الْحَقِّ مِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ حَتَّى يُعْطُوا الْجِزْيَةَ عَنْ يَدٍ وَهُمْ صَاغِرُونَ)(التوبة :٢٩)

**د- صدقات : يەكێكی ديە لەسەرچاوەكانی ئابووری ئيسلامی, قورئانی پيرۆز ئەم داهاتە دابەشدەكات بەسەر هەموو ئەو كەسانەی كەهەژارن, وەك ئاماژەی پێداون .(119), و دەفەرمێت** (إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاءِ وَالْمَسَاكِينِ وَالْعَامِلِينَ عَلَيْهَا وَالْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمْ وَفِي الرِّقَابِ وَالْغَارِمِينَ وَفِي سَبِيلِ اللَّهِ وَابْنِ السَّبِيلِ)(120)

**ه- خەراج : باجێكی ساڵانەيەو لەزەويە كشتوكاڵيەكانە وەردەگيرێت كەبەرێگای گيراون بەڵام لەدەستی كارفراندا هێڵراونەتەوە و كشتوكاڵيان تێدا دەكەن .**

**و- باج : ئەو باجانەن كە لەسەر بازرگانی ناوخۆو دەرەوەیووڵات دادەنرێت, يان لەسەر پيشەسازی و كاری ئابووری دادەنرێت .**

**ی- داهاتی دەزگاكانی دەوڵەت : وەك داهاتی رێگاو بان و جێگا گشتيەكان, كە لەژێر سەرپەرشتی و چاودێری دەوڵەتدان .(121)**

*** وەزارەتی شورتە : كە لەمرۆدا بەوەزارەتی نێوخۆ ناودەبرێت, لەزەمەنی پێغەمبەردا(ص), قەيسی كوڕی سەعد هەميشە لەخزمەت پێغەمبەردا بووەو رۆڵی شورتەی بينيوە لەزەمەنی حكومەتی پێغەمبەردا(ص)**(122)

*** وەزارەتی داد : عومەری كوری خەتتاب يەكەم دادوەری دامەزراند لەسەردەمی خيلافەتی خۆيدا, تاوەكو دادپەروەری لەنێوان خەڵكی دا بەرپابكات وەك خودای گەورە فەرمانی پێكردووەو دەفەرمێت** (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ بِالْقِسْطِ شُهَدَاءَ لِلَّهِ وَلَوْ عَلَى أَنْفُسِكُمْ أَوِ الْوَالِدَيْنِ وَالْأَقْرَبِينَ إِنْ يَكُنْ غَنِيًّا أَوْ فَقِيرًا)(123),

---

(117) القران الكريم-سورة الحشر-الاية-7 .
(118) كتاب الخراج-للقاضي أبي يعقوب بن غبراهيم-ل122 .
(119) شرح الكتاب السياسة الشرعية-شرح الشيخ محمد صالح العثيمين-ل106-108 .
(120) القران الكريم-سورة التوبة-الاية-60 .
(121) سيستەمی ئابووری لەروانگەيەكی ئيسلاميدا-پ. د, أحمد محمد گە باليسانی-ل45-47 .
(122) حسن السلوك الحافظ الدولة الملوك-محمد بن محمد ين عبدالكريم بن رضوان-ل115 .

(123) القران الكريم-سورة النساء-الاية-135.

**بەپێی ئایینی ئیسلام, پێویستە کەسی دادوەر (بالّغی, عاقلّی, ئازادی, موسلّمانی, نێری, دادپەروەری, موجتەهیدی, لەش ساغ بێت و هەستەکانی تەواوبن)** (124)

* **وەزارەتی جیهاد : کە لەمڕۆدا بەوەزارەتی جەنگ ناودەبرێت, جیهاد لەئایینی ئیسلام دا لەپێناوی ئازادکردنی مرۆڤەکان و هەروەها لەپێناوی پاراستنی موسلّمانان و وولّاتی ئیسلام, لەهەمانکات بۆ ترساندنی دووژمنانی ئیسلام, واتا ئەو دووژمنانەی کەدەیانەوێت دەستدرێژی بکەنە سەر ئوممەتی ئیسلامی, هەروەك بۆ تێکشکاندنی هەموو ئەو تاغوت و زۆردارنەیە کەخۆیان سەپاندووە بەسەر مرۆڤەکاندا, فەریزەی جیهاد لەئایینی ئیسلامدا لەسەر کەسانی (موسلّمانی بالّغی ئازادی نێری لەش ساغی ژێری خاوەن دارایی پێویست) واجبە** .(125)

* **وەزارەتی حیسبە : وەزارەتی ئەمربەچاکەو نەهی لەخراپە یاخود ئەوقاف, لەلایەن خەلیفەی موسلّمانانەوە دادەزرێت, تاوەکو فەرمان بەموسلّمانان بمات بۆچاکەو ڕێگریان لێ بکات لەخراپە, ئەمەش لەپێناو چاکسازیکردنی کۆمەلّگاو پاراستنی ئایینی موسلّمانان و جێبەجێکردنی بەرژەوەندی دیینی و دونیایی خەلّکی بەپێی شەریعەتی ئیسلامی** .(126), **وەك خودای گەورە ئاماژەی پێداوەو دەفەرمێت** (وَلْتَكُنْ مِنْكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ)(127), **پێغەمبەریش(ص) لەوبارەیەوەیەوە دەفەرمێت** (من رأى منكم منكراً فليغيره بيده فإن لم يستطع فبلسانه فإن لم يستطع فبقلبه وذلك أضعف الإيمان)(128)

**مەرجەکانی کەسی موحتەسیب :**

**پێویستە کەسی موحتەسیب, یاخود ئەمرکەر بەچاکەو ڕێگریکار لەخراپە خاوەنی ئەم سیفەتانە بێت (موسلّمان بێت, بالّغ بێت, توانای ئەنجامدانی ئەوکارەی هەبێت, دادپەروەربێت, لەلایەن خەلیفەوە دەسەلّاتی پێدرابێت)** (129),

**ئەرکی دامەزراوەی حیسبە :**

**ئەرکی حیسبە, پارێزگاریکردنی سنورە حەرامکراوەکانی خودای گەورەیە لەشکاندن, لەهەمانکات پاریزگاریکرنە لەبەرژەوەندی گشتی و چاودێریکردنی بازاڕو کاروباری داودەزگاکانی کۆمەلّگایە بەگشتی** (130).

---

(124) النظام القضائي-وزارة الأوقاف السعودي-ل9-19 .
(125) الجهاد في الإسلام بين طلب والدفاع-ل78, ل58 .
(126) الحسبة لغبن التيمية ت الشحود-تقي الدين أبوالعباس أحمد-ل2 .
(127) القران الكريم-سورة ال عمران-الاية-104 .
(128) صحيح مسلم برقم-(186) .
(129) الحسبة-جامعة المدينة-جامعة المدينة العالمية-ل69-70 .
(130) الحسبة-موقع وزارة الأوقاف السعودي-ل3 .

**شێوازی جێبەجێکردنی حیسبە :**

**شێوازی جێبەجێکردنی ئەرکەکەی بەسێ قۆناغ دەستپێدەکات, یەکەم قۆناغ بەدەست گەر لەتوانادا بوو, دووەم قۆناغ بەزووبان, سێیەم قۆناغ بەدڵ .(131), هەروەك پێویستە کەسی موحتەسیب رەوشتبەرزبێت و تەنها مەبەستی رەزامەندی خودای گەورەبێت و پابەندبێت بەسنونەتی پێغەمبەرەوە(ص)(132)**

*** وەزارەتی تەعلیم : کە لەمرۆدا پێیدەگوترێت وەزارەتی پەروەردەو خوێندن, کە لەزەمەنی پێغەمبەرداو لەشاری مەدینەدا بایەخ بەخوێندن و فێربوون دراوەو لەپاشترو لەزەمەنی خیلافەتی راشیدین, زیاتر پەرە پێدراەو لەمزگەوتەکاندا, نەوەی موسڵمانان فێری خوێندنەوەو زانست کراون .**

*** وەزارەتی خاریجی : یان وەزارەتی دەرەوە, لەزەمەنی پێغەمبەردا(ص) بایەخی پێدراوە, ئەمەش لەپێناو گەیاندنی ئایینی ئیسلام بەووڵاتانی دوروبەری جزیرە, لەپاشترو لەزەمەنی خیلافەتی ئیسلامی دا, زیاتر بایەخی پێدراوە ئەمەش بەمەبەستی رێکخستنی کاروباری دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی لەگەڵ وڵاتانی دیکەی جیهاندا .**

**دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی خاوەنی چەندین وەزارەتی دیکەیەو دەشکری بەپێی پێویستی قۆناغەکانی ژیانی موسڵمانان, وەزارەتی دیکە زیادبکرێت, لەنموونەی ئەو وەزارەتانەی دیکە دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی کە لەرابوردوودا لەدەوڵەتی ئیسلامیدا بوونیان هەبووە, وەزارەتی چاکسازیکردنی کشتوکاڵ و ئاودێری و رێگاوبان و بەریدو ..... هتد .**

**دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی, دەوڵەتێکی ناوەندیەو خەلیفە خاوەنی دەسەڵات و بریای یەکەم و کۆتایە, هەڵبەت لەچوارچێوەی شەریعەتی ئیسلامی دا . هەروەها پلەو پایەو پۆستەکان بۆموسڵمانانە, واتا کافران بۆیان نیە ببنە کاربەدەست و فەرمانرەوای موسڵمانان .(133), وەلێ هەندێك لەزانایان دەڵێن دەکرێت لەبواری جێبەجێکردندا, کافران هەندێ دەسەڵاتیان پێ بدرێت, کە ئەوەش گومانی لەسەرە, چوون کافران جێگای باوەرنین . هەروەك پلەو پایە باڵاکانی دەوڵەت بەئافرەتانیش نادرێت, لەنموونەی پایەی خیلافەت, وەزیر, سەفیر .(134), هەروەها رێگانادرێت کە ئافرەتان ببنە دادوەر .(135), هەڵبەت ئەمەش لەسەر بنەمای قورئان و سوننەت و رێبازی سەلەفە, ئالێرەوە دەردەکەوێت کەدەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی, سیستمێکی تایبەتمەندو جیاوازە لەتەواوی دەوڵەت و سیستمە رۆژئاوایی و رۆژهەڵاتیەکان .**

---

(131) أهمیه الحسبه فی النظام الإسلامی-عبدالرحمان بن حسن البیتی-ل30 .

(132) الحسبة في النظام الإسلامي : أصولها الشرعية وتطبيقاتها العلمية- رسالة ماجستر الأستاذ إدريس محمد عيمان-ل155-156 .

(133) إنتخابات وإحكامها فی الفقه الإسلامی-فهد بن صالح بن عبدالعزیز العجلان-ل190-191 .

(134) المرأة والولايات السيادية-عبدالرحمان بن سعد الشثري-ل6-30 .

(135) حكم تولي المرأة القضاء-إبراهيم بن علي السفياني-ل2-7 .

**سنوری گوێڕایەڵیکردنی خەلیفە :**

**گوێڕایەڵکردنی خەلیفەو پابەندبوون بەفەرمانەکانەوە, واجبە لەسەر موسڵمانان لەچوارچێوەی قورئان وسوننەتدا, واتا نەخەلیفەو نەموسڵمانان بۆیان نیە سەرپێچی حوکمی خودای گەورە بکەن, هەرکەسی ئەوکارە بکات کافر دەبێت** .(136), **خودای گەروە لەوبارەیەوە دەفەرمێت** (فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّى يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنْفُسِهِمْ حَرَجًا مِمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا)(137), **لەهەمانکات پێغەمبەر(ص) دەفەرمێت** (لاطاعة لمخلوق في معصية الخاق)(138), **ئالێرەوە بۆمان ڕوندەبێتەوە کەدەبێت موسڵمانان گوێڕایەڵی خەلیفەبن تائەوکاتەی خەلیفە گوێڕایەڵی خوداو پێغەمبەرە(ص), وەلێ هەرکات خەلیفەی موسڵمانان لەڕێبازی حەق لایداو سەرپێچیقورئان و سوننەتی کرد, ئەوا پێویستە موسڵمانان هەوڵبدەن بیگێڕنەوە سەر ڕێبازی ئیسلام و ناچاری بکەن کەپابەندبێت بەفەرمانی خوداو پێغەمبەروە(ص) . بۆ ئەم کارەش دەبێت موسڵمانان ئەم ڕێگاو شێوازانە بگرنە بەر :**

**أ- فەرمانکردن بەچاکەو ڕێگریکردن لەخراپە : کەئەمەش ئەرکی زانایانی موسڵمانە بەتایبەتی, پاشان ئەرکی موسڵمانانە بەگشتی, بۆیە پێویستە ئامۆژگاری خەلیفە بکرێت لەسەر هەڵەو لادانەکانی و ئاگادار بکرێتەوە** .(139), **خودای گەورە لەوبارەیەوە دەفەرمێت** (وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ)(التوبة :٧١), **پێغەمبەریش(ص) دەفەرمێت** (إن من أعظم الجهاد كلمة الحق عند سلطان جائر)(140)

**ب- ویڕایەڵی نەکردن لەخراپەدا :دەبێت موسڵمانان تەنها لەفەرمانی باش و بەسوددا گوێڕایەڵی خەلیفەو کاربەدەستان بکەن** .(141), **خودای گەورەش دەفەرمێت** (وَلَا يَعْصِينَكَ فِي مَعْرُوفٍ)(142), **هەروەك پێغەمبەریش(ص) لەبارەی گوێڕایەڵکردن کاربەدەستانەوە دەفەرمێت** (السمع والطاعة على المرءالمسلم فيما أحب وكره مالم يؤمر بيمعصية, غإذا أمر بمعصية فلاسمع ولاطاعة)(143)

**ج- ئارامگرتن بەحەددی پێویست : پێویستە موسڵمانان دەفەت بەخەلیفەو کاربەدەستان بدەن, واتا نابێت لەکاتی هەر هەڵەو سەرپێچیەکدا, دەستبەجێ شۆڕشیان لەدژ بەرپا بکەن و ڕاپەڕن لەدژیان . ئەمەش لەپێناو بەرگرتن لەسەرهەڵدانی تەفرەقەو پەرتەوازەیی لەنێوان موسڵماناندا** .(144), **پێغەمبەر(ص) ىلەبارەیەوە دەفەرمێت** (من رأى من أميرةشيئاً فكرهه فليصبر, فإن ليس أحد يفارق الجماعة شبراً, فيموت إلا مات ميتة الجاهيلة)(145), **هەڵبەت سەبرگرتنیش لەبەرامبەر خەلیفەو دەسەڵاتداراندا, تەنها لەکاتی لادان و هەڵەی بچوکدایە,**

---

(136) كتاب حدود السلطان-د. غبدالله قادري الأهدل-ل17-26 .
(137) القران الكريم-سورة النساء-الأية-65 .
(138) الحدبث .
(139) الخروج على الحاكم في الفكر السياسي الإسلامي-د. جمال الحسني أبوفرحة-ل17-26 .
(140) رواه الترمذي في الباب (13) من كتاب الفتن .
(141) الخروج على الحاكم في الفكر السياسي الإسلامي-ل27-28 .
(142) القران الكريم-سورة الممتحنة-الأية-12 .
(143) رواه البخاري غي صحيحة واللفظ له 240/16 من شرح فتح الباري .
(144) الخروج على الحاكم في الفكر السياسي الإسلامي-د. جمال الحسني أبوفرحة-ل28-33 .
(145) رواه البخاري في صحيحه واللفظ له 240/16 من شرح فتح الباري .

**واتا نەگاتە حەددی کوفر, وەك پێغەمبەر(ص) ئاماژەی پێداوەو دەفەرمێت** (خياركم أئمتكم الذين تحبونهم ويحبونهم وتصلون عليهم ويصلون عليكم, وشرار أئمتكم الذين تبغضونهم ويبغضونكم,

وتلعنونهم ويلعنونكم, قالو: يارسوالله أفلا نبابذهم عند ذلك؟ ... قال: لا, ما أقاموا فيكم الصلاة, ألا من ولي عليه وال فراه يأتي شيأً من معصية الله فليكره ما ئأتي من معصية الله ولا ينزعن يداً من طاعة الله)(146), **لێرەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە كە لەكاتی دەركەوتنی كوفرو تاوانی گەورەدا, پێویستە موسڵمانان بەشمشێرو چەك بەرەنگاری خەلیفەو كاربەدەستان ببنەوەو خیلافەت و پلەو پایەو دەسەڵاتەكانیان لێ وەربگرنەوەو حوكمی شەرعیان بەسەردا بچەسپێنن .**

## كۆتایهاتنی ماوەی خیلافەتی خەلیفە :

**لەسیستمی سیاسی ئیسلامی دا, ئەهلی حەل و عەقد واتا ئەندامانی شورا, خەلیفە هەڵدەبژێرن و لەپاشان موسڵمانان بەپەعەتی پێدەبەخشن, ئالێرەوە خەلیفە شەرعیەت وەردەگرێت, تاوەكو كاروباری دیینی و دونیایی ئوممەتی ئیسلامی ڕێكبخات, واتا خەلیفەی موسڵمانان ئەم ئەركە ڕادەپەڕێنێت وەك واجبێكی ئاییینی و وەك ئەركی سەرشانی خۆی, تائەوكاتەی كە لەتوانایدا بێت و مەرجەكانی خەلیفەیی تیادا مەوجودبێت, یاخود تاوەكو ئەوكاتەی كە وەفات دەكات . بەڵام گەرهاتوو یەكێك لەو مەرجانەی لەدەست دا, ئەوا پێویستە موسڵمانان لەكار لابدەن و پایەی خیلافەتی لێوەربگرنەوە .**

**هۆكارەكانی وەرگرتنەوەی پایەی خیلافەت لەخەلیفە :**

1- **هۆكاری ئاییینی :**

**أ- جێبەجێنەكردنی شەریعەتی ئیسلامی, تەرككردنی نوێژ .**

**ب- كارنەكردن لەبەرژەوەندی موسڵمانان, بەكارهێنانی دەسەڵات بەشێوەیەكی خراپ .**

**ج- فەرامۆشكردنی شوراو ڕاوێژنەكردن بەموسڵمانان و تاكڕەوی و خۆسەپاندن .**

**د- ئەنجامدانی ستەم و زۆرداری و پێشێلكردنی مافی خەڵكی .**

**ه- ئەنجامدانی خراپەكاری و بەرپاكردنی فەسادو فیسق و فجور .**

**و- فەرامۆشكردنی كاروباری موسڵمانان و بەهەدەردانی بەرژەوەندی گشتی .**(147)

**ی-مورتەدبوونەوەو لەئیسلام وەرگەڕان .**

2- **هۆكاری خودی :**

**أ- نوقسانی جەستەیی, وەك لەدەستدانی عەقڵ, یان لاوازبوونی .**

**ب- نوقسانی هەستەوەرەكانی وەك بینین و بیستن, هەروەها لەدەستدانی توانای قسەكردن .**

---

(146) رواه مسلم في صحيحة 245/12 من الشرح النووي .

(147) الطرق السلمية في تغير الحاكم الفاسد-يحيى بن علي جغمان-ل16-34 .

**ج- نوقسانی بەدەنی وەك پەككەوتنی جەستەیی و بێتوانایی لەڕاپەڕاندنی كاروبارەكانی لەنموونەی هاتن و چوون و دانیشتن, هەروەها تێكچونی ڕەوشت و ڕەفتاری .**(148)

3- مردن :
بەمردنی خەلیفە پایەی خیلافەت دەگەڕێتەوە بۆ موسڵمانان, ئەوکات ئەهلی حەل و عەقد (شورا) دەتوانن کەسێکی دی لەموسڵمانان بۆ پایەی خیلافەت دەستنیشان بکەن, گەر موسڵمانان پەسەندی بکەن و بەیعەتی پێ ببەخشن . هەڵبەت ئەگەر خەلیفەی پیشو وەسیەتی نەکردبێت و پایەی خیلافەتی نەسپاردبێت بەوەلی عەهد, یان هەر موسڵمانێکی دی .

شێوازەکانی وەرگرتنەوەی پایەی خیلافەت لەخەلیفە :
گەر هاتوو خەلیفەی موسڵمانان نەمردو بەردەوام بوو لەژیان و پایەی خیلافەتی لەئەستۆدابوو, بەڵام مەرجی خەلیفەیی لەدەستدابوو, جا مەرجی ئایینی بێت یاخود جەستەیی, ئەوا بەم شێوازانەی خوارەوە پایەی خیلافەتی لێوەردەگیرێتەوە :

1- بەرێگای ئاشتی :
أ- خەلیفەی موسڵمانان بۆخۆی ئیستیقالە دەکات و دەستبەرداری پایەی خیلافەت دەبێت .
ب- ئەنجومەنی حەل و عەقد (شورا) ی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی بڕیاری لەکارخستن و لادانی خەلیفەی موسڵمانان دەردەکات .
ج- زانایانی ئوممەتی ئیسلامی, یان موفتی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی, فەتوای لەکارخستن و لادانی خەلیفەی موسڵمانان دەردەکات .(149)

2- بەرێگای جەنگ :
أ- موسڵمانان جەنگی لەدژ بەرپادەکەن و لەپایەی خیلافەت لایدەدەن, لەرێگای بەکارهێنانی چەکەوە .
ب- ئوممەتی ئیسلامی شۆڕشی لەدژ بەرپا دەکات و پایەی خیلافەتی لێوەردەگرێتەوە .(150)
ج- سوپای دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی لەرێگای بەکارهێنانی هێزو بەکودەتای سەربازی لەپایەی خیلافەت لایدەدەن .

---

(148) نظام الحکم في الشريعة والتاريخ الإسلامي-ظافر القاسمي-ل378-381 .
(149) الطرق السلمية في تغير الحاكم الفاسد-يحيى بن علي جغمان-ل63-66 .
(150) الطرق السلمية في تغير الحاكم الفاسد-يحيى بن علي جغمان-ل67-70 .

# بەشی چوارەم

## سیستمی شورای دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی :

**دامەزراوەی شورا :**

**شورا :**

**ئەنجومەنی حەل و عەقد :**

**شێوازی هەڵبژاردنی ئەندامانی شورا :**

**مەرجەکانی ئەندامانی شورا :**

**ژمارەی ئەندامانی شورا :**

**ئەرکەکانی شورا :**

**بنەماکانی شورای دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی :**

**تایبەتمەندیەکانی شەریعەتی ئیسلامی :**

**بوارەکانی شورای ئیسلامی :**

**ماوەی کاتی شورا :**

**سنوری دەسەڵاتەکانی شورا :**

**ئەوبابەت و باسانەی کەشورای ئیسلامی گفتوگۆیان لەسەر دەکات :**

شورا, ئەنجومەنی ڕاوێژکاری دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامیە . بەشێوەیەکی ڕەسمی ئەرکی شورا هەڵبژاردنی خەلیفەو لەکارلادانیەتی لەکاتی پێویست دا, لەهەمانکات دامەزراوەی شورای ئیسلامی, ڕاو پێشنیاری شیاو پێشکەشی خەلیفەی موسڵمانان دەکات و ڕێنمای دەکات لەئیدارەدانی کاروبارەکانی دەوڵەتی خیلافەت دا .

**دامەزراوەی شورا :**

شورا : زاراوەیەکی ئیسلامی ڕەسەنەو بەمانای پرس و ڕاوێژکردن دێت, کەداوای کەڵك وەرگرتن لەبیرو بۆچوونی موسڵمانان دەکات لەپێناو گەیشتن بەبڕیاری درووست بەجۆرێك کە لەخزمەتی ئیسلامدابێت و لەگەڵ ئامانج و مەبەستی پەیامی ئیسلامیدا بگونجێت, تاوەکو موسڵمانان بەگشتی بەشداربن لەبڕیاردان, لەهەمانکات سەرجەمیان هەست بەبەرپرسیاریەتی بکەن لەبەرامبەر ئەو بڕیارەی کەداویانە .(151), خودای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا فەرمانی بەشوراکردووەو دەفەرمێت (وَأَمْرُهُمْ شُورَى بَيْنَهُمْ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنْفِقُونَ)(152), لەئایەتێکی دیکەدا دەفەرمێت (وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ)(153)

شورا : یەکێکە لەبنەما شەرعیەکانی ئایینی ئیسلام, کەڕەوایەتی خۆی لەقورئانی پیرۆزو سوننەتی پێغەمبەروە وەردەگرێت . پێڕۆو پرۆگرامی شورا وابەستەیە بە بیروباوەڕو عەقیدەو شەریعەتی ئیسلامیەوە, خاوەنی بنچینەیەکی قوڵی ڕیشەدارەو چوارچێوەی کارەکانی مەودایەکی فراوانی لەژیانی تاکی موسڵمان و کۆمەڵگای ئیسلامی گرتۆتەوەو ڕۆڵی کاریگەری تێدا دەبینێت .(154)

شورا, یەکێکە لەو بنەماگرنگانەی کە ئایینی ئیسلام پێشکەشی گەلانی کردووە, لەڕاستی دا شورا ئامرازێکی ئیسلامیە لەپێناو کۆکردنەوەی ئومەتی ئیسلامی, هەروەها لەپێناو تێپەڕاندنی ئاژاوەو ناکۆکیەکانی نێوان کۆمەڵ و گەلانی موسڵمان, تاوەکو لەم ڕێگایەوە بگەن بەبیرو ڕاو تێگەیشتنی ڕاست و گونجاو بۆ ژیانیان, هەروەك جێبەجێکردنی واجبێکی ئایینیە و پێویستە موسڵمانان پێڕەوی لێ بکەن وەك مافێکی خۆیان, تاوەکو بەشداربن لەکاروباری دەوڵەت و لەهەڵبژاردنی بژاردەکانیان ئازادبن .(155)

شورا : واتا ئاڵوگۆڕکردنەوەی بیروڕاو تێڕوانینەکانی مرۆڤ دەربارەی بابەتێك, یاخود بوارێك لەبوارەکانی ژیان, کە کەسانی شارەزاو خاوەن ئەزموون هەڵیانبژاردووە بەئامانجی گەیشتن بەباشترین بۆچوون و بڕیار لەپێناو جێبەجێکردنی ئەرکەکەو گەیشتن بەباشترین ئەنجام, ئەم بیروڕایە لەدایك دەبێت و دێتە بوون .....

(151) مفهوم الشورى في الإسلام-محمد خالد عمر-ا172 .
(152) القران الكريم-سورة الشورى-الاية-38 .
(153) القران الكريم-سورة ال عمران-الاية-159 .
(154) الشورى في الإسلام (ممارسة نيابية) تجربة المملكة العربية السعودية-إدارة المعلومات بمجلس الشورى-ل1-2 .
(155) الشورى في إدارة المجتمع المسلم وسياسة-رؤية في الإبداع السياسي الإسلامي-محمد مكي عثمان أزرق-ل28 .

لەمیانەی گفتوگۆی فیکری و ئەزموون و هەوڵ و تێکۆشان و لێکۆڵینەوەو توێژینەوەو زانست و ئەزموونکردن, کە پێچەوانەو دژ ناوەستێتەوە لەگەڵ قورئان و سوننەتی پێغەمبەر(ص)(156)

### ئەنجومەنی حەل و عەقد :

ئەنجومەنی حەل و عەقد, ئەندامانی شورای دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامین, کەخاوەنی دیدو تێڕوانینی شیاوو خاوەنی بیرو بۆچوونی گونجاون لەبوارەکانی سیاسی و ئابووری و سەربازی و و کۆمەڵایەتی .(157), لەهەمانکات شارەزای قورئان و سوننەت و شەریعەتی ئیسلامین . زانیاری و ڕێگاچارەی شیاو بۆخەلیفەی موسڵمانان پێشنیاردەکەن بۆچارەسەری گرفت و بارودۆخەکان کەڕووبەڕووی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی و ئوممەتی ئیسلامی و وڵاتی ئیسلامی دەبێتەوە بەجۆرێك کە لەبەرژەوەندی موسڵمانان بێت .

### شێوازی هەڵبژاردنی ئەندامانی شورا :

خەلیفەی موسڵمانان, ئەندامانی ئەنجومەنی شورای ئیسلامی هەڵدەبژێرێت . یان لەهەندێ حاڵەتداو لەلایەن موسڵمانانەوە هەڵدەبژێردرێن .

### مەرجەکانی ئەندامانی شورا :

أ- دەبێت بالغی عاقلی موسڵمان بێت, واتا کافران بۆیان نیە ببنە ئەندامی شورای دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی, وەك خودای گەورە دەفەرمێت (وَلَنْ يَجْعَلَ اللَّهُ لِلْكَافِرِينَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ سَبِيلًا)(158)

ب- دەبێت لەڕەگەزی نێرینە بێت, چوون ڕەگەزی نێر خاوەنی مافی سەرپەرشتیاریە بەسەر ڕەگەزی مێ دا, وەك خودای گەورە دەفەرمێت (الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاءِ بِمَا فَضَّلَ اللَّهُ بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ)(159), لەهەمانکات پیاوان زیاتر خاوەنی بڕیارو پێشنیاری گونجاون و خاوەنی بیرو فیکری تیژن .

ج- باوەڕو تەقوا, ئیمان و باوەڕو دادپەروەی لەو مەرجانەن کەپێویستە لەئەندامانی شوردا هەبن, چوون ڕاستگۆیی و متمانەپێکراوی لەو سیفەتانەن کە بۆئەندامانی شورای ئیسلامی گرنگن .

د- زانست, پێویستە ئەندامانی شورا شارەزایی تەواویان لەشەریعەتی ئیسلامی دا هەبێت, چوون بەبێ ئەو زانستە ناتوانن ئەرکی سەرشانیان جێبەجێبکەن و واجباتی ئیسلامی بەجێ بگەیەنن, هەروەها پێویستە شارەزایی باروزرووفی سەردەم بن و زانیاریان لەبوارەکانی دیکەی سیاسی و ئابووری ... هتد, هەبێت .

ه- بۆچوون و دانایی, پێویستە ئەندامانی شورا خاوەنی بیرو بۆچوونی شیاوو زانست و دانایی باش بن لەتەواوی بوارەکانی سیاسەت و ئابووری, هەروەها لەشەریعە تی ئیسلامی, تاوەکو بتوانن بگەن بەپێشنیاری شیاوو ڕێگاچارەی باش بۆکاروبارەکان دەستەبەربکەن .(160)

---

(156) الشورى في الإسلام (ممارسة نيابية) تجربة المملكة العربية السعودية-إدارة المعلومات بمجلس الشورى-ل1-2 .
(157) البيعة في الإسلام تاريخها و أقسامها بين النظرية والتطبيق-دكتور أحمد ال محمود-ل199 .
(158) القران الكريم-سورةالنساء-الاية-141 .
(159) القران الكريم-سورة النساء-الاية-34 .
(160) البيعة في الإسلام تاريخها و أقسامها بين النظرية والتطبيق-دكتور أحمد ال محمود-ل211-215 .

### ژمارەی ئەندامانی شورا :

زانایانی ئوممەتی ئیسلامی بۆچوونیان جیاوازە لەبارەی ژمارەی ئەندامانی شورای ئیسلامیەوە, هەریەك لەوان دیدو تێڕوانینی تایبەت بەخۆیان هەیە لەسەر ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی شورای دەوڵەتی خیلافەتی

ئیسلامیەوە . لەمەشیاندا هەریەکە لەوان پشت بەبەڵگەی شەرعی دەبەستن, لەنموونەی ئەو بۆچوونانە ئەمانەن :

- بۆچوونی یەکەم : کەزانایانی مەزهەبی حەمبەلی جەختی لەسەردەکەنەوەو پێیانوایە کەئەنجومەنی حەل و عەقد بریتین لە گروپێك کە لەژمارەیەکی کەم پێکهاتوون .

- بۆچوونی دووەم : بەشێکی دیکە لەزانایانی ئەممەتی ئیسلامی پێیانوایە کە ژمارەی ئەندامانی شورا (چل) کەسن, ئەمەش لەسەر بنەمای پشتبەستن بەنوێژی جومعە, کەدەبێت چل کەس لەموسڵمانان ئامادەی بن .

- بۆچوونی سێیەم : بەشێکی دیکە لەزانایانی ئوممەت پێیانوایە کەژمارەی ئەندامانی شورا پێنج کەسە, ئەمەش لەسەر ئەو بنەمایەی کەخیلافەتی خەلیفە ئەبوبەکری سدیق لەسەر بەیعەتی پێنج کەس دامەزرا, هەروەها هەندێکی دیکە لەزانایان پێیانوایە کە ژمارەی ئەندامانی شورا شەش کەسە, لەسەر ئەو بنەمایەی کە شورای عومەری کوڕی خەتتاب شەش کەس بوون, کە یەك لەوان سەرپەرشتی ئەنجومەنی شورای دەکرد .

- بۆچوونی چوارەم : هەندێك لەزانایانی ئوممەت پێیانوایە کە ژمارەی ئەندامانی شورا چوار کەسە, لەسەر ئەو بنەمایەی کە شەهادەتی تاوانی زینا بەشاهدی چوار کەس دەسەلمێنرێت .

-بۆچوونی پێنجەم : هەندێکی دی لەزانایان پێیانوایە ژمارەی ئەندامانی شورا سێ کەسە, کەیەك لەوان سەرپەرشتی دوانەکەی دیکەیان دەکات, لەسەر ئەو بنەمایەی کە گرێبەستی هاوسەرگیری بەشاهیدی دووکەس و بەسەرپەرشتی وەلی ئەمر ئەنجام دەدرێت و شەرعیەت وەردەگرێت .

بۆچوونی شەشەم : بەشێکی دی لەزانایانی ئوممەت پێیانوایە کە ژمارەی ئەندامانی شورا دوو کەسە, لەسەر ئەو بنەمایەی کە بۆیەکلایی کردنەوەی زۆرێك لەگرفتەکان, دادوەری دادگای دەوڵەتی ئیسلامی پیشت بەدوو شاهیدی ڕاستگۆ دەبەستێت .

-بۆچوونی حەوتەم : هەندێك لەزانایان پێیانوایە کە شورا بەیەککەسیش دادەمەزرێت, لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئیبنو عەباس داوای لەئیمامی عەلی کردووە کەدەستی بێنێت تاوەکو بەیعەتی پێبدات بۆ خیلافەت .

بۆچوونی هەشتەم : زانایانی مەزهەبی شافعی پێیانوایە کە ئەنجومەنی حەل و عەقد, واتا ئەندامانی ئەنجومەنی شورای دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی پێکدێت لەزانایان و پێشەوایان, واتا ئەو زاناو پێشەوایانەی کەخاوەنی مەرجی پێویستن, لەهەمانکات پێیانوایە لەکاتی کۆبوونەوەی ئەندامانی شورا, بەڕەزامەندی یەککەس لەئەندامانی شورا, بەیعەتی خیلافەت دادەمەزرێت .(161)

---

(161) الدولة الإسلامية وسلتطها التشريعية-الدكتور حسن صبحي أحمد عبداللطيف-ل150-156 .

## ئەرکەکانی شورا :

ئەنجومەنی شورای دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی چەند ئەرکێکی لەئەستۆدایە, کەپێویستە بەبەرپرسیاری و مەسئولیەتەوە جێبەجێیان بکات, لەنموونەی ئەو ئەرکانەش :

أ-هەڵبژاردن و بەیعەت پێدانی خەلیفە, لەھەمانکات ھەڵوەشاندنەوەی بەیعەتی خەلیفەی موسڵمانان, لەو کاتەی خەلیفە مەرجی خەلیفایەتی لەدەست دەدات .
ب- ئامۆژگاریکردنی خەلیفەی موسڵمانان و ھاوکاریکردنی لەبەڕێوەبردنی کاروبارەکانی ئوممەتی ئیسلامی, ئەوەش لەڕێگای پێشنیاری شیاو بۆچارەسەری قەیران و گرفتەکان .
ج- چاودێریکردنی جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامی و بەرپاکردنی حوکمی خودا .

بنەماکانی تەشریعی شورای دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی :
أ- قورئانی پیرۆز, یەکەمین و گرنگترین سەرچاوەی تەشریعی شورای خیلافەتەو تەواوی ئەحکامەکانی لێ وەردەگیرێت .
ب- سوننەتی پێغەمبەر(ص), لەپاش قورئان دووەمین سەرچاوەی تەشریعی شورای خیلافەتەو ھەر ئەحکامێك لەقورئاندا وەچنگ نەکەوێت, ئەوا لەسوننەتی پێغەمبەرەوە وەردەگیرێت .
ج- کۆڕا, سێیەمین سەرچاوەی تەشریعی شورای خیلافەتە, کەپشت دەقی بەقورئان و سوننەت دەبەستێت .
د- ئیجتیھاد, چوارەمین سەرچاوەی تەشریعی شورای خیلافەتە, لەپاش ئەوانیش (قیاس, الإستحسان, الإستصلاح, الإستصحاب, العرف) ھەیە کە لەئیسلام دا کاریان پێدەکرێت .(162)

تایبەتمەندیەکانی شەریعەتی ئیسلامی :
أ- شەریعەتی ئیسلامی خودابیە .
ب- شەریعەتی ئیسلامی ھەموەکیە ,
ج- شەریعەتی ئیسلامی گشتگیرە .
د- شەریعەتی ئیسلامی لەسەر پاداشت و سزا وەستاوە .
ھ- شەریعەتی ئیسلامی نموونەیی و واقیعیە .(163)

بوارەکانی شورای ئیسلامی :
- بواری سیاسی و دونیەوی : وەك ھەڵبژاردنی خەلیفەو کاربەدەستان, ھەروەھا چۆنیەتی ڕێکخستنی کاروباری سیاسی و ئابووری و سەربازی دەوڵەت و ئیدارەدانی وڵات .
- بواری دادوەری : وەك ڕاوێژکردن دەربارەی چارەسەرکردنی گرفت واکۆکیەکانی نێوان دەوڵەت و گروپ و کەسەکان .

(162) الإسلام والدستور-توفيق بن العزيز السديري-ل82-95 .
(163) شريعة الله لالشريعة البشر-شحاته محمد صقر-ل40-50 .

- بواری حوکمە شەرعیەکان : ڕاوێژکردن دەربارەی چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەحکامەکانی شەریعەتی ئیسلامی و شێوازی چەسپاندنیان لەسەر ئەرزی واقیع .

- بواری حوکمە ئیجتیهادیەکان : ڕاوێژکردن دەربارەی ئەو حوکمانەی کە لەسەر بنەمای ئیجتیهاد دەردەکرێن, ئەمەش لەپێناو چارەسەرکردنی ئەو گرفت و قەیرانانەی کە تازە سەرهەڵدەدەن و لەشەریعەتی ئیسلامی دا, حوکمێکی ڕوونی لەبارەوە نەهاتووە .(164)

## سنوری گفتوگۆو ڕاوێژ لەشورای ئیسلامی دا :

ئەندامانی ئەنجومەنی حەل و عەقد یاخود ئەندامانی شورای دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی, دەتوانن دەربارەی هەموو ئەو بابەتانە گفتوگۆو پرس و ڕاوێژ بکەن کە شەریعەتی ئیسلامی دا هیچی لەبارەیانەوە ڕانەگەیاندووەو بڕیارێکی ڕوون و ئاشکرای لەقورئان و لەسوننەتی پێغەمبەردا, لەبارەوە نەهاتووە . واتا هەر بابەت و بوارێك کەقورئان و سوننەت و شەرع بڕیارو حوکمیان لەسەر دابێت, ئەوا ئەنجومەنی شورا بۆی نیە گفتوگۆی لەسەربکات, بەڵکو دەبێت پابەندبێت بەقورئان و سوننەت و شەریعەتی ئیسلامیەوە .

## ماوەی کاتی ڕاوێژ :

دەبێت بۆهەر بابەتێك یاخود بۆهەر گرفتێك کەشورای دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی گفتوگۆی لەسەر دەکات, لەسێ ڕۆژ تێ نەپەڕێت, بەڵکو دەبێت لەماوەی سێ ڕۆژەدا بڕیاری شیاوی لەبارەوە بدات و کۆتایی پێ بێنێت, ئەمەش لەسەر بنەمای بڕیاری خەلیفە عومەری کوڕی خەتتاب .(165)

## ڕادەی پابەندبوون بەبڕیارو پێشنیارەکانی شوراوە :

دامەزراوەی شورای دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی, مۆژیاریکارو ڕێنیشاندەرو زانیاری بەخشەو ڕێگاچارەی شیاوو پێویست بۆ خەلیفەی موسڵمانان پێشنیار دەکات, بەڵام خەلیفەی موسڵمانان بۆخۆی سەرپشکە لەهەڵبژاردنی هەر بۆچوون و بڕیارێك, هەروەها لەدەرکردنی حوکمێك کەبۆخۆی دەریدەکات لەچوارچێوەی شەریعەتی ئیسلامی دا, وەك خودای گەورە لەوبارەیەوە دەفەرمێت (وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ)(166), هەروەك پێغەمبەر(ص) لەزۆرێك لەکاروبارەکانی دا ڕاوێژی بەهاوەڵان کردووە, بەڵام لەکۆتایی دا بۆخۆی بڕیاریداوەو لەپاشان جێبەجێی کردووە گەرچی پێچەوانەی بۆچوون و بڕیاری زۆرینەی هاوەلانیش بووبێت . لەنموونەی ئەو هەڵوێست و بڕیارانەی کەپێغەمبەر(ص), ڕێککەوتنی حودەیبیە, غەزای فەتح .(167), پاشان یەکەم خەلیفەی موسڵمانان, ئەبوبەکری سدیق لەسەر هەمان ڕێبازی پێغەمبەر هەنگاوی ناو لەڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی دا پرس و ڕاوێژی بەهاوەڵان دەکرد, بەڵام لەکۆتایی دا بۆخۆی دوابڕیاری دەداو بڕیارەکەشی جێبەجێ دەکرد گەرچی پێچەوانەی بۆچوون و بڕیاری زۆرینەی هاوەنیش بوایە,

(164) الشورى فريضة إسلامية-علي محمد محمد الصلابي-ل148-152 .
(165) الخلافة الرسول بين الشورى والنص-مركز الرسالة-ل36-37 .
(166) القران الكريم-سورة ال عمران-الاية-159 .
(167) حقيقة الشورى في الإسلام-محمد بن أمان بن علي الجامي-ل42-44 .

لەنموونەی ئەو بڕیارو فەرمانانەشی, بڕیاریدا کەجەنگی هەڵگەڕاوەکان بکات .(168), هەروەها بڕیاریدا سوپای ئوسامە بەڕێ بکات .

**شورای بابەته فەرز و بابەته سونەتەكان :**

**ئەو بابەت و باسانەی كەشورای دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی گفتوگۆیان لەسەر دەكات, هەندێكیان فەرزن وەك هەڵبژاردن و دانانی خەلیفە, یاخود لەكارخستن و هەڵوەشاندنەوەی ئەو بەیعەتەی كەپێی بەخشیوە, ئەمەش لەسەر بنەمای شەرع . هەندێكی دی لەو بابەت و باسانە سونەتن وەك بەرزڕاگرتنی خەلیفەو پاراستنی نهێنیەكانی, هەروەها گوێڕایەڵی كردنی لەسنوری شەریعەتی ئیسلامی . هەندێكی دی لەو بابەت و باسانەی چاكەخوازی و خێرخوازین, وەك ئامۆژگاریكردنی خەلیفەو كاربەدەستان لەلایەن موسڵمانانەوە (169).**

**ئامانج لەشورا :**

**شورای دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی, جگەلە هەڵبژاردنی خەلیفەو لەكارخستنی, جگەلە پێشكەش كردنی ڕاوپێشنیاری گونجاو, جگەلە چاودێریكردنی جێبەجێكردنی شەریعەتی ئیسلامی, ڕۆڵی دامەزراوەیەكی ستراتیژی دەبینێت كە هەمیشە پلان و پرۆژەو چارەسەری شیاو بۆ خەلیفەی موسڵمانان پێشنیار دەكات و كۆمەكی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی دەكات لەچارەسەركردنی گرفت و قەیرانەكانی ئوممەتی ئیسلامی, هەر ئەمەشە ئەركی ڕاستەقینەی شورای ئیسلامی, چوون دەوڵەتی خیلافەت و دامەزراوەی شورا, تایبەتە بەموسڵمانان و ئوممەتی ئیسلامیەوە .**

---

(168) الشورى في الظل نظام الحكم الإسلامي-عبدالرحمان عبدالخالق-شورى-معلمة .

(169) دەوڵەتی خیلافەت بوژاندنەوەی كۆمەڵگاو گەشەسەندنی شارستانیەت-ئیكرام كەریم-ل269 .

# بەشی پێنجەم

# ئوممەتی ئیسلامی

## ناساندنی ئوممەتی ئیسلامی :

## بنەماکانی ئوممەتی ئیسلامی :

## ئەرکەکانی ئوممەتی ئیسلامی :

## مافەکانی ئوممەتی ئیسلامی :

**ناساندنی ئوممەتی ئیسلامی :**

**ئوممەتی ئیسلامی : هەموو ئەو کەسو کۆمەڵ و گەلانە دەگرێتەوە کەلەسەر بنەمای بیروباوەڕی ئیسلامی کۆبوونەتەوەو پێڕەوی لەقورئانی پیرۆزو سوننەتی پێغمبەر(ص) دەکەن و درێژە بەرێبازی ئیسلامی دەدەن .**

**ئوممەتی ئیسلامی : تێکڕای ئەو خەڵکانە دەگرێتەوە کە پەیامی پێغەمبەر محمد(ص) بەڕاست دادەنێن و ئیمانیان و باوەڕیان پێیەتی لەڕۆژی دابەزین و سەرهەڵدانیەوە تاوەکو ڕۆژی ئاخیرەت, هەروەها خاوەنی سیفاتی هاوبەشن, لەوانیش ئیمان بەخوداو پێغەمبەرو فریشتەکان و ئاخیرەت و قەدەرو خێرو شەڕ, هەروەك خاوەنی یەك قیبلەن کەبریتیەلە کەعبەی پیرۆز .**(170)

**ئوممەتی ئیسلامی : هەڵگری پەیامی ئیسلامەو شوێنکەوتوی پێغەمبەرەو پێشەوای مرۆڤایەتیەو بەرزکەرەوەی ئاڵای ئیسلامەتی و یەکتاپەرستی و جیهادەو درێژەپێدەری ڕێبازی سەلەفی و تابیعین و تابیعی تابیعینە . هەروەها خاوەنی ناسنامەو شوناسی تایبەتی خۆیەتی, کە لەقورئان و سوننەتەوە سەرچاوەی گرتووە . هەروەك خاوەنی مێژوویەکی درەوشاوەو ڕابردوویەکی پڕ لەسەروەری شانازی هەیەو چەندین شارستانیەتی وەك شارستانیەتی عەبباسی و شارستانیەتی ئەندەلوسی بونیاتناوەو خاوەنی ئەزموونی خیلافەتەکانی ڕاشیدین و ئەمەوی و عەبباسی و عوسمانیەو بۆماوەی چواردە سەدە حوکمی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی کردووەو دەسەڵاتی لەڕۆژهەڵاتەوە گەیشتۆتە سنورەکانی چین و ڕووسیاو لەڕۆژئاوایشەوە دەسەڵاتی گەیشتۆتە سنورەکانی فەڕەنسا . بۆماوەی هەزارو چوارسەد ساڵ ڕابەرایەتی مرۆڤایەتی کردووەو وەك تاکە دەوڵەتی زالهێزی جیهانی حوکمڕانی بەشی فراوانی ڕووبەری گۆی زەوی کردووەو هەژموونی فیکری و سیاسی و سەربازی و ئابووری و کلتوری خۆی بەسەر باقی بەشەکانی گۆی زەمیندا گردبوو, وەك لەمڕوشداو لەحاڵی حازردا پارێزگاری لەو ناسنامەو سەروەری و شانازیانەی خۆی دەکات و بەرپەرچی تەواوی شاڵاوە داگیرکاری و ئیمپریالیستیە فیکری و سیاسی و سەربازی و ئابووری و کلتوریەکانی خۆرئاواو خۆرهەڵاتی دوور دەداتەوەو سوورە لەسەر هەستانەوە .**

**بنەماکانی ئوممەتی ئیسلامی :**

**- یەکگرتوویی و یەکتاپەرستی و یەك خەلیفەیی : واتا تەواوی موسڵمانان یەك جەستەن و یەك کیان و یەك ئوممەتن و یەکتاپەرستن, وەك خودای گەورە دەفەرمێت** (إِنَّ هَـٰذِهِ أُمَّتُكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَأَنَا رَبُّكُمْ فَاعْبُدُونِ)(171)**, لەهەمانکات تەواوی ئوممەتی ئیسلامی گوێڕایەڵی یەك خەلیفەیەو دژی دوو خەلیفەیی و تەفرەقەو پەرتەوازەیی و دووبەرەکی دەوەستێتەوە . پێغەمبەر(ص) لەوبارەیەوە فەرمان بەموسڵمانان دەکات کەپابەندبن بەگوێڕایەڵیکردنی ئەمیر, ئیمام و خەلیفەی خۆیانەوە, وەك دەفەرمێت** (من أطاعني فقد أطاع الله,

(170) أزمة التعليم الديني في العالم الإسلامي-الدكتور خالد الصمد, الدكتور عبدالرحمان حللي-ل266-267 .
(171) القران الكريم-سورة الأنبياء-الاية-92 .

ومن أطاع أميري فقد أطاعني ومن عصاني فقد عصى الله, وعصى أميري فقد عصاني)(172)**, هەروەها پێغەمبەر(ص) ڕشتنی خوێنی هەر موسڵمانیك بەڕەوادەزانێت کە لەکۆمەڵی موسڵمانان جیاببێتەوەو تەفرەقەو دووبەرەکی لەنێو ڕیزی ئوممەتی ئیسلامی دا بەرپابکات وەك لەو بارەیەوە دەفەرمێت** (لايحل دم

أمـرئ مسـلم إلا بإحـدى ثـلاث : الثيـب الزانـي, والـنفس بـالنفس, والتـارك لدينـه المفـارق للجماعـة)(173), **لەوەش گرنگتر پێغەمبەر(ص) فەرمان بەموسڵمانان دەکات کە لەحاڵەتی سەرهەڵدانی دوو خەلیفەیی لەنێو ئوممـەتی ئیسـلامی دا, ئـەوا خەلیفـەی دووەم بکـوژن, هەڵبـەت لـەپاش ئاگادارکردنـەوەو ئامۆژگاریکردنی, وەك پێغەمبەر(ص) دەفەرمێت** (إذا بويع ليخليفتين, فاقتلوا الاخرهما)(174)

**- برایـەتی و خۆشەویسـتی و دڵسـۆزی : لەسـەر بنـەمای ئـاینی ئیسـلام و بـەپێی قورئـان و فـەرموودەی پێغەمبەر(ص) موسڵمانان برای یەکن, وەك خودای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا بڕیـاری لەسـەرداوەو دەفـەرمێت** (إِنَّمَـا الْمُؤْمِنُـونَ إِخْـوَةٌ)(175), **پێغەمبـەریش(ص) لەفـەرموودەی پـیرۆزی خۆیـدا جـەختی لەسـەر ئـەم برایەتیەکردۆتەوەو دەفەرمێت** (المسلم أخو المسلم)(176), **لەهەمانکات پێغەمبەر(ص), تێکـڕای موسـڵمانان دەشوبهێنێت بەجەستەی مرۆڤ, کە لەکاتی ئازارگەیشتن بەهـەر ئەنـدامێکی, ئـازار بەتـەواوی ئەندامـەکانی دیکەی جەسـتە دەگـات, وەك ئامـاژەی پێـدەدات و دەفـەرمێت** (مَثَل المؤمِنينَ فـي تـوادِهِم وَتَـراحمِهِم وَتَعاطُفِهِم مَثَلُ الجَسَد, إذا إشتَكى مِنه عَضوٌ تَداعي لَهُ سائِرُ الجَسدِ بالشَهرِ زالُمى)(177)

**- شوێنکەوتنی قورئان و سوننەت و ڕێبازی سەلەف : ئوممـەتی ئیسـلامی لەسـەر ڕێبـازی ئیسـلام و بـەپێی قورئان و سوننەتی پێغەمبەر(ص) مومارەسەی کاروبارەکانی ژیانی دەکـات, لەهـەمانکات لەسـەر بنـەمای شەریعەتی ئیسلامی چالاکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و .. هتد, ڕێکدەخات . چوون ئـایینی ئیسـلام ئایینی دەوڵەت و کۆمەڵگایەو بۆڕێکخستنی کاروبارەکانی ژیـانی مرۆڤـەکان و کۆمـەڵگا نێـردراوە, تـاوەکو موسڵمانان حوکمی پێ بکەن و پێـڕەوی لـێ بکـەن لەتـەواوی بوارەجیاوازەکـانی ژیانیـان, خـودای گـەورەش لەوبارەیەوە دەفـەرمێت** (فَـاحْكُمْ بَيْنَهُمْ بِمَـا أَنْزَلَ اللَّهُ وَلَا تَتَّبِـعْ أَهْوَاءَهُمْ عَمَّـا جَـاءَكَ مِـنَ الْحَـقِّ)(178), **لەئایەتێکی دیکەدا جەختی لەسەردەکاتەوەو دەفەرمێت** (وَأَنِ احْكُمْ بَيْنَهُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَهُمْ وَاحْـذَرْهُمْ أَنْ يَفْتِنُـوكَ عَـنْ بَعْضِ مَـا أَنْـزَلَ اللَّهُ إِلَيْـكَ)(179), **پێغەمبـەریش(ص) لەفـەرموودەکانی دا پێداگری لەسەر شوێنکەوتنی قورئـان و سـوننەت دەکاتـەوەو لەوبارەیـەوە دەفـەرمێت** (تركت فيكم مـا إن تمسكتم به لن تضلو أبدا, كتاب الله وسنتي)(180), **واتا بەهەمان شێوازی سـەلەف, چـوون تێگەیشـتنی سەلەف و شێوازی ئیسلامەتی و خوداپەرستی ئەوان, ڕاستو دروسترین تێگەیشتن و ئایینداریە بەپێی شاهیدی قورئانی پیرۆز,**

---

(172) الؤلؤ والمرجان, ص-141 , حديث-1204 .

(173) متفق عليه-البخاري-ك-الدايات-حديث-1878-مسلم-ك-القساس-س-1676 .

(174) الحديث اخرجه مسلم في (صحيفة) كتاب الامارة, باب : إذا بويع لخليفتين (1480/3) رقم الحديث-1853, من حديث ابي مسعود الخدري (ر.ض) .

(175) القران الكريم-سورة الحجرات-الاية-10 .

(176) مسلم-ك-البر والصلة-رقم-2564 .

(177) صحيح مسلم/ كتاب البر والصلة والاداب/ باب تراحم .

(178) القران الكريم-سورة المائدة-48 .

(179) القران الكريم-سورة المائدة-49 .

(180) اخرجه مالك-بلاغا, الحاكم في خطبة النبي(ص) بمكة في الحج الوداع .

**وەك خودای گەورە دەفەرمێت** (وَالسَّابِقُونَ الْأَوَّلُونَ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ وَالْأَنْصَارِ وَالَّذِينَ اتَّبَعُوهُمْ بِإِحْسَانٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي تَحْتَهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا ذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ)(181)

- هاوسەنگی و هەماهەنگی و ناوەندێتی : موسڵمانان پشتیوان و هاوکاری یەکدین لەکاری چاك و سودمەندا, وەك خودای گەورە دەفەرمێت (وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَلَا تَعَاوَنُوا عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ)(182), بەمشێوەیە هەماهەنگی یەکدی دەکەن لەچاکەخوازیداو کۆمەکی یەکدی دەکەن, لەهەمانکات موسڵمانان ئوممەتێکی ناوەندگیرن, واتا نەتوندوتیژو توندڕەون, وە نەشلگیرو کەمتەرخەمن, بەڵکو مامناوەندین و هاوئاسەنگی ڕادەگرن, خودای گەورە لەوبارەیەوە دەفەرمێت (وَكَذَلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ وَيَكُونَ الرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا)(183)

- فەرمانکردن بەچاکەو ڕێگریکردن لەخراپە : موسڵمانان بەتێکڕایی بەرپرسیارن لەبەرامبەر ئەم ئەرکە ئایینیەدا, چوون خودای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا وەسفی موسڵمانان دەکات و دەفەرمێت (وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ)(184), هەروەها پێغەمبەر(ص) دەفەرمێت (مَن رَاى مِنكُم مُنكَراً فليُغيرهُ بِيَده, فإن لم يستطِع فبِلِسانِهِ, فإن لم يَستَطِع فبِقَلبِهِ, وَذلكَ إضعَفُ الإيمان)(185) خودای گەورە ئوممەتی ئیسلامی بەباشترین خەڵك وەسف کردووە کە هەڵدەستن بەفەرمانکردن بەچاکەو ڕێگری کردن لەخراپە, وەك لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرمێت (كُنْتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ)(186), ئالێرەوە ئەرکی ئوممەتی ئیسلامی فراوانترو مەزنتردەبێت و لەبازنەی کۆمەڵگا ئیسلامیەکان دەردەچێت و مەودایەکی جیهانی وەردەگرێت, چوون خودی ئایینی ئیسلام جیهانیەو پەیامێکی خوداییە بۆ تێکڕای مرۆڤایەتی .

- فرەیی و فرە نەتەوەیی و فرە ڕەنگی : ئوممەتی ئیسلامی لەسەر بنەمای قورئان و سوننەت بونیاتنراوە, یەکێك لەبنەما گرنگەکانی ئایینی ئیسلامیش ئازادییە, گەرچی خودای گەورە تەنها بەئیسلام ڕازیە کەئایین و بیروباوەڕو شەریعەتی خەڵکی بێت, بەڵام لەهەمانکات تەواوی مرۆڤەکانی سەرپشك و ئازادکردووە لەهەڵبژاردنی ئایینی خۆیان, وەك لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرمێت (لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَدْ تَبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ)(187), لەئایەتێکی دیکەدا دەفەرمێت (فَمَنْ شَاءَ فَلْيُؤْمِنْ وَمَنْ شَاءَ فَلْيَكْفُرْ)(188) هەر ئەمەش وایکردووە کەموسڵمانان لەگەڵ تەواوی ئایین و ئایینزاکانی دیکەی جیهاندا بژین, لەهەمانکات تەواوی خەڵکانی ئەهلی کیتاب و وشریکین و بێباوەڕان لەگەڵ موسڵمانان زیندەگی بکەن و پێکەوە بژین و مامەڵەو کڕین و فرۆتن و ڕەوشت و ڕەفتاریان لەگەڵ یەك گونجاوبێت . لەئایەتێکی دیکەی قورئانی پیرۆزدا, خودای گەورە دەفەرمێت (يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ

---

(181) القران الكريم-سورة التوبة-الاية-100 .
(182) القران الكريم-سورة المائدة-الاية-2 .
(183) القران الكريم-سورة البقرة-الاية-143 .
(184) القران الكريم-سورة التوبة-الاية-71 .
(185) مسلم-الإيمان-49 .
(186) القران الكريم-سوره ال عمران-الايه-110 .
(187) القران الكريم-سوره البقره-الايه-256 .
(188) القران الكريم-سوره الكهف-الايه-29 .

عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ)(189), واتا خودای گەورە تەواوی مرۆڤەکانی لەنێرو مێیەك دروستکردووە, پاشان کردوونی بەچەند گەل و هۆزێکەوە, بۆئەوەی یەکدی بناسن, پاشان خودای گەورە ڕایدەگەیەنێت و دەفەرمێت باشترینتان

**ئەو کەسەیە کەزیاتر پارێزگارە . واتا ئایینی ئیسلام جیاوازی ناکات لەنێوان نێرو مێ دا, هەروەك دژی ڕەگەزپەرستی و نەژادپەرستیە, ئالێرەوەو بەمشێوەیە ئایینی ئیسلام پێکەوەژیان لەنێوان نەتەوەکان بەپادەکات, هەروەها پێغەمبەریش(ص) لەفەرموودەیەکی دا دەفەرمێت** (يا أيها الناس إن ربكم واحد وإن أباكم واحد, ألا لافضل لعربي, ولا لأحمر على عجمي ولالعجمي على على عربي, ولا لأحمر على أسود ولا لأسود على أحمر إلا بالتقوى)(190), **هەرئەمەشە وایکردووە کەتەواوی ئایینە جیاوازەکان و نەتەوە جۆراو جۆرەکان و ڕەنگ و ڕوخسارە هەمەڕەنگەکان لەنێو ئوممەتی ئیسلامی دا لەووڵاتی ئیسلام دا کۆببنەوەو بتوانن لەژێرسایەی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی دا پێکەوە بژین .**

**- دادپەروەری و پێکەوەژیان و تەبایی : ئایینی ئیسلام داوا لەموسڵمانان و بەتایبەت فەرمانڕەواو کاربەدەستان دەکات کەدادپەروەربن, وەك خودای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرمێت** (إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالْإِحْسَانِ)(191), **لەهەمانکات ئایینی ئیسلام جەخت لەسەر ڕێزگرتنی مافی هەموو کەس و لایەنێك دەکاتەوەو دژی ستەم و زۆرداری دەوەستێتەوەو بانگەشەی ئاشتیخوازی و پێکەوەژیانی نێوان گەلان دەکات و پێداگری لەسەر پاراستنی ئازادی ئایین و بیروباوەڕی تەواوی مرۆڤەکان دەکاتەوە .**

**- خاوەن پەیامی : ئوممەتی ئیسلامی خاوەنی پەیامێکی جیهانیە کەئەویش بریتیە لەئایینی ئیسلام, چوون ئایینی ئیسلام پەیامێکی جیهانیەو بۆتەواوی مرۆڤایەتی نێردراوە .**

**- یەکگرتویی و یەکهەڵوێستی و یەکدەستی : موسڵمانان یەك ئوممەتی یەکگرتوو یەك هەڵوێست و یەك دەستن لەبەرامبەر دووژمنانی ئیسلام و موسڵماناندا . هەروەك کافرانیش بەتێکڕایی دووژمنی ئیسلام و موسڵمانانن . بۆیە ئیسلام موسڵمانان دۆستایەتی کافران و موشریکان بکەن, واتا ئەو کافرو موشریکانەی کە لەحاڵی جەنگدان لەگەڵ موسڵماناندا, وەك خودای گەورە لەوبارەیەوە دەفەرمێت ی**(ا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّخِذُوا عَدُوِّي وَعَدُوَّكُمْ أَوْلِيَاءَ تُلْقُونَ إِلَيْهِمْ بِالْمَوَدَّةِ)(192), **بەڵام خودای گەورە ڕێگای داوە بەموسڵمانان کەمامەڵەو کڕین و فرۆشتنی دادگەرانەو ڕەوشت و ڕەفتاری جوان لەگەڵ ئەو کافرو موشریکانە دا بنوێن, کە لەحاڵەتی جەنگدانین لەگەڵ موسڵماناندا و دژایەتی ئایینی پیرۆزی ئیسلام ناکەن, وەك دەفەرمێت** (لَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُمْ مِنْ دِيَارِكُمْ أَنْ تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ)(193), **لەهەمانکات خودای گەورە زۆربەتوندی هەڕەشە لەو کەس و لایەنانە دەکات کەدۆستایەتی کافران دەکەن, بەتایبەتیش کافرانی نەسرانی و یەهودی, وەك لەقورئانی پیرۆزدا زۆر بەڕونی ڕایدەگەیەنێن و دەفەرمێت** (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّخِذُوا الْيَهُودَ وَالنَّصَارَى أَوْلِيَاءَ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ وَمَنْ يَتَوَلَّهُمْ مِنْكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُم)(194),

---

(189) القران الكريم-سورة الحجرات-الاية-13 .
(190) مجمع الزوائد-ج3-ص 269, وقال الهيثمي رواه أحمد ورجال الصحيح-المسند-ج5-ص411 .
(191) القران الكريم-سورة النحل-90 .
(192) القران الكريم-سورة الممتحنة-الاية-1 .
(193) القران الكريم-سورة الممتحنة-الاية-8 .
(194) القران الكريم-سورة المائدة-51 .

**چوون موسڵمانی ڕاستەقینە تەنها دۆست و پشتیوانی موسڵمانان و ئممەتی ئیسلام و ئایینی ئیسلامە, وەك خودای گەورە ئاماژەی پێداوەو لەوبارەیەوە دەفەرمێت** (وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ)(195)

**- یەك خیلافەت و یەك شەریعەت یەك بەیداغ : موسڵمانان یەك ئوممەتن و سەرجەمی خاکی ئیسلام یەك وڵاتەو خیلافەتیش سیستمی حوکمڕانی ئیسلام و موسڵمانانەو شەریعەتی ئیسلامیش دەستورو یاسای تەواوی موسڵمانان و تێکڕای ئوممەتی ئیسلامیەو بەیداغ و پەرچەمی (لاإلە إلله محمد رسوالله), ئاڵای ئیسلام و موسڵمانان و دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامیە .**

## ئەرکەکانی ئوممەتی ئیسلامی :

**- بەرزکردنەوەی پەیام و بانگەوازی ئیسلامی و گەیاندنی بەتەواوی مرۆڤایەتی .**
**- چەسپاندنی حوکمی خودا لەسەر ڕووی زەمین و بەرپاکردنی عەدالەت و دادگەری و لەناوبردنی حوکمی کوفرو هەڵوەشاندنەوەی یاساو ڕێسا دەستکردو مرۆڤکردەکان و ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی لەجەهالەت .**
**- بەپارکردنی شەعائیرەکانی ئیسلام, لەنموونەی نوێژو ڕۆژو حەج و زەکات و ......................... هتد .**
**- پاریزگاریکردنی پیرۆزییەکانی ئیسلام و وڵاتی موسڵمانان و بەرپاکردنی جیهاد لەدژی تەواوی دەستدرێژکاران و زۆرداران .**
**- بەرەنگاربوونەوەی فەسادو خراپەکاری و بەدڕەوشتی و فەرمانکردن بەچاکەو هاندانی چاکەکاری و چاکەخوازی و .**

## مافەکانی ئوممەتی ئیسلامی :

**ئوممەتی ئیسلامی مافی پێشەوایەتیکردنی مرۆڤایەتی هەیە بەسیفەتی ئەوەی کەهەڵگری کۆتاپەیامی خوداییە, هەڵبەت ئوممەتی ئیسلامی تائەوکاتە ئەم مافەی هەیە کەپێڕەوی لەئاینی ئیسلام بکات و شەریعەتی ئیسلامی جێبەجێ بکات و حوکمی خودا بەرپابکات, واتا هەرکات دەستی لەئاینی ئیسلام بەرداو پشتی لەچەریعەتی ئیسلامی کردو حوکمی خودای فەرامۆشکرد, ئیدی ئەم مافەی نامێنێت . ئەم پێشەوایەتیکردنەش, هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤەکایەتی دەگرێتەوە, لەنموونەی :**
*** بواری سیاسی : تەنها موسڵمانان مافی ئەوەیان هەیە سەرکردایەتی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بکەن و ڕابەرایەتی گەلانی بکەن, تاوەکو حوکمی خودایان بەسەردا بچەسپێنن و کۆتایی بەستەمی هەموو تاغوت و زۆرداران بهێنن, بۆئەوەی مرۆڤەکان ئازادبکەن لەهەڵبژاردنی ئایین و بیروباوەڕی خۆیان .**
*** بواری تەشریعی : یاساو ڕێسای ڕاست و درووست تەنها شەریعەتی ئیسلامیە, پێویستە موسڵمانان و مرۆڤایەتی پێڕەوی لێ بکەن, ئەمەش پێویستی بەهێزو توانای سەربازییە, بۆیە زەروورە ئوممەتی ئیسلامی هەڵی بەهێزکردنی توانای سەربازی خۆی بدات و پاشان شەریعەتی ئیسلامی و حوکمی خودا بچەسپێنێت بەسەر موسڵمانان و مرۆڤایەتی دا . چوون ئاشکرایە هەر ئایین و شەریعەت و یاسایەك هێزێکی سەربازی گەورەی لەپشتەوە نەبێت, هەرچەند حەقیش بێت کاری پێناکرێت و ناچەسپێندرێت .**

---

(195) القران الكريم-سورة التوبة-الاية-71 .

*** بواری کۆمەڵایەتی و کلتوری و ڕۆشنبیری : پێویستە موسڵمانان ڕابەرایەتی مرۆڤایەتی بکەن و ئەخلاق و بەها باڵاکانی ئیسلام بەکرداری لەنێو ئوممەتی ئیسلامی و باقی مرۆڤایەتی بچەسپێنن و کلتوری ئیسلامی**

بکەنە باو و ڕۆشنبیری ئیسلامی کەلەسەر بنەمای یەکتاپەرستی و شوێنکەوتنی پێغەمبەرو ئەخلاقیاتی باڵای ئیسلامی دامەزراوە, بکەنە بنەمای سەرەکی بیروباوەڕی مرۆڤایەتی و زانست و پەروەردەی لەسەر بونیات بنێنەوە .

## گرنگی ئوممەتی ئیسلامی :

ئاشکرایە بەبێ ئوممەتی ئیسلامی, خیلافەت و شوراو حوکمی شەریعەت نایەتەدی, هەربۆیە پێغەمبەر(ص) لەپاش ڕاگەیاندنی ئایینی ئیسلام, هەوڵی گەڵاڵەکردن و پێکهێنانی ئوممەتی ئیسلامی داو کاریکرد بۆ بەرپاکردنی کۆمەڵگایەکی ئیسلامی یەکگرتووی خاوەن دەسەڵات .ئەوەبوو لەپاش کۆکردنەوەی ژمارەیەکی بەرچاو لەموسڵمانان, پێغەمبەر(ص) ئوممەتەکەی خۆیی پێکهێناو یەکەمین کۆمەڵی موسڵمانانی بەرپاکرد, لەپاش ئەم هەنگاوەی, پێغەمبەر(ص) هەوڵی پێکهێنان و دروستکردنی وڵاتی ئیسلامی دا, واتا کاریکرد بۆئەوەی موسڵمانان لەووڵاتێکدا کۆبکاتەوەو خاك و ئاوی خۆیانیان هەبێت, تاوەکو بەسەربەرزی و شکۆمەندارییەوە تێیدا بژین و شەعائیرو پەرستشە ئیسلامیەکانی تێدا ئەنجام بدەن و شەریعەت و حوکمی خودای تێدا بەرپابکەن . ئەوەش لەپاش سیانزە ساڵ لەدەعوەو بانگەوازی ئیسلامی ئەوجا توانی خەڵکی شاری مەدینە بکاتە هەواداری ئیسلام و دانیشتوانی مەدینە ڕازی کرد کەباوەش بۆ ئیسلام و موسڵمانان بکەنەوەو پشتیوانی خوداو پێغەمبەرو پەیامی ئیسلامی بکەن, ئالێرەوەو بەم هەنگاوەی پێغەمبەر(ص) توانی ئوممەتی ئیسلامی بەرپابکات و یەکەمین وڵاتی ئیسلامی پێکبێنێت و یەکەمین حکومەتی ئیسلامی لەشاری مەدینەی مونەوەرە, دابمەزرێنێت .

# بەشی شەشەم

# وولّاتی ئیسلام-(دار الإسلام)

**وولّاتی ئیسلام :**

**مافەکانی موسڵمانان لەوولّاتی ئیسلام دا :**

**ئەرکەکانی موسڵمانان لەوولّاتی ئیسلام دا :**

**هاولّاتیانی وولّاتی ئیسلام :**

**- زیمی :**

**- مافەکانی ئەهلی زیمی :**

**- واجباتی ئەهلی زیمی :**

**- مستأمن :**

**- مافەکانی موستأمن :**

**- ئەرکەکانی موستأمن :**

**- هێڵەسوورەکانی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی :**

**- دووژمنانی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی :**

**- کافری جەنگاوەر :**

**- کافری معاهد :**

**- پێشنیاری ئایینی ئیسلام بۆتەواوی مرۆڤایەتی :**

**- تایبەتمەندیەکانی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی :**

**- تایبەتمەندیەکانی شارستانیەتی ئیسلامی :**

**- گرنگی وولّاتی ئیسلام :**

**ناساندنی وولّاتی ئیسلا :**

**وولّاتی ئیسلام : واتا خاکی ئیسلام و موسولّمانان, کەئوممەتی ئیسلامی تیادەژی و خەلیفەی موسولّمانان حوکمی دەکات و شەریعەتی ئیسلامی تیا جێبەجێ دەکرێت, کە بە(دار الإسلام) ناودەبرێت . لەقورئانی پیرۆزدا, (دارالإسلام) بەمانایالّی ئاشتی هاتووە, وەك خودای گەورە دەفەرمێت (**وَاللَّهُ يَدْعُو إِلَى دَارِ السَّلَامِ**)(196), هەروەها پێغەمبەر(ص) وەسفی وولّاتی ئیسلام دەکات و دەفەرمێت (**مُنعتُ دار الإسلام مافيها وَأباحَت دار الشرك مافيها)(197)

**لەدیدو تێڕوانینی ئیسلامی و بەپێی قورئان و سوننەت جیهان دابەش دەکرێت بۆ دووبەش, کەئەوانیش بریتین لە : (وولّاتی ئیسلام-دار الإسلام), هەروەها (وولّاتی کوفر-دار الكُفر) . لەهەمانکات ئایینی ئیسلام مرۆڤایەتی دابەش دەکات بۆ موسولّمان و کافر, لەپاشان کافرانیش دابەش دەکاتەوە بۆ کافری زیممی, واتا ئەو کافرەی کە لەوولّاتی ئیسلام دا دەژی و جزیە دەداتە دەولّەتی خیلافەتی ئیسلامی . هەروەها کافری مسالم-(معاهد), واتا مافری مۆلّەتدراو یاخود کارفی خاوەن پەیمان, هەروەها کافری موحاریب, کە لەحالّەتی جەنگدایە لەگەلّ دەولّەتی خیلافەت و موسولّمان دا .**

**ئایینی ئیسلام لەسەر بنەمای ڕەگەزو نەژادو نەتەوەو خاك و نیشتیمان و بنچینە مرۆڤیە دەستکردەکان, دەولّەتی خیلافەتی ئیسلامی دروستناکات, بەلّکو لەسەر بنەمایەکی دیاریکراوی جیهانی دەولّەت و وولّات و ئوممەت بەرپادەکات, بەسیفەتی ئەوەی کە ئایینی ئیسلام بۆخۆی ئایینێکی جیهانیەو لەلایەن خودای جیهانیانەوە نێردراوە بۆ تەوای مرۆڤایەتی, تاوەکو لەسەرانسەری جیهاندا پێڕەوی لێ بکرێت و کاری پێ بکرێت .**(198)

**وولّاتی ئیسلام, وولّاتی تێکرای موسولّمانانایە, واتا وولّاتی تەواوی ڕەنگ و زوبان ڕەگەزو نەژادو نەتەوە موسولّمانەکانە, چوون هەویەو ناسنامەی هاولّاتی بوون لەوولّاتی ئیسلامدا, تەنها ئیسلامە . واتا تەنها موسولّمانبوونت بەسە بۆئەوەی ببیتە هاولّاتی وولّاتی ئیسلام, جائیدی تۆ عەرەب یان تورك وەیان ئینگلیزو فەرەنسی یاخود هیندی و چینی بیت, یان ڕەنگ و ڕوخسارت سپی وەیان زەرد یاخود ڕەش بێت, هەروەها نێر یان مێ بیت . وەك خودای گەورە لەوبارەیەوە دەفەرمێت (**يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا)(199)

**ئایینی ئیسلام لەسەر بنەمای عەقیدەو بیروباوەڕی ئیسلامی, برایەتی لەنێوان تەواوی هاووولّاتیانی وولّاتی ئیسلامدا پێکدێنێت و وابەستەیان دەکات بەیەکدییەوە, وەك خودای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرمێت (**إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ)(200), **پێغەمبەریش(ص) لەوبارەیەوە دەفەرمێت (المسلم أخو المسلم)**(201),

---

(196) القران الكريم-سورة يونس-الاية-25 .
(197) لم نعثر على الحديث لا بلفظه وبموضوعة .
(198) حقوق غير المسلمين في الدولة الإسلامية-دكتور علي بن عبدالرحمان الطيار-ل13 .
(199) القران الكريم-سورة الحجرات-الاية-13 .
(200) القران الكريم-سورة الحجرات-الاية-10 .
(201)فتح الباري : 116/5 (كتاب المظالم-باب لايظلم المسلم) ومسلم, صحيح : 1994/4-كتاب البر وصلة-باب تخريج المظلم .

**هەر لەبەر ئەمەشە کەئایینی ئیسلام دژایەتی بیروباوەڕەکانی جاهیایەتی نەتەوەپەرستی و نەژادپەرستی و ناوچەگەرێتی دەکات . پێغەمبەر(ص) موسولّمانی لێ ئاگاردارەدەکاتەوەو دەفەرمێت (**مَن قاتَلَ تَحتَ رايَةٌ

عَميَـة (العَمـاءة : الغَوايَـة واللجـاج فـي الباطـل) يـدعو إلـى عَصَـبية, أوبِغَضَـب للعَصَـبية فَقِتلَـةَ جاهِلِيـةَ)(202), ئالێرەوەو بەم شێوەیە ئایینی ئیسلام یەکێتی عەقیدەیی و برایەتی موسـڵمانانەو هاوسـەنگی مرۆیی لەنێوان تەواوی موسڵمانان و گەلانی ئیسلامیدا بـەرپادەکات و دەیانکاتـە یـەك ئوممـەتی شـکۆداری یەکگرتووی خاوەن هێزو دەسەڵات .

**مافەکانی موسڵمانان لەووڵاتی ئیسلامدا :**

لەووڵاتی ئیسلامدا, موسڵمانان خاوەنی مافی تایبەتن, هـەروەك ئـەرکی دەوڵەتـداری و پاراسـتنی خیلافـەت بەپلەی یەکەم لەئەستۆی موسڵماناندایە, لەو مافانەش :

أ- تەنها موسڵمانا بۆی هەیە ببێتە خەلیفەی دەوڵەوت و پێشەوای ئوممەت, هەڵبەت ئەویش دەبێت قورەیشـی بێت .

ب- تەنها موسڵمانان دەبنە ئەندامی شوراو ئەندامی  ئەنجومەنی حەل و عەقد .

ج- تەنها موسڵمانان فەرماندەی سەربازی و پلەو پایە باڵاکانی سوپایان دەدرێتە دەست .

د- لەدەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامیداو بەپێی حوکمی شەریعەتی ئیسلامی, خوێنی موسڵمان نارێژرێت لەسـەر خوێنی کافر .

هـ- لەدەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامیداو بەپێی حوکمی شەریعەتی ئیسـلامی, ئـافرەتی موسـڵمان نادرێـت بـە پیاوانی کافر, بەڵام موسڵمانان دەتوانن ئافرەتانی ئەهلی کیتاب مارەبکەن .

**ئەرکەکانی موسڵمانان لەووڵاتی ئیسلامدا :**

هاوکات لەگەڵ ئـەو مافانـەیان, موسـڵمانان کۆمـەڵێك ئـەرکیان دەکەوێتـە ئەسـتۆ, کەپێویسـتە بەپـەڕی توانایانەوە جێبەجێ بکەن, لە ئەرکانەش :

أ- گوێڕایەڵیکردنی خەلیفەو کاربەدەستانی موسڵمان, وەك خودای گەورە لـەقورئانی پـیرۆزدا دەفـەرمێت (يَـا أَيُّهَـا الَّـذِينَ آمَنُـوا أَطِيعُـوا اللَّهَ وَأَطِيعُـوا الرَّسُـولَ وَأُولِـي الْأَمْـرِ مِـنْكُمْ)(203), هەڵبـــەت ئـــەم گوێڕایەڵیکردنەش لەچوارچێوەی سنوری شەریعەتی ئیسلامیدا دەبیت .

ب- پارێزگاریکردنی خەلیفەو دەوڵی خیلافەت و ووڵاتی ئیسلام و ئوممەتی ئیسلامی لەبەرامبەر هـەموو ئـەو کەس و لایەنانەی کەدەستدرێژی دەکەنەسـەری, وەك خـودای گـەورە دەفـەرمێت (أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَاتَلُونَ بِـأَنَّهُمْ ظُلِمُوا وَإِنَّ اللَّهَ عَلَى*نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِنْ دِيَارِهِمْ بِغَيْرِ حَقّ)(204)

ج- بەرپاکردنی شەعائیرەکانی ئیسلام, لەنموونەی نوێژو ڕۆژو حەج, هـەروەها زەکـاتی فـیتر کەتـەنها لەسـەر موسڵمانان واجبە دەبێت کەسی زەکاتدەر (موسڵمان بێت,

(202) رواه ابن ماجة في باب العصبية برقم-3948-و اخرجه مسلم والنسائي .
(203) القران الكريم- سورة النساء-الاية-59 .
(204) القران الكريم- سورة الحج-الاية-39-40 .

و توانای دەرکردنی زەکاتی فیتری هەبێت)(205), لەهەمانکات دەبێت موسـڵمانان زەکـاتی مـاڵ بـدەن, واتـا زەکاتی دارو و دانەوێلەو بەرهەمە کشتوکاڵیەکان و مادەکانزاییەکان و ..... هتد .(206)

**ج- بەرپاکردنی کردنی جیهادو بڵاوکردنەوەی ئایینی خوداو بانگەوازی ئیسلامی, وەك خودای گەورە لەوبارەیەوە دەفەرمێت** (قَاتِلُوا الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَلَا بِالْيَوْمِ الْآخِرِ وَلَا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَلَا يَدِينُونَ دِينَ الْحَقِّ مِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ حَتَّى يُعْطُوا الْجِزْيَةَ عَنْ يَدٍ وَهُمْ صَاغِرُونَ)(207), **هەروەها لەئایەتێکی دیکەدا دەفەرمێت** (إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ ثُمَّ لَمْ يَرْتَابُوا وَجَاهَدُوا بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنْفُسِهِمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ أُولَئِكَ هُمُ الصَّادِقُونَ)(208)**دەبێت کەسی موجاهید (موسڵمانی بالغی ئازادی نێری بیت و توانای جەستەیی هەبێت, ژیربێت, تونای ئابوری هەبێت)**(209)

**هـ- بەرەنگاربوونەوە ستەم و زۆرداری و ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی, چوون ئەرکی ڕاستەقینەی ئایینی ئیسلام, ئازادکردنی مرۆڤەکانە لەبەندەیی بەندەکانەوە بۆبەندەیی خودای گەورە .**

## هاوڵاتیانیووڵاتی ئیسلام :

**- کارفری زیمی :**

**کافری مستأمن-(معاهد) :**

## کافری زیمی :

**لەژێرسایەی خیلافەت و لەنێو ووڵاتی ئیسلام و لەگەڵ موسڵماندا, کافری زیمی دەژین, کەئەمانەش هاوڵاتی ووڵاتی ئیسلامن و پارێزگاریکردنیان لەئەستۆی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی و موسڵمانادایە, ئەمەش لەسەر بنەمای پەیمانێك کەپێشتر لەنێوان دەوڵەتی خیلافەت و کافری زیمی دا مۆرکراوە بەپێی ڕێنماییەکانی قورئان و سوننەت .**

**زیمی, واتا زەمانەتکراو, ئەم نانیشانە بەوکەسانە دەوترێت کە لەووڵاتی ئیسلامدا دەژین, بەڵام موسڵمان نین, وەلێ لەژێر زەمانەتی خوداو پێغەمبەرو بەڵێنی موسڵمانانداندان و مومارەسەی ژیانی خۆیان دەکەن لەژێر سایەی دەوڵەتی هیلافەتی ئیسلامی . لەهەمانکات تەواوی کۆمەڵگای ئیسلامی لێیان ئەمین و دڵنیان . بۆیە موسڵمانان ئەمانیان داون لەسەر بنەمای پەیمانی زیمی .**(210), **ئەهلی زیمی لەبەرامبەر ئەو پەیمانەی کەدەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی پێیداون, جزیە دەدەنە دەوڵەتی خیلافەت . ئەمەش لەبەرامبەر دابینکردنی ئەمن و ئەماندا وەردەگیرێت, کەدەوڵەتی خیلافەت ئاسایشی هاوڵاتیانی زیمی دابین دەکات, لەحاڵێکیشداو گەر دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی نەیتوانی بەم ئەرکەی خۆی هەستێت, ئەوا مافی وەرگرتنی جزیەی نامێنێت** (211).

---

(205) احكام الزكاة الفطر-ندا ابو احمد-ل4 .
(206) زكاة الخارج من الارض, الحبوب, والتمار, والمعدن, والركاز في ضوء الكتاب والسنة-د. سعيد بن علي بن وهف القحطاني .
(207) القران الكريم-سورة الانفال-الاية-39 .
(208) القران الكريم-سورة الحجرات-الاية-15 .
(209) الجهاد في الاسلام بين الطلب والدفاع-صالح اللحيدان-ل58 .
(210) التنوير ... لا التضليل-مؤمن الهباء-ل81 .
(211) التنوير ... لا التضليل-مؤمن الهباء-ل81 .

**خودای گەروە لەقورئانی پیرۆزدا فەرمانی کردووە بەموسڵمانان کەجەنگ لەبەرامبەر ئەو بێباوەڕانەدا بکەن کە باوەڕیان بەخوداو بەڕۆژی دوایی نیە, هەروەها ئەوە حەرام ناکەن کەخوداو پێغەمبەر حەرامیان کردووە....هەتاوەکو جزیە دەدەن, وەك لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرمێت** (قَاتِلُوا الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَلَا بِالْيَوْمِ

الْآخِرِ وَلَا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَلَا يَدِينُونَ دِينَ الْحَقِّ مِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ حَتَّى يُعْطُوا الْجِزْيَةَ عَنْ يَدٍ وَهُمْ صَاغِرُونَ)(212), **لەهەمانکات لەپێغەمبەری خودا(ص) دەگێڕێنەوە کە لەکاتی بەڕێکردنی سوپا یان سریەیەکی سەربازیدا, پێغەمبەر(ص) ئامۆژگاری سەرۆکی سوپاکەی کردووەو پێی فەرمووە** (اغزوا باسم الله .... فسلهم الجزية, فإن هم أجابوك, فاقبل منهم وكف عنهم)(213),**هەروەها لەسوننەتی کرداریدا هاتووە کەپێغەمبەر(ص) جزیەی (لەئاگرپەرست) وەرگرتووە** .(214)

**دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی جزیە وەردەگرێت لەکافری موسالیمی باڵغ, کەتوانای کاری هەبێت, واتا منداڵ و شێت و ئافرەت و هەژار, جزیەیان لێ وەرناگیرێت** .(215), **وەرگرتنی ئەم جزیەیەش لەبەرامبەر پاراستنی ژیانی کەسی زیمی دایە** .(216)

## مافەکانی ئەهلی زیمی :

**ئەهلی زیمی ئەم مافانەیان هەیە لەدەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامیدا, کەبریتین لە :**

**أ- مافی هاوڵاتی بوون و پێدانی ڕەگەزنامەیان هەیە, هەروەها ئەرك ئەرکە لەسەر دەوڵەتی خیلافەت پارێزگاریان لێ بکات .**

**ب- مافی بەشداری ئیداریان هەیە, واتا ئەهلی زیمی دەتوانن بەشداری بکەن لەبەڕێوەبردنی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامیداو پلەو پایەو پۆستی ئیداریان پێدەدرێت, وەلێ پلەو پایەو پۆستی باڵیان پێ نادرێت لەنموونەی پایەی خیلافەت و ئەندامێتی شوراو ڕاوێژکاری و سەرکردایەتی سوپاو... هتد . چوون ئەم پلەو پایانە وابەستەن بەفەرمانی شەریعەتی ئیسلامیەوەو ئەرکیان جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامیە .**

**ج- مافە کشتیەکان, واتا ئەو مافانەی کەپێویستن بۆهەر مرۆڤێك وەك ئەندامێکی کۆمەڵگا, لەنموونەی هاوکاریکردن و پاراستنی ژیان و دەستەبەرکردنی ئازادی ئایینی و ئابووری کۆمەڵایەتی , .... هتد .**

**د- مافی تایبەت, ئەهلی زیمی مافی مومارەسەکردنی ئازادانەی پێوەندی خێزانی نێوان ئەندامانی خێزان و چۆنیەتی مومارەسەکردنی شێوازی ژیانیان و داب و نەریت و کلتوری خۆیانیان هەیە, لەنموونەی مافی زەواج و تەڵاق و مافی دارایی و .... هتد** .(217)

(212) القران الكريم-سورة التوبة-الاية-29 .
(213) مسلم, ابوالحسن, مسلم بن الحجاج, (ت-261هـ) صحيح مسلم .
(214) مسلم, صحسح مسلم, كتاب الجزية والموادعة, باب : الجزية والموادعة, ص 580, حديث رقم : 3157 .
(215) احكام اهل الذمة (العلمية)-محمد ابن ابي بكر ابن قيم الجوزي-ل33-37 .
(216) الجزية في ظل الدولة الاسلامية اليوم-د. حمزة عبدالكريم حماد-ل4 .
(217) اضواء على الثقافة الاسلامية-د. احمد فؤاد محمود-ل266-283 .

## ئەرکەکانی زیمی :

**ئەهلی زیمی کۆمەڵێك ئەرکیان دەکەوێت ئەستۆ کەپێویستە لەسەریان جێبەجێ بکەن, لەوانیش :**

**أ- پێویستە لەسەریان ڕێزی موسڵمانان بگرن و سوکایەتی بەپیرزیەکانی ئومەتی ئیسلامی نەکەن, بەپێچەوانەشەوە .**

ب- پێویستە لەسەر ئەهلی زیممی کەبانگەشە بۆ ئایین و بیروباوەڕکەیان نەکەن و هەوڵی پاشگەزکردنەوەی موسڵمانان لەئایینی ئیسلام نەدەن, بەڵکو بەبێدەنگی و لەنێو پەرستگاکانی خۆیاندا مومارەسەی ئایینەکەیان بکەن .

ج- پێویستە لەسەر ئەهلی زیممی کەڕمزی ئایینەکەیان بەخۆیانەوە هەڵواسن, تاوەکو بناسرێنەوە, لەهەمنکات نابێت ڕەمزی ئایینەکەیان بەسەر پەرستگاکانیانەوە بەرزبکەنەوە .

د- ئەهلی زیممی و باقی ئەدیانەکانی دیکەی سەر ڕووی زەوی, بۆیان نیە بچنە جزیرەی عەرەب و تیایدا نیشتەجی بن, هەروەك پێغەمبەر(ص) دەفەرمێت (لایترك بجزیرة العرب دینان)(218), بەڵکو لەفەرموودەیەکی دیکەیدا دەفەرمێت (لأخرجن الیهود والنصاری من جزیرة العرب حتی لا أدع فیها إلا مسلماً)(219)

ه- نابێت ئەهلی زیممی مەترسی لەسەر ئوممەتی ئیسلامی و وولآتی ئیسلام و دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی درووست بکەن, جا بەسیخوڕیکردن یاخود بەچەك هەڵگرتن وەیان بەئاژاوە نانەوەبێت .

## کافری مسأمن-(معاهد) :

مستأمن یاخود معاهد, جۆری دووەمی هاوولآتی کارفرە کە لەوولآتی ئیسلامدان, کەبەشێوەیەکی کاتی ڕوو لەدەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی دەکەن, لەپاش تەواوبوونی ماوەی مۆڵەتەکەیان دەگەڕێنەوە بۆ وولآتی خۆیان .

لەنموونەی ئەو هاوولآتیانەش وەك (نێردراو-سەفیر, بازرگان, کەسی بەکرێگیراو-کرێکار, خاوەن پێداویستی) .

خودای گەورەش لەوبارەیەوە دەفەرمێت وَإِنْ أَحَدٌ مِنَ الْمُشْرِكِينَ اسْتَجَارَكَ فَأَجِرْهُ حَتَّى يَسْمَعَ كَلَامَ اللَّهِ ثُمَّ أَبْلِغْهُ مَأْمَنَهُ)(220)

مستأمن, واتا کەسی ئەماندراو, هەروەها (معاهد) یش هەمان مانی هەیە, واتا کەسی پەیمان پێدراو کە لەلایەن خەلیفەی موسڵمانانەوە, مۆڵەتی پێدراوە بۆماوەیەکی دیاریکراو لەوولآتی ئیسلامدا بمێنێتەوەو لەنێو موسڵماناندا مومارەسەی ژیان و کاروباری خۆی بکات و مافەکانی پارێزراوبن, خودای گەورەش ڕێگای داوە بەموسڵمانان کە لەگەڵ ئەم جۆرە کەسانەدا مامەڵەی باش بکەن و ڕەوشت و ڕەفتاری جوانیان لەگەڵدا بنوێنن, وەك لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمێت (لَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُمْ مِنْ دِيَارِكُمْ أَنْ تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ)(221), هەروەها پێغەمبەر(ص)یموسڵمانان ئاگادار دەکاتەوە لەستەمکردن لەکەسانی معاهد,

---

(218) مسند الامام احمد, ج6, ص265 .
(219) مسند الامام احمد, ج6, ص265, البخاري, ج4, ص66 .
(220) القران الكريم-سورة التوبة-الاية-6 .
(221) القران الكريم-سورة الممتحنة-الاية-8 .

وەك لەم فەرموودە پیرۆزەدای دا دەفەرمێت (ألا من ظلم معاهداً أو انتقصه أو كلّفه فوق طاقة أو أخذ منه شيأ بغير طيب نفس فأنا حجيجه يوم القيامة)(222)

## مافەکانی مستأمن :

کەسی مستأمن کۆمەڵێك مافی هەیە لەوولآتی ئیسلامدا, کەبریتین لە :

أ- مافی پێدانی مۆڵەتی کاتی هەیە, تاوەکو کەسی ئەماندراو بەئازادی کاروبارەکانی خۆی لەووڵاتی ئیسلامدا ئەنجام بدات .

ب- مافی ئیداری, کەسی ئەماندراو مافی هەیە لەهەندێك لەکاروبارەکانی ووڵاتی ئیسلامی دا بەشداری بکات و کاروباری ئیداری وەربگرێت بۆماوەیەکی دیاریکراو, بەومەرجەی کەزیانی بۆدەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی نەبێت .

ج- مافی گشتی, کەسی ئەماندراو مافی نیشتەجیٚ بوون و ماڵ گواستنەوەوی لەجێگایەکەوە بۆجێگایەکی دی هەیەو دەبێت دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی پارێزگاری لیٚ بکات, هەروەها مافی هاتووچۆی هەیە لەنێو ووڵاتی ئیسلامدا, لەهەمانکات کەسی ئەماندراو مافی چوونە دەرەوەی هەیە لەووڵاتی ئیسلام, لەهەرکاتێکدا کەخۆی بیەوێت, مادام پێچەوانەی ئەمانەکەی هەڵسوکەوتی نەکردبێت .

د- کەسی ئەماندراو مافی ئازادی بیروڕای هەیە لەو جێگایەی کاری لیٚ دەکات, هەروەها دەتوانێت کۆبوونەوە ئەنجام بدات, هەڵبەت بەومەرجەی کەزیانی بۆ دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی نەبێت .

هـ- کەسی ئەماندراو مافی مومارەسەکردنی ئازادانەی ڕەسم و سروت و پەرستشە ئایینیەکانی خۆیی هەیە لەشوێنی کارەکەی یاخود لەپەرستگای تایبەت بەئایینەکەی .

و- کەسی ئەماندراو مافی خوێندنی هەیە, هەروەك منداڵەکانیشی هەمان مافیانە هەیە .

ی- کەسی ئەماندراو کارکردنی هەیە لەووڵاتی ئیسلامدا, هەڵبەت بەمۆڵەتی تایبەت . لەهەمانکات بۆی هەیە سودوەربگرێت لەدامەزراوە خزمەتگوزاریەکانی ووڵاتی ئیسلام .

ر- مافی تایبەت, کەسی ئەماندراو ملفی هەیە لەسەر بنەمای بیروباوەڕی خۆی و دابوو نەریتەکانی, مومارەسەی ژیانی خێزای و ئابووری و ... هتد, بکات .(223)

ئەرکەکانی مستأمن-(معاهد) :

أ- ڕیزگرتن لەدەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی و بەرژەوەندیە باڵاکانی ئوممەتی ئیسلامی و ووڵاتی ئیسلام .

ب- ڕێزگرتن لەپیرۆزیەکانی ئیسلام و ڕەچاوکردنی هەست و شعوری موسڵمانان .

ج- پێویستە کەسی ئەماندراو مەترسی لەسەر دەوڵەتی ئیسلامی و موسڵمانان دروست نەکات, جابەسیخوڕکردن, یاخودبەهۆی چەك هەڵگرتنی, وەیان بەهۆی نانەوەی ئاژاوەو دووبەرەکیەوەبێت لەنێو خەڵکی دا .

---

(222) الامام احمد, منتخب كنز العمال من المسند : 296/2 (باب احكام جهاد), وابوداود, السنن : 437/3 (كتاب الخراج والامارة والفئ-باب في تعشير اهل الذمة) .

(223) اضواء على الثقافة الاسلامية-د. احمد فؤاد محمود-ل285-291 .

د- پێویستی کەسی ئەماندراو پابەندبێت بەیاسای گشتی دەوڵەتی خیلافەت ئیسلامیەوەو سنوری سەروەری شەریعەتی ئیسلامی و سیادەی خیلافەت نەشکێنێت, هەروەها بۆیان نیە بچنە کعبەی پیرۆزو سنوری حیجاز .

هـ- پێویستە کەسی ئەماندراو لەگەڵ کۆتایی هاتنی ماوەی مۆڵەتەکەی, خاکی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی جیٚ بهێڵێت, یاخود ماوەی مۆڵەتەکەی نویٚ بکاتەوە, گەر دەوڵەتی خیلافەت لەسەری ڕەزامەندبێت .

## هێڵەسورەکانی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی :

**أ- هیچ کەسێك لەکافرانی زیمی و کافرانی ئەماندراو, مافی ئەوەیان نیە بچنە سنوری جزیرەی عــەرەب, وەك خودای گەورە دەفەرمێت** (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّمَا الْمُشْرِكُونَ نَجَسٌ فَلَا يَقْرَبُوا الْمَسْجِدَ الْحَرَامَ بَعْدَ عَامِهِمْ هَذَا)(224) **پێغەمبــەر(ص) جــەختی لەســەردەکاتەوەو دەفــەرمێت** (لايترك بجزيرة العرب دينان)(225), **هەروەها دەفەرمێت** (لأخرجن اليهود والنصارى من جزيرة العرب حتى لا أدع فيها إلا مسلما)(226), **لەفەرموودەیەکی دیکەیدا, پێغەمبەر(ص) جگە لەیەهودو نەسار, جەخت لەسەر دەرکردنی موشریکەکانیش دەکاتەوە لەجزیرەی عــەربی داو دەفــەرمێت** (أخرحو المشرِكين من الجزيرة العرب)(227)

**ب- هیچ کەسێك لەکافرانی زیمی و کافرانی ئەماندراو, مافی ئەوەیان نیە هەوڵی بەدەستهێنانی پلـەو پایـە باڵاکانی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی بدەن, یاخود دژایەتی دەوڵەتی خیلافەت بکەن .**

**ج- هیچ کەسێك لەکافرانی زیمی و کافرانی ئەماندراو, مافی ئەوەیان نیە دژایەتی ئـایینی ئیسـلام بکـەن و سنورەگشتیەکانی شەریعەتی ئیسلامی ببەزێنن, یاخود بیروباوەڕی خۆیان بڵاوبکەنەوە .**

## دووژمنانی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی :

**کافرانی جەنگاوەر : ئەوکافرانەن کە لـەووڵاتی کـوفردان دەژیـن و خـاوەنی دەوڵـەت و دەسـەڵاتن و لـەحاڵی جەنگدان لەگەڵ دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی و موسڵمانانداو, خودای گەورە حەرام و یاساغی کـردووە لەســەر موسڵمانان کەهەر جۆرە دۆستایەتی و مامەڵەو کڕین و فرۆتنێـك لەگـەڵ ئـەم جـۆرە کافرانـەدا بکـەن, وەك لەقورئانی پیرۆزدا بەیانی کردووەو دەفەرمێت** (إِنَّمَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ قَاتَلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَأَخْرَجُوكُمْ مِنْ دِيَارِكُمْ وَظَاهَرُوا عَلَى إِخْرَاجِكُمْ أَنْ تَوَلَّوْهُمْ وَمَنْ يَتَوَلَّهُمْ فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ)(228)

**بۆیە بەکافری جەنگاوەر ناودەبرێن, چوون ڕەفزی ئایینی ئیسلامیان کردووەو پاشان ئامادەش نەبوون جزیە بدەن بەدەوڵــەتی خیلافــەتی ئیســلامی و لەهــەمانکات ئاڵــای دووژمنایــەتیان لــەدژی ئیســلام و موســڵمانان بەرزکردۆتــەوەو جــەنگیان لــەدژی دەوڵــەتی خیلافــەتی ئیســلامی ڕاگەیانــدووە . خــودای گــەورەش فــەرمان بەموسڵمانان دەکات کەجەنگ لەدژی کافران بەرپابکەن,**

---

(224) القران الكريم-سورة التوبة-الاية-28 .

(225) مسند الامام احمد, ج6, ص265 .

(226) مسند الامام احمد, ج4, ص265, البخاري, ج4, ص66 .

(227) ابن حجري فتح الباري : 197/6, 312 (كتاب الجهاد والسير-باب هل يستشفع إلى اهل الذمة؟ ومعاملتهم .

(228) القران الكريم-سورة الممتحنة-الاية-9 .

**تاوەکو یان ئیمان دێنن یاخود جزیەدەدن . وەك لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرمێت** (قَاتِلُوا الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَلَا بِالْيَوْمِ الْآخِرِ وَلَا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَلَا يَدِينُونَ دِينَ الْحَقِّ مِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ حَتَّى يُعْطُوا الْجِزْيَةَ عَنْ يَدٍ وَهُمْ صَاغِرُونَ)(229), **هەروەها پێغەمبەری خودا(ص) فـەرمانی بەئـەمیری سوپای سریەکانی کردووە کە لەخودا بترسن و لەگەڵ موسڵماناندا باشبن, لەپاشـان پێـی فـەرموون** (أغزوا باسم الله, في سبيل الله, قاتلو من كفر بالله, اغزو ولاتعلوا ولاتغدرو ولاتمثلوا, ولاتقتلوا وليدا, وإذا لقيت عدوك من المشركين فادعهم إلى ثلاث خصال (أو خلال), فأيتُهُن ماأجابوك فاقبل منهم

وكف عنهم, ثم ادعهم إلى الاسلام, فإن أجابوك فاقبل منهم وكف عنهم, ثم ادعهم إلى التحول من دارهم إلى دارالمهاجرين, وأخبرهم أنهم إن فعلو ذلك, فلهم ماللمهاجرين وعليهم ماعلي المهاجرين, فإن أبوا أن يتحولوا منها, فأخبرهم أنهم يكونون كأعراب المسلمين, يجري عليهم حكم الله الذي يجري على المؤمنين, ولايكون لهم في الغنيمه والفئ شئ, فإن أيجاهدوا مع المسلمين, فإن هم أبوا فسلهم الجزية, فإن هم أجابوك, فاقبل منهم وكف عنهم, فإن هم أبوا فاستعن بالله قاتلهم)(230)

**پێشنیاری ئیسلام بۆتەواوی مرۆڤایەتی :**

**لەم ئایەت و فەرموودانەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئایینی ئیسلام سێ پێشنیاری هەڵبژاردەی خستۆتە بەدەم تەواوی کافرانی سەر ڕووی زەوی و سی ڕێگای بۆداناون, کەئەوانیش بریتین لە :**

**أ- موسڵمان بوون و باوەڕهێنان بەخوداو پێغەمبەرو ئایینی ئیسلام .**

**ب- چەکدانان و جزیەو سەرانەدان بەدەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی, لەبەرامبەریش دا دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی دەیان پارێزێت و ئازادی ئایینیانی و ئابووری و کۆمەڵایەتیان بۆدەستەبەر دەکات .**

**ج- ڕێگای سێیەمیش لەپاش ڕەفزکردنی دووپێشنیارەکەی سەرەوە جێبەجێ دەکرێت کە ئەویش بریتیە لەبەرپاکردنی جەنگ .**

**هاوکات ڕیکدەکەوێت کەهەندێك جار لەگەڵ کافری موحاریب و دەوڵەتەکانیان ڕێککەوتنی ئاگربڕ بکرێت و پەیمانی ئاشتیان لەگەڵ ببەسترێت, لەم خاڵەتەدا ئەو کافرانەو ئەو دەوڵەتانە بەکافری موعاهد یاخود بەدەوڵەتی معاهد ناودەبرێن, ئالێرەوە پێویست دەبێت لەسەر موسڵمانان و دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی کەڕێز لەو پەیماننامەیە بگرن و پابەندبن بەرێککەوتنەکەوەو سنور شکێنی نەکەن, وەك خودای گەورە دەفەرمێت** (وَالَّذِينَ هُمْ لِأَمَانَاتِهِمْ وَعَهْدِهِمْ رَاعُونَ)(231)**, هەروەها لەئایەتێکی دیکەدا دەفەرمێت** (الَّذِينَ يُوفُونَ بِعَهْدِ اللَّهِ وَلَا يَنْقُضُونَ الْمِيثَاقَ)(232)

**ئایینی ئیسلام لەسەر ئەم بنەمایانە دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی بونیات دەنێت و پێوەندی نێوخۆیی و دەرەکی دەوڵەتەکەی لەگەڵ کافرانی ئەهلی زیمی و کافرانی ئەماندراوو کافرانی معاهدو کافرانی موحاریب ڕێکدەخات .**

(229) القران الكريم-سورة التوبة-الاية-29 .
(230) مسلم : 1357/3 (كتاب الجهاد واسير-باب تأمير الامام الامراء على البعوث) : وابن ماجة : 953/2, 954 (كتاب الجهاد-باب وصية الامام) .
(231) القران الكريم-سورة المؤمنون-الاية-8 .
(232) القران الكريم-سورة الرعد-الاية-20 .

**تایبەتمەندیەکانی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی :**

**سیستمی دەوڵەتی خیلافەتی خاوەنی چەند تایبەتمەندیەکەو لەسەر چەند بنەمایەکی گرنگ دامەزراوە, کەبریتین لە :**

**أ- کارکردن بەشورا : واتاڕاوێژ, کەپێگەیەکی گرنگی هەیە لەنێو دەوڵەتی خیلافەتدا, وەك خودای گەورە دەفەرمێت** (وَالَّذِينَ اسْتَجَابُوا لِرَبِّهِمْ وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَأَمْرُهُمْ شُورَى بَيْنَهُمْ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنْفِقُونَ)(233)

ب- بەرپاكردنی دادگەری : كەبنەمای سەرەكی شەریعەتی ئیسلامیە, وەك خودای گەورە لەوبارەیەوە دەفەرمێت (وَإِذَا حَكَمْتُمْ بَيْنَ النَّاسِ أَنْ تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ)(234), هەروەها لەئایەتێكی دیكەدا دەفەرمێت (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ بِالْقِسْطِ)(235)

ج- چەسپاندنی یەكسانی : كەبنەمای گشتی شەریعەتی ئیسلامیە (236), لەئایینی ئیسلامدا, هەموو موسڵمانان بەبێ جیاوازی ڕەگەزو نەژادو زوبان و ڕەنگ, یەكسانن و هاوتای یەكن و جیاوازیان لەگەڵ یەكدی نیە, بەڵكو باشترینیان ئەو كەسەیە كەئیمان و بڕوای لەهەموان بەهێزترەو كاروكردەوەی چاكترە, وەك خودای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا ئاماژەی پێداوەو دەفەرمێت (إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ )(237)

د- بەرپاكردنی حوكمی شەرع : كەیاساو ڕێسای دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامیەو ئایینی ئیسلام فەرزی كردووە لەسەر موسڵمانان كە كار بەشەریعەتی ئیسلامی بكەن, وەك خودای گەورە دەفەرمێت (فَاحْكُمْ بَيْنَهُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ)(238), لەهەمانكات فەرامۆشكردنی شەریعەتی ئیسلامی و كارپێنەكردنی وەك كوفر ناوبردووە .(239), وەك دەفەرمێت (وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ * وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ * وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ)(240)

هـ- فەرمانكردن بەچاكەو ڕێگری كردن لەخراپە : كەئەمەش ئەركی موسڵمانانە بەگشتی وەك خودای گەورە دەفەرمێت (وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ )(241), ئەم كارە واجبێكی ئایینی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامیەو پێویستە خولیفەو كاربەدەستانی موسڵمانان بەپێی فەرمانی شەرعەتی ئیسلامی بەم كارە هەستن, دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی (حیسبە) ی بۆ ڕاپەڕاندنی ئەم كارە پێكهێناوە .(242)

## تایبەتمەندیەكانی شارستانیەتی ئیسلامی :

أ- خوداییە, و تەركیز لەسەر یەكتاپەرستی و تەحید دەكاتەوە .

---

(233) القران الكريم-سورة شورى-الاية-38 .
(234) القران الكريم-سورة النساء-الاية-58 .
(235) القران الكريم-سورة النساء-الاية-135 .
(236) اسس الحكم في الشريعة الاسلامية-صالح بن غانم السدلان .
(237) القران الكريم-سورة الحجرات-الاية-13 .
(238) القران الكريم-سورة المائدة-الاية-48 .
(239) وجوب تطبيق الحدود الشرعية-عبدالرحمان عبدالخالق اليوسف-ل23-24 .
(240) القران الكريم-سورة المائدة-الاية-44-45-47 .
(241) القران الكريم-سورة التوبة-الاية-71 .
(242) الجسبة في الاسلام, او وظيفة الحكومة الاسلامية-ابن تيمية-ل11-17 .

ب- چەسپاوە, و دامەزراو و نەگۆڕەو گونجاوە لەگەڵ هەلومەرجی ژیانی مرۆ دا .

ج- گشتگیرە, و هەموەكیەو تەواوی كایەو بوارەكانی ژیانی مرۆڤەكان دەگرێتەوە .

د- هاوئاهەنگە, و هەردوو لایەنی ڕۆحی و لایەنی ماددی ژیانی مرۆڤەكان هاوتا دەكات و هیچ لایەنێكیان فەرامۆش ناكات .

هـ- ئیجابیە, و جەخت لەسەر فەزیلەت و بەهابالاكان دەكاتەوە .

و- واقیعیە, و لەگەڵ هەلومەرجی ژیانی مرڤایەتیدا گونجاوەو توانای وەڵامدانەوەی خواست و پێداویستیەكانی مرڤی هەیە .(243)

**گرنگی وولاّتی ئیسلام :**

**ئاییـنی ئیسلام هەمیشە هەوڵی داوە موسڵمانان پێکەوەو لەدەوری یەکـدی گردبکاتـەوە لـەنێو یـەك وولـاتی ئیسلامی و لەژێر سایەی یەك خیلافەتی ئیسلامی دا مومارەسەی دین و دونیایان بکەن, هەربۆیە کۆچکردنی لەسەر موسڵمانان پێویست کردووە, واتا لەحاڵی پێکهێنانی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی لەگەڵ ڕاگەیانـدنی وولاّتی ئیسلام و بەرپاکردنی خیلافەتدا, پێویستە لەسەر موسڵمانان کۆچ بکەن بۆوولاّتی ئیسلام . هەڵبـەت ئەم کۆچکردنەش زیاتر لەسەر ئەو موسڵمانانە واجبە کـەناتوانن لـەوولاّتی کـوفرداو بـەئازادی مومارەسـەی ئاییـنی ئیسلام بکەن و شەعائیرەکانی بەرز ڕاگرن, لەهەمانکات ڕووبەڕووی ستەم و زۆرداری دەبنەوە .**(244)

---

(243) الحضارة الاسلامية بين اصالة الماضي وامال المستقبل-علي بن نايف الشحود-ل1 .
(244) الاعلام بوجوب الهجرة من الدار الكفر الى الدار الاسلام-عبدالعزيز بن صالح الجوبوع-ل12-16 .

## بەشی حەوتەم

# ئەزموونی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی

## ئەزموونی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی ئەمەوی :

## ئەزموونی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی عەبباسی :

## ئەزموونی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی عوسمانی :

## هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی عوسمانی :

## لەکارخستنی شەریعەت و لادانی خەلیفە :

## هەڵوەشاندنەوەی خیلافەت :

**ئەزموونی دەووڵەتی خیلافەتی ئیسلامی :**

**أ- ئەزموونی دەووڵەتی خیلافەتی ئیسلامی ئەمەوی .**
**ب- ئەزموونی دەووڵەتی خیلافەتی ئیسلامی عەبباسی .**
**ج- ئەزموونی دەووڵەتی خیلافەتی ئیسلامی عوسمانی .**

**أ- ئەزموونی دەووڵەتی خیلافەتی ئیسلامی ئەمەوی :**

خیلافەتی ئەمەوی لەپاش شەهیدکردنی ئیمامی علی (ر.ض), ولەگەڵ دەستبەکاربوونی موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان لەساڵی (40ك-661م) و لەپاش تەنازولکردنی حوسێنی کوڕی علی(رچ) بۆ موعاویە, دەستی پێکرد .(245).

سەردەمی موعاویە, سەردەمی فتوحات و داهێنانی زانستی بوو پێشکەوتن بوو, ئەوەبوو سوپای ئیسلامی زۆرێك لەهەرێمەکانی ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی ڕزگارکردو توانی نزیکی قوستەنتەنیەی پایتەخی ببێتەوەو گەمارۆی بدات, هەروەها قەرتاجەی لەرۆژهەڵاتی ئەفریقیا ڕزگارکرد لەگەڵ زۆرێك لەناوچەکانی لیبیاو جەزائیرو مەراکشی ئەمڕۆ, هاوکات توانی دەست بەسەر ئەندلوسدا بگرێت و سنوری دەوڵەتی ئیسلامی بگەیەنێت سەرحدودی فەرەنسا .(246).

خیلافەتی ئەمەوی درێژەی کێشا, تاوەکو لەساڵی (132ھ-750م), کۆتایی پێهات .(247) ئەمەویەکان لەماوەی ئەزمونی حوکمڕانی خۆیاندا نموونەی بەرزیان تۆمارکرد لەئازایەتی و کیان فیدایی لەمەیدانەکانی جیهاددا, فتوحاتە زۆرو زەوەدەکانیان پانوپۆڕی ڕووبەری دەوڵەتەکەیان شاهیدی ئەو ڕاستیەن . هەروەها دادپەروەری و عەدالەتیان گەتشتە ترۆپك, ئەوەش لەسەردەمی (خەلیفە عومەری کوڕی عبدالعزیز) دا بوو, لەواری زانست و زانیاریش دا, (ئەندەلوس) شاهیدی پێشکەوتوویی ئەمەویەکانە .

## ب- ئەزموونی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی عەبباسی :

خیلافەتی عەبباسی لەساڵی (132ك-749م) دەستی پێکرد, هەڵبەت لەپاش شکستهێنان و هەڵوەشاندنەوەی خیلافەتی ئەمەویەکان لەلایەن نەیارە نێوخۆییەکانیانەوە . خیلافەتی عەبباسی لەسەر دەستی (أبوالعباسی السفاح) دامەزراو سەرەتای کارەکەشی لەکوفەوە دەست پێکرد .(248).

خیلافەتی عەباسی ڕەمزی پێشکەوتنی شارستانیەتی ئیسلامیە, لوتکەی زانست و زانیاری و داهێنان ئوممەتی ئیسلامی بوو, هەر لەزەمەنی عەبباسیەکان و لەسەردەمی خەلیفە (أبوجعفری المنصور) دا بوو کە شاری بەغدادی مەڵبەندی زانست و زانیاری بوونیاتنرا .(249),

(245) تاريخ الدولة الاموية-دكتور محمد سهيل طقوش-ل14 .
(246) الدولة الاموية عوامل الإزدهار وتداعيات الانهار-على محمد محمد الصلابي-ل128-165 .
(247) تاريخ الدولة الاموية-دكتور محمد سهيل طقوش-ل182 .
(248) تاريخ الدولة العباسية-الدكتور محمد سهيل طقوش-ل8 .
(249) تاريخ الدولة العباسية-الدكتور محمد سهيل طقوش-ل66 .

لەماوەیەکی زەمەنی دیاریکراودا, وەك یەکێك لەدیارترین ناوەندەکانی ڕۆشنبیری و زانستی و بازرگانی, دەرکەوت و بووە ڕەمزی شارستانیەتی ئیسلامی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا .

هاوشان لەگەڵ داهێنان و پێشکەوتنی زانستی و گەشەکردنی بازرگانی, فتوحاتی ئیسلامی لەسەردەمی عەبباسیەکاندا یەکجار فراوان بوو, بەجۆرێك کەدەسەڵاتی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی گەیشتە ناوچەو هەرێمەکانی (سرخس, توس, نیسابوور, قومس, تبرستان, هەمەدان و نەهاوەند و ئەسفەهان و قرماسین و .... هتد)(250) , هەروەها سنوری دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی لەرۆژهەڵاتەوە گەیشتە سەرحدودی سین و لەهیندستانیش زۆر ناوچەو هەرێمی لەژێر دەسەڵاتدا بوو, لەوانیش هەرێمی (سند)(251) لەهەمانکات لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی دا, لەکێشمەکێش و ململانێ دابوو, توانی بەتووندی بەرەنگاری ئەو دەسەڵاتە

**ببێتەوەو خاکی ئیسلامی لەهێرش و هەڵمەتە سەربازییەکانیان بپارێزن (252), هاوکات هەوڵی جدیاندا بۆگێڕانەوەی ئەندەلوس و پارێزگاری لێکردنی .**

**خیلافەتی عەباسیەکان درێژەی کێشاو تا لەساڵی (656ك-1258م), لەسەر دەستی مەغۆلەکان کۆتایی پێهات .(253)**

## ئەزموونی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی عوسمانی :

**لەلایەن (ئارتوغرولی کوڕی عوسمان)ەوەو لەساڵی (656ك-1258م), دامەزرا . ئەوەش لەپاش زاڵبوونی مەغۆلەکان بەسەر جیهانی ئیسلامی و داگیرکردنی بەغدادی پایتەختی خیلافەت و خاپورکردنی شارەکەو کۆمەڵکوژی کردنی دانیشتوانەکەی و لەنێوبردنی دەستکەوتە زانستیەکانی شارستانیەتی جیهانی ئیسلامی (254).**

**عوسمانیەکان توانیان دەوڵەتێکی مەزن و پەهێز دابمەزرێنن و دەسەڵاتی خۆیان بگەیەننە بەشی زۆری ناوچەو هەرێمەکانی جیهانی ئیسلامی و خیلافەتێکی فراوان و پانوپۆڕ دابمەزرێنن و زۆر شارو ناوچەو هەرێمی دیکەش فەتح بکەن و سنوری وڵاتەکەیان فراوانتر بکەن . لەنموونەی ئەو فتوحاتانەو دیارترینیان, فەتحکردنی شاری (قوستەنتەنیە) ی پایتەخی (ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی) بوو, لەسەردەمی سوڵتانی عوسمانی بەناوبانگ (سوڵتان محمد فاتح) لەساڵی (1453م), پاشان ناوی شارەکەی گۆڕی بۆ (ئەستەنبوڵ) و کردی بەپایتەختی خیلافەتی ئیسلامی عوسمانی .(255)**

**عوسمانیەکان توانیان جارێکی دی و سەرلەنوێ ڕێزو شکۆ بۆ موسڵمانان بگێڕنەوەو ئوممەتی ئیسلامی بکەنەوە بەپێشەوای مرۆڤایەتی و بۆماوەی چەندین سەدە وەك تاکە دەوڵەتی زاهێز, حوکمی بەشی زۆری گۆی زەمین بکەن, تاوەکو سەدەی حەڤدەو هەژدە ئەم ڕەوشە هەروا درێژەی هەبوو, وەلێ لەسەرەتاکانی سەدەی هەژدەدا, دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی عوسمانی ڕووی لەلاوازی کرد ,**

---

(250) اخبار الدولة العباسية-الدكتور عبدالعزيز الدوري, الدكتور عبدالجبار المطلبي-ل322-356 .
(251) تاريخ الدولة العباسية-الدكتور محمد سهيل طقوش-ل65-66 .
(252 تاريخ الدولة العباسية-الدكتور محمد سهيل طقوش-ل31 .
(253) تاريخ الدولة العباسية-الدكتور محمد سهيل طقوش-ل254 .
(254) الدولة العثمانية عوامل النهوض واسباب السقوط-علي محمد محمد الصلابي-ل45 .
(255) تاريخ الدولة العثمانية من النشوء إلى ال تاريخ الدولة العثمانية من النشوء إلى الإنحدار-د. خليل اينالجيك-ل41-43 .

**بەهۆی کەمتەرخەمی کردنی موسڵمانان لەهەمبەر فەرمانی خوداو پێغەمبەرو پابەند نەبونیان بەئایینی ئیسلامەوەو پشتکردنیان لەجیهادو فەرامۆشکردنی زانست و زانیاری . بۆیە خۆرئاواییەکان لەسەدەکانی هەژدەو نۆزدەدا توانیان داهێنانی زانستی گەورە بەرپابکەن و چەك و چۆڵی پێشکەوتوو بەرهەم بهێنن و سوپای بەهێز بونیات بنێن, پاشان شاڵاوی داگیرکاری و هێرشەکانیان بۆسەر جیهانی ئیسلامی دەستپێ بکەن . ئەوەبوو لەساڵی 1762-1796ز, ڕووسیا بەشێك لەخاکی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی داگیربکات, پاشان فەرەنسا بەسەرکردایەتی ناپلیۆن پۆناپارت و لەساڵی 1798ز, میسری داگیرکرد, دواترو لەساڵی 1830ز, جەزائیرو مەراکیشی لەساڵی 1912ز, داگیرکرد . هەروەها ئیتالیاش لەساڵی 1911ز, لیبیای داگیرکرد, هاوشان لەگەڵ فەرەنسا و ئیتالیا, بەریتانیا لەساڵی 1839ز, یەمەن و جەزیرەی عەرەب و هیندستانی داگیرکرد, لەساڵی 1882ز, میسرو لەساڵی 1898ز, سودانی داگیرکرد . هۆڵەنداش ئەندۆنیزیای داگیرکرد .**

ڕووسیاش ئەفغانستانی گەمارۆداو پاشان داگیری کرد, لەدواجارو لەلایەن بەریتانیاو ڕووسیاوە, ئێران داگیرکراو دابەشکرا . هەروەك لەساڵی 1804ز, گەلانی موسڵمانی باڵکان داگیرکران و دەستبەسەر خاك و وڵاتیاندا داگراو لەساڵی 1830ز, یۆنان جودابوویەوەو پاشان لەساڵی 1878, باڵکان لەخیلافەت دابڕێنرا (256).

بەمشێوەیەو ساڵ لەدوای ساڵ دەوڵەتانی خۆرئاوایی بەردەوام هێرشیان بۆسەر دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی عوسمانی کردووەو هەوڵی بچووککردنەوەی ڕووبەری دەوڵەتەکەیان داوەو ناوچەو هەرێمەکانیان داگیرکردووە, بەجۆرێك کە لەسەرەتای سەدەی نۆزدەدا, دەوڵەتی عوسمانی تەنها تورکیاو سوریاو لوبنان و عێراق و هەندێ لەناوچەکانی حیجازی بەدەستەوە مابوو .

## هەڵوشاندنەوەی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی عوسمانی :

بەهۆی شاڵاوی داگیرکاریەکانی خۆرئاواو پاشان لەدەرەنجامی ناردنی خوێندکارانی تورك و عەرەبی عوسمانی بۆ ئەورووپا بەمەبەستی تەواوکردنی خوێندن و بەدەستهێنانی بڕوانامەی زانستی باڵا, لەهەمانکات کردنەوەی خوێندنگا خۆرئاواییە ئینگلیزی و فەڕەنسی و ئەڵمانیەکان لەنێو هەرێمەکانی عەوسمانی, پۆلێك خوێندکاری خۆرئاواخواز لەنێو دەوڵەتی عوسمانی سەریان هەڵداو پاشان لەپلەو پایە باڵاکانی دەوڵەتی عوسمانی دا, دامەزران و پۆستی گەورەیان وەرگرت لەنێو سوپاو لەناوەندەکانی بڕیاری عوسمانی دا .(257) ئەم خوێندکارانە کاریگەربوون بەفیکری عەلمانیەت و بیری خۆرئاواخوازی .(258) لەهەمانکات توانیان گروپی تورکیای لاو لەساڵی 1886ز, پێکبێنن لەسەر بنەمای تۆرانیەت, ئەمەش لەدەرەنجامی پەرەسەندنی هەستی نەتەوایەتی تورکە لاوەکانەوە بوو .(259) پاشان لەمنداڵدانی ئەم گروپەوە (پارتی ئیتحادو تەرەقی عەلمانی)سەری هەڵدا (260).

---

(256) الاسرار الخفية وراء إلغاء الخلافة العثمانية-دكتور مصطفى حلمي-ل18-19 .

(257) سۆزی نەتەوایەتی وبیری ناسیۆنالیزم لەتەرازووی ئیسلام دا-علی باپیر-ل85 .

(258) ئیسلامی و عەلمانیەت لەتورکیا-ئیدریس بووانو-ل183-184 .

(259) مستەفا کەمال ئەتاتورك-مەنسور عبدالحكیم-ل68-75 .

(260) مستەفا کەمال ئەتاتورك-مەنسور عبدالحكیم-ل54-55 .

کەڕۆڵی سەرەکی بینی لە لەکارخستنی شرعەتی ئیسلامی و لادانی خەلیفەو داڕماندنی خیلافەت .

## لەکارخستنی شەریعەت و لادانی خەلیفە :

ئیتحادیەکان توانیان لەساڵی 1908ز, شۆڕشێکی نیمچە سەربازی لەئەستەنبوڵی پایتەختی خیلافەت بەرپابکەن و شەریعەتی ئیسلامی لەکاربخەن و دەستوری عەلمانیەت بەسەر خەلیفەدا بسەپێنن .(261) پاشان توانیان لەساڵی 1909ز, خەلیفەی موسڵمانان لەکار لابدەن .(262)

## هەڵوەشاندنەوەی خیلافەت :

پاش کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم و شکست هێنانی دەوڵەتی عوسمانی لەو جەنگەداو دوابەدوای هەڵاتنی سەرانی ئیتحادو تەرەقی, کەسایەتی کەمال ئەتاتورك لەبارودۆخێکی ئاڵۆزو دژواردا سەرهەڵدەدات و لەماوەیەکی کەم داو بەهاوکاری ئینگلیزەکان, نێوو نێوبانگی لەتورکیا ڕووی لەدرەوشانەوە کرد, لەدوای دەستگرتنی بەسەر سوپای تورکیاو پێکەوەنانی لەشکرێکی تەیار بەچەکی نوێ, دەستدەگرێت بەسەر حکومەتی تورکیا, پاشان لەبەرواری 18 ی کانوونی دووەمی ساڵی 1341هـ/ واتا لەبەرواری 7 ی کانوونی دووەمی ساڵی 1922ز, پارتی کۆماری ڕادەگەیەنێت لەسەر بنەمای (کۆماری, نەتەوایەتی, گەلی) . دوابەدوای ئەم هەنگاوەی, لە 20 ی کانوونی یەکەمی ساڵی 1342هـ/ واتا لە 30 ی ئۆکتۆبەری ساڵی 1923ز, کۆماری تورکیای عەلمانی ڕادەگەیەنێت .(263)

هاوکات لەگەڵ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی تورکیا, (کرۆزن) ی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا, (عیسمەت ئینینۆ) ی وەزیری دەرەوەی تورکیای ئاگادارکردەوە کەئەوان ڕازی نابن تورکیا سەربەخۆبێت, بەڵکو دەبێت تورکیا مەرجەکانی خۆرئاوا پەسەند بکات و جێبەجێیان بکات, ئەوکات ئەوان دانەنێن بەسەربەخۆیی تورکیادا . ئەومەرجانەش کەئینگلیزەکان پێشنیاریان کرد بۆ تورکیا, بریتی بوون لە :

أ- هەڵوەشاندنەوەی خیلافەتی ئیسلامی .
ب- لەناوبردنی هەر بزوتنەوەیەك کەبۆ زیندوکردنەوەی خیلافەت سەرهەڵبدات .
ج-گۆڕینی شەرعەتی ئیسلامی بەدەستوری عەلمانی .(264)

ئەتاتورك و پارتە علمانیەکەی ڕەزامەندیان دەربڕی لەسەر داوای ئینگلیزەکان, ئەوەبوو لە 29 ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1923ز, ئەنجومەنی نیشتیمانی, کۆماری تورکیای عەلمانی ڕاگەیاندو پاشان لەئێوارەی هەمان ڕۆژ مستەفا کومال ئەتاتورکیان وەك یەکەمین سەرۆك کۆماری تورکیای نوێ هەڵبژارد,

(261) عوسمانیەکان لەدامەزراندنی دەوڵەتەوە تاکودوەتا بەسەر خیلافەتدا-د. محمد تەقوش-ل606-608 .
(262) اسرار الانقلاب العثماني-مصطفى طوران-ل97 .
(263) كيف سقطت الدولة العثمانية-سليمان بن صالح الخراشي-ل83-85 .
(264) مستەفا کەمال ئەتاتورك-مەنسور عبدالحکیم-ل294-295 .

ساڵێك دواترو لەبەرواری 3 ی ئاداری ساڵی 1924ز, ئەنجومەنی نیشتیمانی, خیلافەتی ئیسلامی عوسمانی هەڵوەشاندەوەو (عبدو المجید) ی دواخەلیفەی عوسمانی لەکارخراو دووریان خستەوە بۆ شاری (نیس) ی فەرەنسا .(265) پاشان دەستوری عەلمانیەت کرا بەیاسای ڕەسمی دەوڵەت .(266) و شەریعەتی ئیسلامی پێچرایەوەو سیستمی خیلافەتی ئیسسلامی کۆتایی پێهات لە ساڵی 1924ز, دا .

(265) مێژووی ئێران و تورکیا-دکتۆر ئیبراهیم خلیل احمد, دکتۆر خەلیل عەلی مراد .

(266) پوختەی مێژووی ئەورووپا-پرۆفیسۆر جفری برۆن-ل604 .

## بەشی هەشتەم

# فەزڵی شارستانیەتی ئیسلامی بەسەر مرۆڤایەتیەوە

## فەزڵی شارستانیەتی ئیسلامی بەسەر مرۆڤایەتیەوە :

## زانایان و زانستی ئیسلامی :

## دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی و گرنگیدانی بەزانست :

**فەزڵی شارستانیەتی خۆرئاوا بەسەر مرۆڤایەتیەوە :**

ئایینی ئیسلام لەماوەی چواردەسەدەی تەمەنی خۆیداو لەئەزموونی هەزارو چوارسەدساڵەی دەوڵەتی خلافەتی ئیسلامیدا, چەندین شارستانیەتی پێشکەوتووی پێشکەشی مرۆڤایەتی کردووە, لەنموونەی شارستانیەتی ئەمەوی و شارستانیەی عەبباسی و شارستانیەتی ئەندەلوسی ئیسلامی, کەموسڵمانان توانیان پێشکەوتنی زانستی گەورەی تێدا بخولقێنن و ژیانی مرۆڤایەتی پێ ڕووناك بکەنەوە .

**زانایان و زانستی ئیسلامی :**

**نموونەی زانایانی موسڵمان و زانست و داهێنانەکانیان :**

- ئەبوو موسای جابری کوڕی حیان-101-161ھ / دۆزەرەوەی زانستی کیمیابوو, کتێبی (السموم ودفع مضارها) ی نووسی کە لەساڵی 1572ز, چاپکراوە .(267)

- ئەبو ریحانی محمدی کوڕی ئەحمەدی بیرۆنی خوارەزمی / لەبوارەکانی فەلەکناسی و بیرکاری و پزیشکی دا دۆزینەوەو داهێنانی گەورەی بەرپاکرد, بەتایبەتی لەبواری پزیشکی دا, کەکتێبی (اليدلية في علم "الأقربازين" والموارد الطبيعية), و کتێبی (الجماهر في معريفة الجوهر) ی لەوبوارەدا نووسی (268).

- ئیبن هەیسەمی باوکی حەسەنی کوڕی هەیسەمی میسری / لەبورای بیرکاری و هەندەسەو سروشت دا دۆزینەوەو داهێنانی مەزنی بەپاکرد .(269)

- ئیبن سیناء / لەبواری فەلسەفەدا داهێنانی کرد .

- ئیبن خەلدوون / لەبواری کۆمەڵناسی دا داهێنانی کرد .

- ئیبن بەیتار / لەبورای پزیشکی دەرمانسازیدا داهێنانی بەرپا کرد .

- محمدی کوڕی موسای خوارەزمی / لەبواری جەبردا داهێنانی بەرپا کرد .

**نموونەی زانایانی موسڵمانی ئەندەلوسی دۆزینەوەکانیان :**

- دۆزینەوەی باروت / موسای کوڕی نەسیر توانی دەبابە دروست بکات لەساڵی 92ك لەفەتحی ئەندەلوسدا بەکایان هێنا, هەروەك زانایانی موسڵمانی ئەندەلوسی توانیان باروت بدۆزنەوەو لەساڵی 179ك بەکاری بێنن .

- دورستکردنی فڕۆکە / عەباسی کوڕی فیرناسی ئەندەلوسی بوو بۆیەکەمین جار بیری لەفڕین کردەوەو باڵی فڕینی دروستکرد .

---

(267) الاسلام واپرە فی نهچە الشعوب-محمود عبدالوهاب فایر-ل34 .

(268) الاسلام واپرە فی نهچە الشعوب-محمود عبدالوهاب فایر-ل35-36 .

(269) الاسلام واپرە فی نهچە الشعوب-محمود عبدالوهاب فایر-ل36 .

- دروستکردنی کاغەز / لەزەمەنی هارنەڕەشیداو بەفەرمانی ئەو کارگەی دروستکردنی کاغەزیان دامەزراند, پاشان چاپخانەیان پێکهێنا .

-دروستکردنی سەعات / موسڵمان بۆیەکەمین جار سەعاتیان دروستکردو بەکاریان هێنا لەژیانی ڕۆژنەیانداو سودیان لێوەرگرت .(270)

**دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی و گرنگیدانی بەزانست :**

دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی گرنگی زۆری بەزانست و زانیاری داوە, ئەو زانستەشی بۆخزمەتی موسڵمانان و مرۆڤایەتی بەکارهێناوە, بۆیە دەبینین لەساڵی 900-914ز, دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی نەخۆشخانەی لەشاری بەغدادی پایتەخت دامەزراند, هەروەها لە 1284ز, لەقاهیرە نەخۆشخانەی بونیاتنا .(271), ئەمە جگەلەوەی لەشارەکانی بەغداو قاهیرەو دیمشق و شارەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی جیهانی ئیسلامی لەنموونەی بوخاراو سەمەرقەندو هەروەها لەشارەکانی ڕۆژئاوای جیهانی ئیسلامی لەنموونەی شارەکانی قورتوبەو ئیشبیلیەو قشتاڵەو سەرقستەو تەلیتلەو تەرتوشە, چەندین قوتابخانەو زانکۆی ئیسلامی کربۆوە بۆخوێندنی زانستەکانی بیرکاری و کیمیاو فیزیاو هەندەسەو پزیشکی و فەلەکی و جوگرافیاو مێژوو و هتد, کەزۆرێك لەخوێندکارانی فەرەنسی و ئینگلیزی و ئەڵمانی و هتد, ڕویان لەو ناوەندە زانستیانەی جیهانی ئیسلامی دەکرد بەمەبەستی خوێندن وفێربوونی زانست . هەروەك زۆرێك لەزانایان و مێژووناسانی ئەورووپی ڕاستگۆو خاوەن ویژدان ددان بەو ڕاستیەدا دەنێن و ئاشکرای دەکەن کەڕووناکی زانست سەرەتا لەجیهانی ئیسلامیەوە سەری هەڵداو پاشان لەڕێگای ئەندەلوسەوەو بەهۆی موسڵمانانەوە گواسترایەوە بۆئەورووپاو خۆرئاوای ڕووناك کردەوە .

---

(270) الاسلام واثرة في نهضة الشعوب-محمود عبدالوهاب فاير-ل36-44 .
(271) فضل الاسلام على الحضارة الغربية-مونتجومري وات-ل54 .

# بەشی نۆیەم

# بونیاتنانەوەی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی

## بونیاتنانەوەی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی :

## بەرەو وەرچەرخان :

## موژدەی گەڕانەوەی خیلافەت لەقورئان و سوننەتدا :

## هەنگاوەکانی گێڕانەوەی خیلافەت :

## ئیسلام ئایینی دەولەت و سیاسەتە :

**بونیاتنانەوەی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی :**

بونیاتنانەوەی خیلافەتی ئیسلامی, خەونی هەموو موسڵمانێکی شکۆمەندو خاوەن عیزەتە, ئاواتی لەمێژینەی ئوممەتی ئیسلامیە, تاوەکو شکومەندی و دەسەڵاتی ڕابردووی بۆبگەڕێتەوەئایینی ئیسلام پایەداربکەنەوەو شارستانیەتی ئیسلامی بەرپابکەنەوە . چوون پتر لەیەك سەدەیە گەلانی موسڵمان دەوڵەتی خیلافەتیان لەدەستداوەو لەنێو دەوڵەتۆکە عەلمانی و لادینیە دەستکردەکانی خۆرئاوادا, زیندانیکراون وهیچ

قەدرو قیمەت و هەیبەتێکیان لەنێو گەلانی جیهاندا نەماوە . بەڵکو تەواوی موسڵمانان ڕووبەڕووی زەبوونی و زەلیلی و ژێردەستەیی بوونەتەوەو هێزو دەسەڵاتیان لەبەرامبەر خاچپەرستان و جولەکەو تەنانەت لەبەرامبەر بوزی و هندۆسەکانیش دا, لەدەستداوەو توانای بەرگری لەخۆکردنیشیان نەماوە, ئەمەش لەئەنجامی لەدەستدانی دەوڵەتی خیلافەت و هەڵوەشاندنەوەی ئوممەت و بەش بەش بوونی وڵاتی ئیسلامی دا .

تا ئەوەدەمەی کە موسڵمانان یەك ئوممەت بوون و خاوەنی یەك وڵات بوون و خیلافەت حوکمی دەکردن, موسڵمانان گەورەی سەر ڕووی زەوەی بوون و حوکمی جیهانیان دەکرد, سنوری دەوڵەتی ئیسلامی لەڕۆژهەڵاتەوەو لەووڵاتی چینەوە درێژ ببۆوە بۆ ڕۆژئاوا, سوپای ئیسلامی لەسەر سنوری فەرەنسا, ئوردووی هەڵدابوو . تەواوی میللەتانی جیهان و پاشاکانیان چاوەڕوانی فەرمانی (بابی عالی) بوون, لەئەستەمبوڵ, تاوەکو بزانن خەلیفەی موسڵمانان چ فەرمانێك دەردەکات, هەتائەوکاتەی موسڵمانان دەستیان بەئیسلامەوە گرتبوو, ئەمە ڕێزو شکۆو دەسەڵاتیان بوو, وەلێ هەرکە پشتیان لەئاییینی ئیسلام کردو بایاندایەوە سەر دونیاو جاهیلیەتی نەتەوایەتی و بیروباوەڕو ئایدیۆلۆژیا کوفراویەکانی غەرب و شەرق, ئیدی حاڵی موسڵمانان بەمرۆ گەیشت کەهەموو دەیبینین, فەلەستین لەلایەن جولەکەوە داگیرکراو کشمیر لەلایەن هیندۆسەکانەوەو تورکستان لەلایەن بوزیەکانی چینەوەو قەوقاز لەلایەن شیوعی و خاچپەرستەکانی ڕوسەوەوبەلقان لەلایەن وڵاتانی ئەورووپای خاچیەوەو باقی هەرێمەکانی دیکەی وڵاتی ئیسلامی, کەرت و پەرتکران بەسەر دەوڵەتۆکەی نەتەوایی زەبوون و زەلیل دا, کەسەرجەمیان پاشکۆی خۆرئاوان و لەلایەن خۆرئاواییەکانەوە کاروباریان بەڕێوەدەبرێت, بەبێئەوەی خۆیان خاوەنی خیچ سەروەری و دەسەڵاتێك بن .

بەرەو وەرچەرخان :

ئەم ڕەوشە ناهەموارەی ئوممەتی ئیسلامی پێویستی بەگۆڕانکاری و وەرچەرخان هەیە, چوون ئوممەتی ئیسلامی پێشەوای مرۆڤایەتیەو ئوممەتی سەرکردەیەو هەڵگری کۆتا پەیامی خوداییە بۆ تێکڕای مرۆڤایەتی, هەر ئەمەش پێویستی کردووە لەسەر تەواوی موسڵمانان کە کاربکەن لەپێناو ڕزگاربوون لەم زەلیلیەو هەوڵی گێڕانەوەی دەسەڵات و شکۆمەندی و عیزەتی ڕابردووی خۆیان بدەن, تاوەکو جارێکی دی و سەرلەنوێ ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆیان لەم جیهانەدا ببینن و ئەرکە مەزنەکەی خۆیان جێبەجێ بکەن کەبریتیە لەبەرپاکردنەوەی حوکمی خوداو بەرزکردنەوەی شەعائیرەکانی ئیسلام, هەموو ئەم ئامانجانەش پێویستیان بەکارو لێبڕانی گەورە هەیە, ئەمەش ئەرکی هەر موسڵمانێکە کە عاشقی شکۆمەندی و عیزەت و سەروەرییە . بۆ وەدیهێنانی ئەم ئامانجە مەزن و باڵایەش پێویستە موسڵمانان بگەڕێنەوە بۆسەر مەنهەجی قورئان و سوننەتی پێغەمبەرو ڕێبازی سەلەف .

موژدەی سەرلەنوێ گەڕانەوەی خیلافەت لەقوئان و سوننەت دا :

خودای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا بەڵێنی بەموسڵمانان داوە کەئاییینی ئیسلامیان بۆبچەسپێنێت لەسەر ڕووی زەوی و شکۆو دەسەڵاتیان پێ ببەخشێتەوە, بەهەمان شێوەی موسڵمانی پێشن, بەڵام بەو مەرجەی کەموسڵمانان بەڕاستی دەست بەئاییینی ئیسلامەوە بگرن و بەچاکی پێڕەوی لێ بکەن, وەك خودای گەورە دەفەرمێت (وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِي الْأَرْضِ كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّذِينَ

مِنْ قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ الَّذِي ارْتَضَى لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُمْ مِنْ بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْنًا يَعْبُدُونَنِي لَا يُشْرِكُونَ بِي شَيْئًا وَمَنْ كَفَرَ بَعْدَ ذَلِكَ فَأُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ)(272)

**هەروەها پێغەمبەریش(ص) لەفەرموودەیەکانی دا, موژدەی بەموسڵمانان داوە کەجارێکی دیکەو سەرلەنوێ خیلافەتی ئیسلامی دەگەڕێتەوە, وەك دەفەرمێت** (تكون النبوة فيكم ماشاء الله أن تكون, ثم يرفعهاالله إذا شاء أن يرفعها, ثم تكون الخلافة على منهاج النبوة فتكون ماشاءالله أن تكون, ثم يرفعهاالله إذا شاء أن يرفعها, ثم تكون ملكاً عاضاً فيكون ماشاءالله أن تكون, ثم يرفعهاالله إذا شاء أن يرفعها, ثم تكون ملكاً جبرياً فتكون ماشاءالله أن تكون, ثم يرفعها إذاشاء أن يرفعها, ثم تكون خلافة على منهاج النبوة)(273)

## هەنگاوەکانی گێڕانەوەی خیلافەتی ئیسلامی :

**لەپێناو گێڕانەوەی خیلافەت, پێویستە موسڵمانان و خەمخۆرانی ئیسلام, پلان و ڕێگاچارەی شیاو بگرنەبەر لەپێناو بونیاتنانەوەی ئوممەتی ئیسلام و وڵاتی ئیسلام و خیلافەتی ئیسلامی, لەنموونەی ئەو هەنگاوانەی کەپێویستە موسڵمانان بیگرنەبەر, بریتین لە :**

**أ- پێگەیاندنی نەوەیەکی قورئانی : پێویستە تەواوی بانگخوازانی ئیسلامی کاربکەن بەئامانجی گەشەپێدانی پەروەردەی قورئانی و هەوڵی جددی بدەن لەپێناو پێگەیاندنی نەوەیەکی قورئانی, بەجۆرێك کەقورئان پیرۆز سەرچاوەی فیکرو بیرکرنەوەو چاوگی یاساو ڕێساو بنچینەی ڕەوشت و ڕەفتاریان بێت لەگشت بوارەکانی ژیانیان** .(274), **هەروەك پرسیاریانکرد لە (دایکی ئیمانداران-خاتو عائیشە(ر.ض), دەربارەی ڕەوشتی پێغەمبەر(ص), ئەویش فەرمووی "کان خُلُقُهُ القُرآن)**(275)

**ب- بەمەنهەجی کردنی قورئان : پێویستە بانگخوازانی ئیسلامی حەقیقەتی ئیسلام بەڕوون و ڕاشکاوی بەگوێی موسڵمانان و باقی مرۆڤایەتیدا بدەن, تاوەکو هەموولایەك لەوەتێبگەن کەقورئان تەنها قورئانی نوێژو ڕۆژو نیە, بەڵکو شەریعەت و یاساو ڕێسای کۆمەڵگاو بنەمای سیاسەت و سیستمی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و کلتوری هونەرییە, وەك خودای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا چەندین ئایەتی لەبارەی حەرام و حەڵاڵ و سزای تاوانە جیاوازەکانەوە دابەزاندووە, لەهەمانکات خودای گەورە فەرماندەکات بەحوکم کردن بە قورئانی پیرۆز وەك لەم ئایەتەدا دەفەرمێت** (فَاحْكُمْ بَيْنَهُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ)(276)

---

(272) القران الكريم-سورة النور-الاية-55 .
(273) اخرجه احمد في المسند-273/4 .
(274) معالم في الطريق-سيد القطب-ل11-12 .
(275) اخرجه النسائي .
(276) القران الكريم-سورة المائدة-الاية-48 .

**ج- گەشەپێدانی کۆمەڵگای ئیسلامی : پێویستە بانگخوازانی ئیسلامی کاری جددی بکەن لەپێناو بوژاندنەوەی هەستی برایەتی لەنێوان گەلانی موسڵمانان, وەك خودای گەورە لەوبارەیەوە دەفەرمێت** (إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ)(277), **تاوەکو بەرپەرچی هەستی نەتەوایەتی جاهیلی بدەنەوەو کوتایی بێنن بەو جەهالەتەی کەئەمڕۆ گەلانی موسڵمانانی کردووەتە دووژمنی یەکدی, کەئەمەش پیلانی خاچپەرستان و یەهودیەکان بوو, هەروەك تاوەکو ئەمڕۆشی لەگەڵ بێت پەرە بەم فیتنەیە دەدەن و ئاگری ئەم ململانێ نەتەوەییە خۆش دەکەن, بۆیە ئەرکی سەرەکی هەموو موسڵمانانە کە کاربکەن بۆ بوژاندنەوەی هەستی**

یەكبونی ئیسلامی و پەرەپێدانی برایەتی موسڵمانانەو بەرپاكردنەوەی ئوممەتی ئیسلامی, هەروەك خودای گەورە دەفەرمێت (إِنَّ هَذِهِ أُمَّتُكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَأَنَا رَبُّكُمْ فَاعْبُدُونِ)(278)

د- بەپاكردنی جیهاد : لەپێناو سەرخستنی ئیسلام و تێكشكاندنی كۆسپ و لەمپەرەكانی سەر رێگای كاری ئیسلامی, ئاشكرایە كەهەر ئایین و ئایدیۆلۆژیایەك خاوەنی هێزی سەربازی و توانای جەنگی نەبێت و نەتوانێت بەرپەرچی دووژمنەكانی بداتەوە, سەركەوتنی مەحاڵەو هەوادارانی ناگەن بەئامانج, بۆیە گەر موسڵمانان بیانەوێت بگەن بەئامانجە باڵاكانیان, ئەوا پێویستە لەسەریان چاو لەپێغەمبەر(ص) و هاوەڵانی(ر.ض), بكەن . واتا هاوشان لەگەڵ دەعوەو بانگەوازی ئیسلامی, جەنگ و جیهادیش بەرپابكەن, بەمانایەكی دی پێویستە لەسەر موسڵمانان كە بەدەستێكیان قورئان هەڵبگرن و بەدەستەكەی دیكەشیان چەك هەڵبگرن . خودای گەورەش لەوبارەیەوە دەفەرمێت (وَأَعِدُّوا لَهُمْ مَا اسْتَطَعْتُمْ مِنْ قُوَّةٍ وَمِنْ رِبَاطِ الْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِ عَدُوَّ اللَّهِ وَعَدُوَّكُمْ وَآخَرِينَ مِنْ دُونِهِمْ لَا تَعْلَمُونَهُمُ اللَّهُ يَعْلَمُهُمْ)(279)

ه- لا إله إلله بكرێتە شیعاری ئوممەت : پێویستە موسڵمانان جگە لەخودای گەورە مل بۆ هیچ (طاغوت) ێك نەوی نەكات و تەنها فەرمانبەرداری خودای گەورەبێت, وەك خودای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرمێت (وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ)(280), هەروەها پێویستە جگەلە شەریعەتی ئیسلامی, پێڕەوی لەهیچ یاساو رێسایەكی دیكە نەكەن, چوون خودای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا لۆمەی ئەو كەسانە دەكات كە قانون و یاسا بۆخەڵكی دادەنێن, لەپاشان هەرەشەی توندیان لێدەكات و بەستەمكار ناویان دەبات, وەك لەوباریەوە دەفەرمێت (أَمْ لَهُمْ شُرَكَاءُ شَرَعُوا لَهُمْ مِنَ الدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَنْ بِهِ اللَّهُ وَلَوْلَا كَلِمَةُ الْفَصْلِ لَقُضِيَ بَيْنَهُمْ وَإِنَّ الظَّالِمِينَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ)(281)

و- شەریعەتی گەردوونی : خودای گەورە پێغەمبەر محمدی (ص) بۆتەواوی مرۆڤایەتی ناردووەو پەیام و بەرنامەكەشی كە ئایینی ئیسلامە, بۆتێكڕای كۆمەڵگای مرۆڤایەتی ناردووە, وەك لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرمێت (وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ)(282), هەروەها لەبارەی جیهانی بوونی ئایینی ئیسلامەوە دەفەرمێت (إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ لِلْعَالَمِينَ)(283),

---

(277) القران الكريم-سورة الحجرات-الاية-10 .
(278) القران الكريم-سورة الانبياء-الاية-92 .
(279) القران الكريم-سورة الانفال-الاية-60 .
(280) القران الكريم-سورة النحل-الاية-36 .
(281) القران الكريم-سورة الشورى-الاية-21 .
(282) القران الكريم-سورة الانبياء-الاية-107 .
(283) القران الكريم-سورة يوسف-104 .

لێرەوەو ئایەتە پیرۆزانەوە بۆمان دەردەكەوێت كەپێغەمبەر محمد(ص) بۆتەواوی مرۆڤایەتی نێردراوەو ئایینەكەشی بۆتێكڕای مرۆڤایەتی نێردراوە, هەربۆیە شەریعەتی ئیسلامی شەریعەتێكی گەردونیە .

## ئیسلام ئایینی دەوڵەت و سیاسەت :

ئایینی ئیسلام ئایینی دەوڵەت و سیاسەتە, مەنهەجی ژیان و سەرچاوەی فیكرو رۆشنبیریە و بونیاتنەری شارستانیەتە, هەویەی ئوممەتی ئیسلامیە . بۆیە پێویستە موسڵمانان لەتەواوی لایەن و كایەو بوارە جیاوازەكانی ژیانیاندا پێڕەوی لێبكەن و تاك تاكی موسڵمانان پابەندبن پێوەی و یەك یەكی نەوەكانیانی پێ

**گۆشبکەن و لەسەر بنەمای قورئان و سوننەت و ڕێبازی سەلەف پەروەردەیان بکەن, تاوەکو تــاکی مــوســڵمانی تێگەیشتوو لەئیسلام و پابەند بەقورئان و سوننەت بگەیەنێت و هێدی هێدی کۆمەڵگای مــوســڵمان بونیــات بنرێتەوە و پاشان ئوممەتی ئیسلامی پێکبێتەوەو ئەوجا دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی ڕابگەیەنرێت .**

**سەرچاوەکان :**

1- الخلافة الاسلامية بين نظم الحكم المعاصرة-جمال احمد السيد جاد المراكبي-جماعة انصار السنة المحمدية-ادارة الدعوة والاعلام-لجنة البحث علمي-كلية الحقوق-جامعة قاهرة-1413هـ .
2- القران الكريم .
3- مجموعة الوثائق السياسية للعهد النبوي والخلافة الراشدة-محمد حميدالله الحيدر ابادي الهندي-دار النفائس- طبعة سادسة-1407-بيروت-لبنان .

4- **محمد صله الله عليه وسلم ڕێبازی ژیانە-ڕێکخراوەی قوتابیانی کوردستان-kso-ساڵی چاپ-2008ز-1429ك-چاپخانەی حاجی هاشم-ژمارەی سپاردنی (623) ی ساڵی (2008ز) بوەزارەتی ڕۆشنبیری دراوەتێ-هەولێر-کوردستان .**

5- نور اليقين في سيرة سيد المرسلين-الشيخ محمد الحضري بك-المفتش بوزارة المعاريف ومدرس التاريخ الاسلامي بالجامعة المصرية-بغداد-العراق .

6- نظام الحكم في الشريعة والتاريخ الاسلامي-ظافر القاسمي-استاز العلوم اسلامية في الجامعة اللبنانية-دار النفائس-طبعة الاولى-بيروت-لبنان .

7- التحالف السياسي في الاسلام-منير محمد الغضبان-مكتبة المنار الاردن-الزرقاء-طبعة الاولى-1402ه-1982م-مكتبة الشاملة .

8- التمثيل السياسي في العهد النبوي-د. مبارك محمد المعبد الحربي-مكتبة الشاملة .

9- الشورى فريضة اسلامية-علي محمد محمد الصلابي-دار ابن كثر-سوريا-مكتبة الشاملة .

10- الشورى في الشريعة الاسلامية-القاضي حسين بن محمد المهدي-دار الكتاب-رقم ايداع-363 في 2006/7/4م-مكتبة المحامي احمد بن محمد المهدي-مكتبة الشاملة .

11- احاديث النبوي الشريف .

12- **خەلیفەکانی ڕاشیدین لەنێوان جێنشینبوون و شەهیدبووندا-دکتۆر صلاح عبدالفتاح الخالدی-وەرگێڕانی/فاتح محمد سەنگاوی-نوسینگەی تەفسیر-چاپی سێیەم-1432ك-2011م-هەولێر-کوردستان .**

13- **ژیان نامەی خەلیفەکانی ڕاشیدین (ئەبوبەکری صدیق)-حبیب محمد سعید-چاپی یەکەم-ساڵی چاپ-1417ك-1997م-چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان-هەولێر .**

14- طرق انتهاء ولاية الحكام في الشريعة الاسلامية والنظم الدستورية-كايد يوسف محمود قريش-مؤسس الرسالة-طبعة الاولى-1407ك-1987م-بيروت .

15- فقه السيرة-**بەکوردی**-د. محمود سعيد رمضان البوطي-**وەرگێڕانی/ شێخ محمد شێخ سمیع-زنجیرەی بڵاوکراوەی دروود-ژمارە (1)-چاپی یەکەم-1432ك-2011ز-لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارە (1921) ی ساڵی 2010 ی پێدراوە .**

16- ابي بكر الصديق أفضل الصحابة, واحقهم بالخلافة-محمد بن عبدالرحمان بن مخمد بن عبدالله-المتوفي في سنة-1421ه-مكتبة الشاملة .

17- عصر الخلافة الراشدة محاولة لنقد الرواية التاريخية وفق منهج المحدثين-اكرم بن ضياء العمري-الطبعة الاولى-1430ه-2009م-مكتبة العبيكات-الرياض-مكتبة الشاملة .

18- النظام القضائي في الفقه الاسلامي-محمد رأفت عثمان-الطبعة الثانية-1415ه-1994م-دار لبيان .

19- تاريخ الحضارة الاسلامية والفكر الاسلامي-د. أبوذيد شلبى استاذ حضارة الاسلامية-كلية اللغة العربية-جامعة الازهر-مكتبة وهبة-1433ه-2012م-قاهرة-مصر .

20- **دەوڵەتی خیلافەت بوژاندنەوەی کۆمەڵگەو گەشەسەندنی شارستانیەت-ئیکرام کەریم-ژمارەی سپاردنی (316) ی ساڵی (2007ز) لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان پێدراوە-شوێنی چاپ-کۆمپانیای چاپ و پەخشی سەردەم-چاپی یەکەم-ساڵی چاپ-2007ز-لەبڵاوکراوەکانی پرۆژەی (تیشك) زنجیرەی (13) .**

21- مآثر الانافة في معالم الخلافة-احمد بن علي بن احمد الفزاري القلقشندي-الطبعة الثانية-1985م-مطبعة الحكومة الكويت-الكويت .

22- عثمان بن عفان ذوالنورين-محمد رضا-ولد في مصر ونشأ فيها, شغل منصب مكتبة بالقاهرة, توفي بالقاهرة سنة 1369هـ-1950م-مكتبة الشاملة .

23- ژیانی ئەمیری باوەڕداران خەلیفەی چوارەم عەلی کوڕی ئەبوتالیب-دکتۆر علی محمد الصلابی-دار المعرفه-بیروت-لبنان . وەرگێڕانی/ مامۆستا عومەر تۆفیق الخطاط-کتێبخانەی ناڕین-ژمارەی سپاردنی (1299) ی ساڵی 2008 ی پێدراوە-هەولێر-کوردستان .
24- معالم عصر الخلفاء الراشدين-علي بن نايف الشحود-باحث في القران والسنة-الطبعة الاولى-1430هـ-2009م-(بهاج-دار العمور)-ماليزيا-مكتبة الشاملة .
25- الخلافة-محمد رشيد رضا بن علي رضا بن محمد شمس الدين بن محمد بهاء الدين بن منلا علي خليفه القلموني الحسني-المتوفي-1345هـ-الزهراء للاعلام العربي-قاهرة-مصر-مكتبة الشاملة .
26- الدولة الاسلامية وسلطتها التشريعية-درسة الاظهار ماينبغي أن يكون عليه أمر الدولة وسلتطها التشريعية في الاسلام مع معالجة للواقع المعاصر-الدكتور حسن صبحي أحمد عبداللطيف-استاذ بجامعة الامام محمد بن سعود الاسلامية-مؤسسة الشباب الجامعة للطباعة والنشر والتوزيع-اسكندرية-مصر-مكتبة الشاملة .
27- السياسة الشرعية-جامعة المدينة عالمية-مرحلة ماجستر-مؤسسة تعليمية مستقلة غير رحية-كود المادة-GFIQ 5203-موقع الجامعة-WWW.Mediu.edu.my-مكتبة الشاملة .
28- غياث الامم في التياث الظلم-عبدالملك بن عبدالله بن محمد الجويني-متوفي في سنة-478هـ-مكتبة إمام الحرمين-الطبعة الثانية-1401هـ-مكتبة الشاملة .
29- تحفة الترك غيما يجب أن يعمل في الملك-إبراهيم بن علي بن أحمد بن عبدالواحد إبن المنعم الطرطوسي, نجم الدين الحنفي-(758هـ)-الطبعة الثانية-1421هـ-2000م-مكتبة الشاملة .
30- السياسة الشرعية في الشئون الدستورية والخارجية والمالية-عبدالوهاب خلاف-المتوفي-1375هـ-دار القلم-الطبعة-1408هـ-1988م-مكتبة الشاملة .
31- رياسة الدولة في الفقه الإسلامي-دكتور محمد رأفت عثمان-رقم الإيداع-(29991)-1975م .
32- الموسوعة الجنائية الإسلامية المقارنة بالأنظمة المعمول بها في المملكة العربية السعودية-سعود بن عبدالعالي البارودي العتيبى-الطبعة الثانية-1427هـ-رياض-سعوديه-مكتبة الشاملة .
33- الإسلام و أوضاع السياسية-عبدالقادر عودة-المتوفي في سنة-1373هـ-مؤسسة الرسالة للطباعة والنشر والتوزيع-عام النشر-1401هـ-1981م-بيروت-لبنان-مكتبة الشاملة .
34- الإدارة والحكم في الاسلام الفكر والتطبيق-أ.د. عبدالرحمن بن إبراهيم الضحيان0استاذ الادارة العامة بقسم العلوم الادارية-عميد كلية اللغة العربية والعلوم الاجتماعية-موافقة وزارة الاعلام برقم 7343 في تاريخ 1417/12/1هـ-مكتب المطبوعات بجدة-طبعت بمطابع شركة دار العلم للطباعة والنشر-مملكة عربية سعودية .
35- الخلافة والملك-أبو الأعلى المودودي-الطبعة الاولى-1398هـ-1978م-دار القلم-الكويت .
36- التراتيب الادارية=نظام الحكومة النبوية-محمد عبدالحي بن عبدالكبير ابن الحسني الادريسي-المعروف بعبد الحي الكتاني (المتوفي-1382ه)-دار الارقم-الطبعة الثانية-بيروت-لبنان .
37- الاحكام السلطانية-ابوالحسن علي بن محمد بن محمد بن حبيب البصري البغدادي-الشهير بالماوردي-المتوفي في السنة-450هـ-دار الحديث-القاهرة-مصر .
38- بدائع السلك في طبائع الملك-محمد بن علي بن محمد الاصبحي الاندلسي, أبوعبدالله, شمس الدين الغرناطي ابن الأزرق-المتوفي-896هـ-الطبعة الالى-وزارة الاعلام العراق-المكتبة الشاملة .

39- تخريج الدلالات السمعية على ماكان في عهد رسوالله من الحرف والصنائع والعمالات الشرعية-علي بن محمد بت احمد بن موسى ابن مسعود, ابوالحسن ابن ذي الوزارتين, الخزاعي (المتوفي-789هـ)-دار الغرب الاسلامي-الطبعة الثانية-1419هـ-بيروت-لبنان-مكتبة الشاملة .

40- قوانين الوزارة وسياسة المُلك-ابوالحسن علي بن محمد بن حبيب-الشهير بالماوردي-450ه-1058هـ-الطبعة الاولى-1979م-بيروت-لبنان .

41- تحرير الاحكام في تدبير الاهل الاسلام-ابوعبدالله, محمد ابراهيم بن سعدالله بن جماعة الكناني الحموي الشافعي, بدر الدين (المتوفي 733هـ)- الطبعة الثالثة-1408هـ-1988م-دار الثقافة بتفويض من رئاسة المحاكم الشرعية بقطر-الدوحة-مكتبة الشاملة .

42- السياسة الشرعية-ابن تيمية-دار المعرفة-مكتبة الشاملة .

43- **سيستەمی ئابووری لەڕوانگەیەکی ئیسلامیدا-پ. د. أحمد محمد گە بالیسانی-ژمارەی سپاردنی (916) ی ساڵی (2010ز) ی لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان پێدراوە-چاپی یەکەم-2010ز-چاپخانەی گۆڤار-هەولێر-کوردستان .**

44- كتاب الخراج-للقاضي ابي يعقوب بن إبراهيم-دار المعرفة للطباعة والنشر-1399هـ-1979م-بيروت-لبنان .

45- شرح الكتاب السياسة الشرعية-ليشيخ الاسلام ابن التيمية-شرح الشيخ محمد بن صالح العثيمين-الدار العثمانية-دار ابن حزم-الطبعة الالى-1425هـ-2004م-بيروت-لبنان .

46- حسن السلوك الحافظ دولة الملك-محمد بن محمد بن عبدالكريم بن رضوان بن عبدالعزيز البعلي شمس الدين, ابن الموصلي (المتوفي-773هـ)-دار الوطن-الرياض-السعودية-مكتبةالشاملة .

47- النظام القضائي-وزارة الأوقاف السعودي-المكتبة الشاملة .

48- الجهاد في الاسلام بين الطلب والدفاع-صالح اللحيدان-مطابع الفرزدق التجارية-الطبعة الربعة-1407-1408هـ-الرياض-السعودية .

49- الحسبة لإبن تيمية ت الشحود-تقي الدين ابوالعباس احمد بن عبدالحليم بن عبدالسلام بن عبدالله بن ابي القاسم بن محمد ابن تيمية الحراني الحنبلي الديمشقي-المتوفي-728ه-الطبعة الثانية-1428هـ-2007م-مكتبة الشاملة .

50- الحسبة جامعة المدينة-جامعة المدينة العالمية-مرحلة ماجستير-كود المادة-GDWH 5133-موقع الجامعة-WWW.Mediu.edu.my-مكتبة الشاملة .

51- الحسبة-موقع وزارة الاوقاف السعودية-مكتبة الشاملة .

52- اهمية الحسبة في النظام الاسلامي-عبدالرحمان بن حسن البيتي-مكتبة الشاملة .

53- الحسبة في النظام الاسلامي : اصولها الشرعية وتطبيقاتها العلمية-رسالة ماجستر للاستاذ ادريس محمد عثمان .

54- الانتخابات واحكامها في الفقه الاسلامي-فهد بن صالح بن عبدالعزيز العجلاني-دار الكنوز اشبيليا للنشر والتوزيع-1429هـ-الطبعة الاولى-1430هـ-2009م-مملكة العربية السعودية .

55- المراة والولايات السيادية-هبدالرحمن بن سعد الشثري-موقع شبكة نور الاسلام-www.islmlight.net-مكتبة الشاملة .

56- حكم تولي المراة القضاء-ابراهيم بن علي السفياني-مكتبة الشاملة .

57- كتاب الحدود السلطان-د. عبدالله قادري الاهدل-مكتبة الشاملة .

58- الخروج على الحاكم في الفكر السياسي الاسلامي-جمال الحسني ابو فرحة-مركز الحضارة العربية-الطبعة الاولى-2004م-القاهرة-مصر .

59- الطرق السلمية في تغير الحاكم الفاسد-يحيى بن علي جغمان-صنعاء-يمن-مكتبة الشاملة .
60- مفهوم الشورى في الاسلام-محمد خالد عمر-عضو اتحاد الكتاب العرب-التراث العربي-108 .
61- الشورى في الاسلام (ممارسة النيابية) تجرية المملكة العربية السعودية-اعداد : إدارة المعلومات بمجلس الشورى-الطبعة الاولى-1424هـ-2003م-الرياض-السعودية .
62- البيعة في الإسلام تاريخها وأقسامها بين النظرية والتطبيق-دكتور : أحمد محمود ال محمود-كلية الاداب-جامعة البحرين-دار الرازي-منامه-البحرين .
63- الشورى في إدارة المجتمع المسلم وسياسة-رؤية في الإبداع السياسي الاسلامي-محمد مكي عثمان ازرق-رقم ايداع-132-2004م-ئوم درمان-سودان .
64- الاسلام والدستور-توفيق بن عبدالعزيز السديري-وكالة المطبوعات والبحث العلمي وزارة الشؤن الإسلامية والأوقاف والدعوة والإرشاد-الطبعة الاولى-1425هـ-مكتبة الشاملة .
65- شريعة الله لاشريعة البشر-شحاته محمد صقر-دار الخلفاء الراشدين-الاسكندرية-دار الفتح الاسلامي-الاسكندرية-مصر .
66- خلافة الرسول بين الشورى والنص-ملاكز الرسالة-الطبعة الاولى-1417هـ-المطبعة مهر-قم-ايران .
67- حقيقة الشورى في الاسلام-رسائلٌ في السياسة الاسلامية-فضيلة الشيخ العلامة محمد أمان بن علي الجامي-عميد كلية الحديث الشريف ورئيس شعبة العقيدة بالدراسات العليا بالجامعة الاسلامية بالمدينة النبوية-الطبعة الاولى-1426هـ-2005م-دار المنهاج-سعودية .
68- الشورى في ظل الحكم الاسلامي-عبدالرحمان عبدالخاق-20 من المحرم-سنة 1395هـ / الموافق 2 فبراير-سنة 1975م-الكويت .
69- أزمة التعليم الديني في العالم الاسلامي-د. خالد الصمدي, د. عبدالرحمن حللي-الطبعة الاولى-1428هـ-2007م-دار الفكر-ديمشق-سوريا .
70- حقوق غيرالمسلمين في الدولة الاسلامية-دكتور علي بن عبدالرحمن الطيار-ردمك-الطبيعة الاولى-1425هـ-2004م-الطبعة الثانية-1427هـ-2006م-الرياض-السعودية .
71- احكام الزكاة الفطر-ندا أبو أحمد-مكتبة الشاملة .
72- زكاة الخارج من الارض, الحبوب, والثمار, والمعدن, والركاز في ضوء الكتاب والسنة-د. سعيد بن علي بن وهف القحطاني-مطبعة سفير, الرياض-السعودية-مكتبة الشاملة .
73- التنوير ... لا التضليل-مؤمن الهباء-مكتبة وهبة-الطبعة الاولى-1415هـ-1994م-قاهرة-مصر .
74- احكام اهل الذمة (العلمية)-محمد ابن ابي بكر ابن القيم الجوزي-دار الكتب العلمية-الطبعة الثانية-1423هـ-2002م-بيروت-لبنان-مكتبة الشاملة .
75- الجزية في ظل الدولة الإسلامية اليوم-د. حمزة عبدالكريم حماد-مكتبة الشاملة .
76- أضواء على الثقافة الإسلامية-د. أحمد فوأد محمود-مطابع الحميضي-ردمك-الطبعة الاولى-1421هـ-2000م-الرياض-السعودية .
77- اسس الحكم في الشريعة الإسلامية-صالح بن غانم السدلان-الطبعة الاولى-1415هـ-مكتبة الشاملة .
78- وجوب تطبيق الحدود الشرعية-عبدالرحمن بن عبدالخالق اليوسف-مكتبة ابن تيمية-1404هـ-1984م-الكويت-مكتبة الشاملة .

79- الحسبة في الاسلام, أو وظيفة الحكومة الاسلامية-تقي الدين ابو العباس أحمد بن عبدالحكيم بن عبدالسلام بن عبدالله بن أبي القاسم بن محمد ابن تيمية الحراني الحنبلي الديمشقي (المتوفي-728هـ)-دار الكتب العلمية-الطبعة الاولى-مكتبة الشاملة .

80- الحضارة الاسلامية بين أصالة الماضي وامال المستقبل-علي بن نايف الشحود-الباحث في القران والسنة-1432هـ-المكتبة الشاملة .

81- الاعلام بوجوب الهجرة من دار الكفر إلى الدار الإسلام-عبدالعزيز بن صالح الجربوع-24 ربيع الاخر لعام-1422هـ-مكتبة الشاملة .

82- تاريخ الدولة الأموية-دكتور محمد سهيل طقوش-الطبعة السابعة-1431هـ-2010م-دار النفائس-بيروت-لبنان .

83- الدولة الأموية عوامل الإزدهار وتداعيات الإنهيار-علي محمد محمد الصلابي-ولد في مدينة بنغازي بليبيا عام-1383هـ-1963م-مكتبة الشاملة .

84- تاريخ الدولة العباسية-الدكتور محمد سهيل طقوش-الطبعة السابعة-1430هـ-2009م-دار النفائس-بيروت-لبنان .

85- اخبار الدولة العباسية-تحقيق : عبد العزيز الدوري, عبدالجبار المطلبى-دار الطليعة-بيروت-لبنان-مكتبة الشاملة .

86- الدولة العثمانية عوامل النهوض واسباب السقوط-علي محمد محمد الصلابي- -رقم الايداع / 1843- الطبعة الاولى-1421هـ-2001م-دار التوزيع والنشر الاسلامية-2001م-بورسعيد-مصر .

87- تاريخ الدولة العثمانية من النشوء إلى الإنحدار-د. خليل إينالجيك-ترجمة/ د. محمد . م . الأرناؤوط-دار الدار الإسلامي-الطبعة الاولى-2002م-بيروت-لبنان .

88- اسرار الخفية وراء إلغاء الخلافة العثمانية-الدكتور مصطفى حلمي-دار الكتب العلمية-الطبعة الاولى-1425هـ-2005م-بيروت-لبنان .

89- **سۆزی نەتەوایەتی و بیری ناسیۆنالیزم لەتەرازووی ئیسلام دا-عەلی باپیر-چاپی دووەم-1998ز-لێمانی-کوردستان .**

90- **ئیسلامی و عەلمانیەت لەتورکیا-ئیدریس بووانو-لەبەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی سپاردنی (1142) ی پێدراوە-(2008ز)-لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان .**

91- **مستەفاکەمال ئەتاتورك-مەنسور عبدالحکیم-و/ شەویار حەسەن-لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی سپاردنی (782) ی ساڵی (2011ز) دراوەتێ-شوێنی چاپ-چاپخانەی ڕۆژهەڵات-هەولێر-کوردستان .**

92- **عوسمانیەکان لەدامەزراندنی دەوڵەتەوە تاکودەتا بەسەر خیلافەت دا-د. محمد تەقوش-و/ نەریمان خۆشناو و مستەفا سەید مینە-کتێبخانەی ئاودێر-چاپی دووەم-2009ز .**

93- اسرار الانقلاب العثماني-مصطفى طوراني-ترجمة/ كما خوجة-دار السلام للطباعة والنشر والتوزيع والترجمة-الطبعة الراعة-1405هـ-1985م .

94- كيف سقطت الدولة العثمانية-سليمان بن صالح الخراشي-دار القاسم للنشر والتوزيع-الطبعة الالى-1420هـ-رياض-المملكة العربية السعودية .

95- **مێژووی ئێران و تورکیا-دکتۆر ئیبراهیم خەلیل ئەحمد, دکتۆر خەلیل عەلی مراد-و/ بەهادین جەلال مستەفا-چاپخانەی ڕۆژهەڵات-شوێنی چاپ-هەولێر-2011ز .**

96- پوختەی مێژووی ئەورووپا-پرۆفیسۆر جفری برۆن-و/ نیهاد حبیب الله-چاپی یەکەم-2009 .
97- الاسلام وأثره في نهضة الشعوب-محمد عبدالوهاب فايز-الطبعة الثانية-1407هـ-1987م-دار الفضيلة-دبي-دولة الإيمارات المتحدة .
98- فضل الإسلام على الحضارة الغربية-مونتجومري وات-ترجمة/ حُسين أحمد أمين-الطبعة الاولى-1403ه-1983م-دار الشروق-بيروت-لبنان .
99- معالم في الطريق-سيد قطب-دار الشروق-الطبيعة الاولى-المكتبة الشاملة .